

كۆلیل

چاوی خوێنینی شەوەق

چاوی خوێنینی شەوەق



ئە ونە دڵسەردم لەتان وپۆی وجوودم،چون خەیاڵ
پـڕتەوی ئـە ستـێرە ئـەتـوانـێ بسووتێنێ لـەشم
عیشقی دڵ قـاییم لە نێوکـۆشکی بـلوورا نـاکـرێ
بۆنی زەخمی تازە بەرزە،هەروەکووخوێنی گەشم

چاوی خوێنینی شەوەق

○ شیعر:عومەری ساڵحی ساحێب (کۆلیل)

○ ئامادە کردن:سەیدعەبدوڵلای سەمەدی

○ بڵاو کردنەوە:(کۆلیل)وعەبدولباستی کوڕی

○ چاپی هەوەڵ:١٣٧٨/١٩٩٩

○ تیراژ:٣٠٠٠دانە

○ پیت چنی:ئاویەر(سنە)

○ رێکخستنی لاپەڕەکان:ئەییوب گەنجی

○ تەرحی رووبەرگ:سەیدعەبدوڵلای سەمەدی

○ ژمارەی ئیزن ورەزامەندیوەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی
١٣٤-١/١٧٤
٧٨/٤/١٥

○ چاپخانە:چیهری(تەورێز)

تلفن وآدرس پخش ٢۶۵٧٩ سقز

قیمت [redacted] تومان

پێڕست

تۆپی ئەستێرە بێ وشە
لە بێشکەی ئاسمانی شینا
بۆ هۆنراوەم دەشنێتەوە
لە سەر مەوجی پێکەنینا

پێشەکی

هەموو سەرلەبەهاران زەوی بۆش دەبێتەوە و دەنک و چەکەرەی لەژمارنەهاتوو دەکەونەخۆ
دەست لە خاک دێننە دەر و ئاماژەی هەتاو دەکەن. دڵی زەوی وەکوتان دەکەوێتەوە و دار وەهەناس
دەکەون. سروشت بێدەنگی زستان دەشکێنێ و دۆڵی کپ و چیای بێدەنگ بە هاژە و قەڵبەزەی
جۆگە و شۆلاوکەی ئاو سروودی ژیان تێهەڵدەکەنەوە. وەی کە چەند لە یەک نزیکن ژیانی ئێمە و
خاک! چەند لە یەک نزیکن ژیانی ئێمە و ئاو! وەی کە چەند لە یەکدەچن ژیانی ئێمە و چیا
بەسەرهاتی ئێمە و سروشت!

لە کاتێکا چیا دەسووتێ، دۆڵەکان ئاهەنگی شایی دەگێرن و نایەڵن رەورەوەی ژیان بوەستێ، و
کاتێک دۆڵەکان بەسەریەکا دەتەپن، دارستان گەری رەشبەڵەک دەگێرێ و چەرخی ژیان دەخاتەو
گەڕ و ئەو دەمەی دارستان سەردەبڕن، دڵی زەوی دەهەژێ و میلیۆنەها پڕزۆڵەی بە رواڵەت بێدەنگ
پیلانی ژیانێکی نوێ دادەرێژن و خەونی دارستانێکی دی دەڕوێنن. وەی کە چ رادە لەیەکدەچن
ژیانی ئێمە و دار! بەسەرهاتی ئێمە و دارستان!

لە هەموو باخچەیەکی دەور بە پەرژین تەنراو، چی دەڕوێ، باغەوانێکی پسپۆڕ بە دەوریدا دێ:
بەر پێی بژار دەکا و بە هەرەس و کوود و ئاو هێزی وەبەر دەنێ و موتوربەی دەکا و دەستی دەگرێ و
پێی پێهەڵدەگرێ. بەڵام من روەکێکی بێپەرژین لە هەوارێکی تەماوییا دەناسم کە لە ئاوی باران
دەخواتەوە. لەگەڵ بژار دەخەبتێ. لە ئاستی سەرما و گەرما و مڵۆزم و شەختەدا دەجەنگێ. لە
بەرامبەر گژەبا و تۆفانا چنگی لە زەوی دادەگرێ. بەسەر پێوە رادەوەستێ و ناکەوێ. پایزان لە دوای

ەموو روەکێک دەنوێ و بەهاران بەر لە هەموان چاوی هەڵدێنێ. کە سەیری دەکەی، موتوربە ڕاوە بە بێباغەوان، بژار کراوە بە بێدڵسۆژ، کوودی دراوە لە گەڵای وەریوی خۆی و ئاو دراوە بە ەونمی فرمێسکی خۆی. لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و ئاماژەی هەتاو دەکا. تەنانەت چەند ێلانەی خنجیلانەی هەندێ پەلەوەری بچووکیشی لە ئامێزی لک و پۆ گرتووە و بەخێویان ەکات ...

چاوی خوێنینی شەوەق پێنجەمین بەرهەمی چاپکراوی مامۆستا مەلا عومەری ساڵحی کۆلیل»ە، کە دیوانی شیعرەکانیەتی و قسەی دڵی خۆی. ئەم دیوانە سەرجەم هۆنراوەکانی ساڵانی ١٣٤ هەتا ٧٥ی گرتووەتەخۆ کە بە پێی شێواز و پەیام لە سێ بەشی جیاوازدا ڕێکخراون. بەشی هەوەڵ ،و شیعرانەن کە سەرچاوەیان تەنیا هەست و سۆزی شاعیر خۆیەتی. بەشی دووهەم شیعری بۆنە و ڕناسەبەتن، کە وایە لە لاوە دەکەونە نێو ڕووباری ئەم هەستەوە. بەشی سێهەم کە جیاوازیەکی ،واویان هەیە لە گەڵ دوو بەشەکەی پێشوودا، ئەم شیعرە تازانەن کە دەکەونە دوایین کارەکانی شاعیر. یاوازی ئەم بەشە شتێکی ئاسایی و سروشتییە، چونکە شاعیر لە گەڵ چاخ و زەماندا دەڕواتە پێش و ئەم ڵوگۆڕەی زەمان پێکی دێنێ، شوێن دەخاتە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر بە گشتی. کە وایە ،گەر شاعیر بیست ساڵ و سی ساڵ لەمەبەر بە شێوەی دوو بەیتی و پێنج خشتەکی و مولەممەع شیعری ێوتووە، دوایین شیعرەکانی شێوازێکی نوێ و گونجاو لە گەڵ ڕەوتی ئەمڕۆیان بە خۆوە گرتووە و لە ەموو ڕوانگەیەکەوە بە زمانی ئەمڕۆ دەدوێن. لەوەوە دەردەکەوێ «کولیل» لە جەغزێکی بەستراودا ەڵنەسووڕاوە، بەڵکوو لە سەر ڕێبازێکی دروست هەنگاوی ناوە، جاگەیشتێتە هەرکوێ و چەندی لەم ێگایە بڕیبێ، گرینگ ئەوەیە کە وەها ڕێگایەکی بڕیوە.

مرۆی خاوەن ئامانج لە هەر مەنزڵێکیشا بۆ سانەوە دابەزێ و پاشان بە جێی بێڵی و مەنزڵ بگۆڕێ، یسان هەر لە ئامانج نزیک بووەتەوە و هەتڵە نەبووە. بۆیە ناوەڕۆکی پڕ و کاکڵی جوان لە هەرسێک ،شی هۆنراوەکانیدا هەن و گەلێک لەم سەدەفانە کە بیشکنی، گەوهەری نایابی تێدا دەبینییەوە. تەنانەت

له شیعره بۆنه‌کانی ئەم دیوانەشدا دەبینی شیعرەکە دەقاودەق بۆ فلانەکەس یا فیسارەکارەسات نەگوتراوە، بەڵکوو ئەوکەسە یا ئەوکارەساتە کراوەتە دەسمایەی مەبەستێکی تر و تای تەرازووی بە لایەنێکی گرینگتردا قورس بووەکە رووداوەکەی لێبووەتە بەهانە. بۆ نموونە؛کاتێک شیعرێک بە بۆنەی مانگگیرانەوە دادەنێ، تەنیا لەم سووژەیەکەڵک وەردەگرێ و قسەیەکی دی دادەمەزرێنێ و بەرهەمێکی تری لێوەدەست دێنێ:

باکوو هەرکەچ بێ لەگەڵما زەمان — بمچەوسێنێتۆ هەر وەکوو کەوان
شەرەفم نادەم بە سوفرەی رەنگین — رازیم بە دەستی خاڵی و لەتێ نان
تا رۆژێ دەردێم لە ژێر خاک و خۆڵ — چەشنی ئەو مانگەی گیراوە ئەلعان

تەنانەت لەکاتێکاکە قەرزی کەسێکی لە سەر بووە و خاوەن قەرز داوای پارەکەی لێکردووەتەوە، ئەم بۆنەیەی کردووەتە هەوێنی باسێکی تەواوکۆمەڵایەتی و پەنجەی لە سەرگەلێک لاری و ناتەواوی داناوە و هێمای گەلێ نارێکی وکەندوکۆسپی کۆمەڵایەتی کردووە و لە راستیدا وەک ئاوێنەیەک دەرد و ناسۆرەکانی کۆمەڵی خۆمانی نواندووە.

کەڵک وەرگرتن لە بۆنەیەکی زۆر ئاسایی وکەم بایەخ بۆ مەبەستێکی قورس و بنەڕەتی، تای ناوەرۆکی ئەم بەشە لە شیعرەکانی قورس کردووە و لە چوارچێوەی تەنگەبەری بۆنەی رزگارکردووە. بە کورتی شاعیر لە شیعری بۆنەدا، کە پلەیەکی نزمی شیعرە، بە پشتیوانی بیر و باوەڕ و ئامانج شیعرەکەی هەڵکێشاوەو لە پلەیەکی ژوورتری داناوە. لە بەشی دووهەمی ئەم دیوانەدا کەم شیعری بۆنە هەیەکە شاعیر بۆلایەکی تری نەبردبێتەوە و بەرهەمێکی تری لێوەدەست نەهێنابێ. لە پارچەی « خەجاڵەت بێ هەژاری »داکە لە وەڵامی نامەی دۆستێکدا نووسیویەتی دەڵێ:

کە فەرمووتە «خەجاڵەت خۆم»، مەفەرموو — ئەویش با زل نەبێ فیز و دەماری
لە مێژە دەستی دۆستان درێژە — خەجاڵەت دەست و پێی کورتی هەژاری
من و تۆ هەر دوو گرکەی برکەیێکین — برا بڕبوون بە باڵای کوردەواری

دەست کـورتە هـەتا کـوردی وەکـوو مـن   لە هـــەر مـەزرایـێکا شـین بـی بـژاری

یا لە وەڵامی نامەیەکی تردا ئاوا خۆ لە باسی سروشت و بەهار دەدزییەتەوە و دەڵێ:

ئـــەشکی هـــەتیو بـــوو بـە شـەتاو، شـەتاو هـات و رژایـە چـۆم
سـوێری جـەرگی ئـاوی بـڕی، فـرمێسکی روون رووبـاری کـوشت
تـاریکە شـــەو، دەســتی نـــایە بـــینە قـــاقای کـــچی هـــەتاو
فـــێڵی خـــێڵی پـۆشتە و پـەرداخ، بـە تـاشای دڵ شـڕباری کـوشت

کە شیعرە بۆنەکانی شاعیر تا ئەم رادەیە پڕ ناوەرۆک و خاوەن ئامانج بن، دیارە شیعرە نابۆنەکان لە پلەیەکی گەلێک بەرزدان و هونەرێکی ناب و خالیسیان تێدا بەدی دەکرێ.

پێنج پارچەی بەشی سێهەمی ئەم دیوانە ؛راوی وشە ١٣٦٧ ،گوڵی ئاخ ١٣٦٧، باوانەکەم ١٣٧١، قیر و بیر ١٣٧٢ و من و شای پەریان ١٣٧٥ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ شیعرەکانی پێشوویدا، جێ پێی هەنگاوێکی گەورەیان پێوە دیارە. ئەم هەنگاوە، ئاڵوگۆڕێکە لە شێوە دەربڕین و زمان، ئوسلووب و شێواز، هەر بەم پێیەش لە شێوە روانین و بیرکردنەوەی شاعیر.

هەرچەند شاعیر بە رەوتێکی سروشتی گەیوەتە ئەم قۆناغە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوی لە قۆناغی پێشووی هەڵبڕێ. هەر بۆیە لەساڵی ١٣٦٧ هەتا ٧٥کـە مـاوەی لە دایکبوونی ئـەم پـێنج پـارچـەیە، بەیناوبەین گەڕاوەتەوە و دە پارچە شیعری تری لە سەر هـەمان شـێوەی پـێشوو دانـاوە. بـەڵام لەم دە پارچەیەشدا، کە رواڵەتیان چۆتەوە سەر ئەوانی پێشوو، شوێنی هەنگاوە تازەکە لە ناوەرۆکدا دیارە. بەڵگەی ئەم رایە پارچە هەڵبەستی فێڵی خێڵی پۆشتە و پەرداخ ەکە لە ١٣٧٥ دایناوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کۆلیل دەوڵەمەندییە لە وشـەی رەسـەن و پـەتیدا. ئـێمە ناچارین لە بەدیهێنانی هەرچەشنە شـوێنەوارێکـی ئـەدەبی، هـونەری، لێکـۆڵینەوە و زانستی و ... دا هۆشێکمان بە لای زمانەکەمانەوە بێ. قەڵەم بە دەستەکانمان سەرەڕای نیازی هێنانەدی بـەرهەمێک، دەبێ هەوڵی کۆکردنەوە و دەکارکردنی وشەی رەسەن و خۆماڵی و رێنووسی یەکدەست و بژارکـراو

بدەن. بە داخەوە لەم دیوانەدا لە رێنووسێکی پەسند و بێهەڵە کەڵک وەرنە گیراوە. لە زۆر جێگە «واوی عەتف» بە وشەوە لکاوە، کە راست نیە. هێندێ وشە کە ئەشیا لە یەک جیا بنوو سرانایە، بەسەریەکەوە نووسراون، وە بە پێچەوانە، هێندێکی ترکە باشتر وابوو بە سەریەکەوە بنووسرێن لە یەک هەڵبڕاون. بزوێنی «و» کورت و درێژ وا هەیە وەبەر چاو نە گیرابن. هەر وەها رێنووسی هەندێ وشەی عەرەبی پەیرەوییان لە ئیملای کوردی نە کردووە و هەر بە ئیملای عەرەبی نووسراون. هەڵبەت وا ڕێک نە کەوت کە بتوانم سەرپەرشتی تایپ و پیت‌چنینی شیعرەکان بکەم، بەڵام هیوام وایە کە هات و بەختی چاپێکی ترمان بوو، ئەم تانەیەش لە سەر ئەم چاوە خوێنینە نەمێنێ. بەڵام لە لایەکی ترەوە، وشەی رەسەن و پەتی ئەم دیوانە تەواو قورس و پڕ بەهرەیە. شاعیر بەراستی راوی وشەی کردووە و لەم راوەدا گەلێک شارەزایە. لەسایەی کوێرەوەری و گەڕان و هاتوچووی زۆرا، هەگبەی لە وشەی لەگوێن تەڵای دەسەوشار ئاخنیوە و هەریەکە تەواو لە جێی پڕ بە پێست دەکاری کردوون:

وەک مسقاڵە زەڕڕە، وشە وردیلە بێ، پەیکی هەواڵ
پەیدای نەکا، زەڕڕەبینیی دیدەی ئەوین تیا دەکا ماڵ
هەرچەن وشە، تاقانە ماسیەکی بەحری بێبن بێ
پەیتا پەیتا خۆی وەشارێ، باوەگەورەی سەغریجن بێ
هەربووڵەکەیەکی رەمزێ، بۆ قایم بوون لە تۆ و من بێ
دەبێ بۆ چەشەی قوللابی هەڵبەستەکانم نەوسن بێ...

وشەیەک کە نووسەر یا هۆنەر دەیدۆزێتەوە و لە بەرهەمی خۆیدا دەکاریدێنێ، دەتوانێ لە مەیدانەکانی رۆشنبیریماندا کەڵکی لێوەربگیرێ و زمانەکەمانی پێدەوڵەمەند بکرێ. بۆوێنە؛ کۆلیل لە ناوچەیەکدا وشەی <u>شوارۆ</u> دەبیسێ کە لە بەرامبەر <u>نبض</u>ی عەرەبیدا بەکار دەچی. بایەخێکی تەواوی پێدەدا و لە شیعرێکا کەڵکی لێوەردەگرێ. «بەدەستی تۆیە شوارۆی تازە یاکۆن»، ئەم وشەیە دەتوانێ بچێتە ریزی زاراوەکانی پزیشکی و کەلێنێک لەوێ پڕکاتەوە. بە تایبەت کە فەرهەنگە کوردییەکان جگە لە «فەرهەنگی مەهاباد» هیچیان بەلای ئەم وشەیەدا نەچوون. تەنانەت «کۆڕی زانیاری کورد» یش لە

لیستەی زاراوەکانی زانستی خۆیداکوتەی بۆ «نَبض» داتاشیوەکە بە هیچ کلۆجێک هاوسەنگ و پڕ بە پێست نیە. گریمان هاوسەنگیش بێ، دیسان لە جێیەک وشەی ئامادە لە زماندا هەبێت، پێویست بە داتاشین و سازکردن نیە.

دیوانی «کۆلیل» سەرەڕای ناوەرۆکی پتەو، هەستی ناسک و خەیالاوی، بیرو باوەڕ و ئامانج، خۆی فەرهەنگۆکێکی وشەی رەسەنیشە.

لە مانە هەموو بترازێ، ئەم دیوانە و دیوانی شاعیرانێ وەک ؛ مەلاکەریمی فیدایی، سەییدمحەممەد تاهیری هاشمی، شپرزە، ئاوات، حەقیقی، خاڵەمین، ... لەم روانگەوەکە بەرهەمی دوایین ریزی شۆڕەسوارانی ئەدەبی کلاسیکیمانن، رێز و حورمەتێکی تەواویان هەیە و بە چاوی نوێنەری قۆناغێکی ئەدەبیمان دەبێ لێیان بڕوانین.

سەید عەبدوڵڵای سەمەدی

مەهاباد ۱۳۷۷

بەشی یەکەم

گازه

خوا ئەی نووری گسیانی بێهەتاوم
خوا ئەی گەنجی بێحەدد و حەساوم

ئیلاهی ئەی پەناهی دەردمەندان
چرای شەوگاری تاری موستەمەندان

گونا باری فەقیری بێنەوا من
نەخۆشی دەردەداری بێدەوا من

بە ئاهی ئاورینی عاشقانە
بە ناڵە و شین و گریانی شەوانە

دەسم بگرە بەجێ ماوم بەجێ مار
نەجاتم دە، لەگوڕم و تۆفی سێڵاو

ئیلاهی ئەی چرای ماڵی دەروونم
تەوەژمی حاڵی سەردی تەفرە چوونم

بە تۆ بەرپایە، هەرچی بوو، بە هەستی
لە خوار و ژوور و باڵا و نزم و پەستی

ئەگەر چی من لە رێ بێزەین و کوێرم
بە شەڕ فێر و، کنارەگر لە خێرم

وەلێ تۆ سورمەکەی چاوی ئەوینی
پەنای بێداڵدەکانی سەر زەوینی

خــوا ئــەی عــەتر و بــۆی بـاغی بـەهاری
پــەڕ و بــاڵی کــەوو قــومری و قــەناری

لە خــاک و خــۆڵی ئــەم مــاڵەم وە دەرنــێ
لە شـــەونم روونتــرم تــاجێ لە ســەرنێ

لە چــاڵی خـــۆ پــەرستیم دەربــهێنە
غــەمی خـــۆمم هــەتا هــەم لێبســێنە

ئــیلاهی تــان و پــۆی گــیانم چــڕاوە
لەگش لا، غــەیری خــۆت دەســتم بــڕاوە

خــوا، ئــەی بــۆ ئــەوینم ، نــوری گیانی
خــوا، ئــەی ســروەکــەی ، کـاتی بـەیانی

دڵــم زیـــندو بـــە یــادی تــۆوە مــاوە
ئــەگـــینا ئــەسڵی ســەرمایەم نــەماوە

لە بـــەر بـــاری گـــوناحان تـــاڵەکـــامم
لە شــەکــری لوتفی خــۆت بـڕژێنە جـامم

ئەگـەرچـی مـەستی دەسـتی نـەفسی پـەستم
وەلێکــن خــۆت ئــەزانــی حـەق پـەرەستم

بـــە نـــووری تــاعەتت رۆشــنکە مــاڵم
بــە تـاریکی بـە سـەر چـوو مـانگ و سـاڵم

هــــەموو گــیانم ســوواوی ئــێش و دەردە
دەروونــم هــەر وەکــوو زســتانی سـەردە

ئـــيلاهی مـــن یـــەکـــێ شـــەیتان هـــەزارە
تـــــەمەننای نـــــەفسی زاڵـــــم بــــێژمارە

خــــــواوەنــــنا لە دەســـتمدا ئـــەوەی بـــووم
ئـــەوا ئـــێستە مـــن و خـــێڵی شـــەڕ و شـــووم

بـــــە دەرگـــــای تـــۆ پـــەنام هـــێناوە ئـــاوە
کــــــــە تـــــاوی دژمــــــنانم پــــێنەماوە

بــە ئـــەو هـــیوایـــە تـــۆ زاڵـــێ نـــەزەرکەی
لە دەســـتی نـــەفسی ئـــەممارەم وەدەرکـــەی

گـــــرێ کـــــۆڵەی ژیـــــانم بـــۆ بکـــەیتۆ
شـــەڕی شـــەیتانی دووم لی دوور بـــخەیتۆ

دڵـــــە نـــــائاشناکـــــەم ئـــــاشنا کـــــەی
لە زەنـــجیری هـــەوەس گـــیانم ڕەهـــا کـەی

خـــوا ئـــەی ڕاخـــەری فـــەرشی گـیا و گـوڵ
کـــوڵ و ســـۆزدانـــەری نـــاو نـــاخی بـوڵبوڵ

خــــوا ئــــەی ڕاگـــری ئـــاسمانی ئـــاوی
خــــوا ئـــەی دوور لە نـــەقس و نـــاتەواوی

بـــە عـــیشقی عـــاشقانی مـــەست و بـێهۆش
لە بادەی دەستی تۆ، مەی نۆش و سەر خۆش

بـــە قـــەترەی خـــوێنی گـــوڵڕەنگی شـــەهیدان
بـــــە بـــــانگی پـــڕ لە هـــیوای نـــائومیدان

بـــەوانـــەی ئـاشنای مـەرزی سـنوورن
لەگـــەڵ نـــاشارەزائـــیدا بـــە دوورن

بـە ئـایەت ئـایەتی قـورعان و شـەرعی
بـە بـێخی ئـەسڵ و پـۆپە و بەرگو فـەرعی

بـە سینەی پـڕ لە خـۆسپەی دەردی دۆست
بـە پـۆسی بـێشەقاری تـەپڵ و كـۆست

لە رووما دەركـی رەحـمەت ئـاوەڵاكـە
بـە دڵ ئـیمان و دیـنم بـێبەڵا كـە

لە هـەر كـوێ سـۆزی عـیشقی بێ لە پـێدا
سـەر و مـاڵم بسـووتێنە لە وێـدا

وەهـا بـاڵی ئـە ویـنم بـۆبكەی سـاز
بـەرەو تـۆ هـەڵفڕێتو، بـێتە پـەرواز

لە خـەونم راپـەڕێنە تـا نـەمردووم
خەوی غەفڵەت شـوعوور و هـۆشی بـردووم

شـەوی تـارم بـە هـیوای سـوبحی تۆیە
ئـەگـەرچـی شـەو درێـژەو هـەر بـە سۆیە

ئـیلاهی رووتـەڵ و خـەستە و نـەخۆشم
بـە بـەرگی تـۆ، مـەگـەر خـۆم دابـپۆشم

لە دڵ مـانووم لە ژێـر داری گـرینا
بـە دڵ دەركـە، لە پـای چـەشمەی برینا

هەر ئەو زەخمەی لە خوێنی، گـوڵ دەپشکـێ
دەروونـم تـاسەکـەی بـە شکـێکوبشکێ

مـوناجاتی شـەوانـەم پـێ عـەتاکـە
بـە ئـیکسیری عـیشق دەردم دەواکـە

بـە ژانـی خـۆشەویستیم مـوبتەلاکـە
لە ئـەورێدا لەشـم کـێڵگەی بـەلاکـە

ئـیلاهی دڵ خـەمینی بـێ ئـەوینیم
دەڵـێی ئـەو جـیا لە ئـەمن و مـن لەوی نـیم

کـز و (کـۆلیل)ی کـەسری مـەیلی لەیـلم
ئـەمن ئـاوارەکـەی حـاچەو دو جـەیلم

دەسـا تـۆ حـەققی والد، بـەشق مـەولوود
مـحمّد احـمد و مـەسعوود و مـەحموود

بـە نـاوی ئـەو کـەسەی گـیانی رفـانم
وەکـوو کـارگێ لە عـەرزی هـەڵ کـفانم

بـە ئـەو جـەمعە کـە نـالآنی شـەوو رۆ
بـە زەبـری خـاڵو شـمشێری دو ئـەبرۆ

بـە وەی وا قـەلبەکـەی عـەرشی بـەرینە
گـوڵ و بـاڵی فـرشتەی بـو سـەرینە

لە رێـزی قـەومی دڵـدارم حـەسێوکە
لە خـێو گـیانی ئـەویندارم بـەخێوکە .

ئاواتی ئەمەل

له ئـاسۆی مـه‌ککـه‌وه ئـه‌و شـه‌و هـه‌تاوێ، تینی به ژیاندا
له واتـه‌ی گـه‌رمی گـرشه‌ی، کـێ دواوێ، لاڵه له زماندا

هـــه‌تاو و مـــانگ و ئـــه‌ستێره، له روویـــا بێ شۆڵه ده‌مێنن
هـه‌تا مـاون وه‌کـوو شـێتێ بـه دوویـا هه‌ر په‌ل ده‌وه‌شێنن

که‌سێ چـاوی هـه‌ڵێناو هـاته نێو سـه‌ف، ئاواتی ئه‌مه‌ل بوو
په‌شۆکـا یـۆسفی مـیسری، له جـێ کـه‌ف، ده‌ستی دڵی په‌ل بوو

چڵه‌ی چاوی شه‌وی تـاریک و ره‌ش بـوو، ئه‌م تۆپی زه‌مینه
عه‌یاری زێڕی هه‌ر پـڕ غـه‌للو غـه‌ش بـوو، بێ شاهی مه‌دینه

زمـــانی کـــۆڵه، ده‌م دووراوه، هـــه‌ڵبه‌ست، ئه‌ی ره‌حمه‌تی باری
به شیعری سارد و سڕ، پێت ناگه‌یی هه‌ست، تۆگیانی وتاری

له ســـــه‌ر (اُمّ القـــرا) تـــه‌یری هـــه‌واڵـم، هه‌یهاته سه‌ماکا
تـــــه‌مایه‌ر ئـــه‌حمه‌ده کـــۆتری خـــه‌یاڵم، دانه‌ی به ده‌ماکا

له ده‌وری خۆر زه‌وی هـه‌ر خـۆ ئـه‌گـێڕێ، وه‌ک تاقمی مه‌ستان
له خه‌تتی نووری تـۆی چـون پـێیه دێـڕێ، قه‌ت نایه‌ته وه‌ستان

له ڕێگەی زوڵفی تارو پەرچەمی تۆ، شەوکردی شەوارە
نەبوو میوە کە شیرین وەک دەمی تۆ، خۆی‌دا لە قەنارە

لە لێوت چەپکە چەپکە گوڵ بووە شین، لەو ساتەوە بۆیە
لە ناخی بولبولاً هەر شینە یاسین، هەر ناڵەیە، ڕۆیە

بەهاران دەشت و دەر کاکی بە کاکی، مزگەوتی گوڵ و گیان
وشەی پاکت دەکەن پێشکەش بە چاکی، پاکی بە دڵ و گیان

بە دەستی تۆیە شوارۆی[1] تازە یا کۆن، ڕوانیمە لە (لەولاک)
(نفختُ فیه مِنْ روحی) لە بەر تۆن، کردی بە بەشەر خاک

وشەی شایەی ئەوینی وای بە لێوۆ، نەبوایی لە وێوۆ
بە هەر دو زەرد و وەرد و پەرد و کێوۆ، چی ڕۆژە بە شێوۆ

بە میوەی پڕ لە تام و بۆی بە هێوۆ، هەنجیر و ترێ‌وۆ
بەبێ نێو بە نێو مێوو سێوۆ، چی شارە بە دێوۆ

نەبوون، هیچێ نەبوو نەک هەر ئەوانەی، بوون گشتی لە بەر تۆن
خودا نیت، عیللەتی غائی و بەهانەی، بۆ تازەوو هەم کۆن

مەلایک گوێ بە فەرمان و ئیشارەت، ملیارە بە چین چین
کەسێ بیبێ لە هەستیدا سەدارەت، خاقانیی چین چین؟

١- شوارۆ: نەبض

بــه ئــیعجازت بــنازم ســەروەری دیـن، خوسرەو لە عەجەمدا
بــه نــاشیرین دوابــوو، تــۆ بــه شیرین، جەرگت لە قەڵەمدا

نــەچڕیا تــاڵی جــاڵجاڵوکە، بـۆ کـەس، تا بوو بە مەتاڵت
بە کوێری چاوی دژمن بوو بـه چـاو بـەس، کۆتری بەری ماڵت

خودا ئەو کـاتە تـۆی فـەرموو بـه سـەردار، زاڵم دڵی تۆقی
سەری خوێن ڕێژو ناحەق چوونە سەردار، بەو دارەوە چۆقی

کـــه هــاتی زۆر و زەڕ کـــەوتە نـــەهاتی، زانین بووە یاسا
حەکـۆ بـوو شـەرعی بـوو جەهلی بـەلاتی، تا سا دەمی پاسا

دەمێ بوو دیل و کۆیلە و کچ ڕەش و سوور، بێبارە لە ژین بوون
ژیــانێ پــڕ لە تــاڵی و بـێسەفا و سوور، لەش پارە بە قین بوون

کول و کـوڵ بـوونەوە بـڕیان بـه دەس تـۆ، شمشێر و دەس و زار
ئــەوانــەی وا درێـــژ بــوون بـۆ قـەلاچۆ، بۆ زاڵمی زۆردار

سـەرت هـەڵبێنە ئـێستەش یـا مـوحەممەد، بڕوانە وەڵێ ورد
بـــه سـینەمدا مـەدە تـۆ خـوا دەسـی ڕەد، وەک بەختی گەلی کورد

وەرە بـــــڕوانـــە زاڵــم وەک لەمــەوپێش، هەر فێرە بە بێ‌هێز
گـــەلێ ڕاوچــی لە بـۆ ئـاسکێکی دڵـڕێش، نیشتوونەتە پارێز

وەرە ئێستەش لە دوو گوێ دەنگ ئەداتۆ، قیژەی ژن و منداڵ
سەدای شیوەن لەسەر نەزمی هەوای رۆ، بێدارە لە هەرماڵ

تەرانەی نەرمەلاوێنی هەتیوان، هاواری سوخۆومیک
بە هۆی هەورەتریشقەی عیلمی ئینسان، عالەم بووە تاریک

وەرە ئێستەش گلێنەی چاوی رەنجۆر، میوەی خەمی ناسۆر
وەرە زەڕ باوەڕان ئێستەش جەم و جۆر، هەر خۆرەن و خوێن خۆر

وەرە ئەوسا ئومەییە هەر یەکێ بوو، ئێستاکە هەزارە
وەرە باکوو بزانی چۆمی یەرغوو، زووخاوی هەژارە

لە سینگمدا بلووری دڵ بەرۆ بوو، قلمۆبوە سەبری
شەویلەی حەق وتن لە گرێجەنە چوو، نانا، چوەقەبری

وەرە ئێستەش ژن و شوو کەچ لە رێگان، فەرمانبەری شەیتان
تەنووری داخی شەهوەت زۆری سووتان، منداڵی بەسە زوان

وەرە ئاخر فەرەنگ و رووس و سەهیۆن، سەد، دامن و (سەددام)
وشەی زەختە و زەرەر، رووخاندن و مۆن، بۆ میللەتی ئیسلام

وەرە بیبینە شەڵغەی ناوی جەنگی، گورزی دەسی ئیبلیس
لە سەر قەلبی خەلیجم بوو بەسەنگی، ئەمریکی و ئینگلیس

سکـــالأی قـــرچـه قـرچـی زامـی سـەردەشت،   لەو بۆمبە کەسیفە
کە تا سەر پـێشە گـیانی خـەڵکەکـەی چـەشت،   ئەو خەڵکە شەریفە

سکـــــالأی ئـــــەو هــــەموو دیــق و فــجووقە،   ئەو هەمووە پەژارە
سکـــــالأی ئـــــەو هــــەموو تــۆقلە و بــلووقە،   ئەو هەمووە خەسارە

بە لای تۆ ئەی موحەممەد(د.خ) نوێنەری حەق،   زەبرێ بەلە شۆفار
(عـومەر) کـاتێ شـەوی رەش بـاتە بـەر شـەق،   (کۆلیل) نییە ئەو جار

بە هۆی لەدایک بوونی حەزرەتی رەسول (د.خ)
لە بەرواری دوانزەی (ربیع‌الاول)ی ساڵی ١٣٦۶ای هەتاوی

تاریكی تارا

الله اكبر تاریكی تارا
بوو بە دەریای نوور مەڵبەند و سارا
نەغمەی سەرمەدی لە ناخی نوورا
دەنگی دایەوە لە خوار و ژوورا
الله اكبر رۆحی لە دەس چوو
خوا گیانێ تازەی پێ‌عەتا فەرموو
لە گوێسوانی لێو تەیری پێكەنین
كردی هێلانەی واژەی هەورێشمین
الله اكبر جەزبەی شەوق و شوور
روو بە عەرشی خوا دەمبا بەرەوژوور
لە سەر شەقام و رێگەی عبوورا
كەوتمە مل گەنج و خەرمانی نوورا
گەییم بە شارێ پڕ لە عەتر و بۆ
پڕ لە بلوورین كۆشكی سەر ئاسۆ
بە هۆنەی باڵی مەلی مەوجی هۆش
سەدای فرشتەی عەرشم هاتە گۆش
لە سەفا و مەروەی حەجی دڵبەرا
زەمزەم دەبینم لە نێو كەو سەرا
بە قەستی تەواف كوڵم و خەت و خاڵ
كۆترە نەخشینە دای لە شەقەی باڵ

نــــەکــا خـــەياڵم بــمرێ لە ســـوێدا
بـــاهات و چـــۆکـــا، بــێره و بە وێـدا
الله اکـــــبر هـــــيوای لە دەس چـــــوو
خوا گـيانی تـازەی پـێ عـەتا فـەرموو
هاژەی شەپۆلی بـەحری شـۆڵەی خـۆر
کەردەکا دوو گـوێی خـێڵی زڵـم و زۆر
ئەم شەو بە راسـتی مـەحشەری نـووره
لە جـنەی دیـدار و جـەشنی حـوزووره
دۆس لە يـــانەکـــەی ئـــوممەهانیدا
دەبـــێ حـــازر بـــێ لە مـــیوانـــیدا
بە سواری بـۆ راق تـاجی دیـن لە سـەر
دەعوەتی حـەقە، ئـەحمەدی سـەروەر
پــەری پـەلەپەل قـامکی خـۆی گـەزی
تــا بــیستی جــارِی (سبحان الّـذی)
ئـــــیتر ئـــــاواتـــی نـــەما ســـەماوات
(لَـيْتَنی کـنْتُ (تراب)ەی جـێ هـات
الله اکـــــبر لەو ســـــفره و خـــــووانـــە
لەو ریـز و حـورمەت بـۆ ئـەو مـیوانـە
بـــــاڵی مــــەلایک چـــەتر و ســێبەری
پــێشکەشی بـــاڵای، حـوکمی رێـبەری
بــە دۆســـی فـــەرموو دڵ رفـێن دڵـبەر
لە سەر ئیزنی من بـووی بـە پـەيغەمبەر
چــیم لێ داواکـــەی درێــغی نـــاکـــەم
من کانی کەرەم، سـەرچـاوەی چـاکـەم

الله اکـــــبر لەو گـــــــفتوگۆیە
پـــڕ لە ئـــاهەنگ و نـــەزم و شکـــۆیە
خـــوایـــە دەروونـــم بـــەحری خـــەمانە
ژیـــانی فـــــەقیر بـــــەرەو نـــــەمانە
وەخـــتێ ئـــەبینم بـــەرقی ئـــەشکی ئـــاڵ
لە گـــۆشەی چـــاوی کـــیژی کـــرچ و کـــاڵ
وەخـــــتێ ئـــــەبینم ژنـــــێ بـــێچارە
شـــــەپۆلی نـــــیگای پـــڕ لە هـــاوارە
وەخـــــتێ ئـــــەبینم تـــاسە لە نـــاخا
بـــە چـــەشنی بـــلوور دەشکـــێ لە داخـــا
وەخـــــتێ ئـــــەبینم پـــۆلی گـــولاڵان
بـــە دەســـتی هـــەرزە دەڕوا بـــە تـــالاڵن
وەخـــــتێ ئـــــەبینم دایـــە بـــۆ رۆڵـــە
دڵ لە دەرونـــــیا دەبـــــێ بـــــە کـــۆڵە
وەخـــــتێ ئـــەبینم جـــوانـــێ نـــاکـــام
بـــۆ تـــیکە نـــانێ دەبـــێ بـــە غـــولام
وەخـــــتێ ئـــەبینم ســـومییەی هـــەژار
گـــیرە بـــە مـــەکـری ئـومییەی لاســـار
وەخـــــتێ ئـــــەبینم شـــەللاقی زۆردار
لە چـــــینی بـــێزۆر دەردێـــنێ دەمـــار
هـــــیچم لێت نـــاوێ رێ نـــوێنم بـــە
دەسگـــــیری کـــاری دڵ تـــەزێنم بـــە
مـــەگـــەر لوتـــفی تـــۆم بـــێ لە پـــەنادا
ئەینا ئـەم چـەرخـە، رێ بـە خـۆم نـادا

الله اكـــــبر لەم تـــــەمەننايە
لەم شـــفا و لاڵـەی شـــابۆ گـەدایـە
چـــەشنی هـــەناسەی دەمـــە و بـــەیانی
ژیـــــان ئـــەچۆرێ لە ســـەر لێـــوانـــی
کـــــەسێ ئـــــەمینە ســـینەی لە کـــینە
دیـــــــارە (رحـــــمةً لِـــلْعٰالمین)ە
الله اكـــــبر زوانـــــم چـــــەن کـــــۆڵە
مـــــێشکم لە بـــاس و تـــاریفی چـــۆڵە
خـــوا کـــە خـــاوەنی ئـاسمان و ئـەرزە
فـــــەرمویە پـــلە و پـــایەکـــەی بـــەرزە
جـــەماڵی هـــەستی یـەک زەررە نـووری
هـــەر زاتـــی حـــەققە کـــەوا لە ژووری
(کـــــۆلیل)م دەروون پـــڕ لە کـــەسەرم
شـــاباشی دۆس بـــێ شـــیعر و هـونەرم

قەڵا رێحانە ١٣٤٦ای هەتاوی بەڵام لەم دوابیانەدا کەمێ دەسکاریم کردووە.

خـۆزگـه

خــۆزگه وەكـوو پـەروانـە، بـە كـۆڵی گـوڵەوە
خــۆزگه وەكـوو شـەونم بـە كـراسـی چـڵەوە

خـۆزگه وەكـوو خـەم، گـۆشەنشینی دڵـەكـەم
خۆزگه وەكوو سـۆزێ بـە گـەرووی بـوڵبوڵەوە

خۆزگه وەكوو ئـیلمەی بـەنی تـەونی نـەتەوەم
خۆزگه وەكوو ئەو خوێنە بەرووی سـومبوڵەوە

خۆزگه وەكوو ئـەو شـۆڵە بـە گـۆنای شـەمەوە
خۆزگه وەكوو ئـەم خـۆزگه بـە نـاخی دڵـەوە

خۆزگه وەكوو ئـەو خـاڵە لە پـاڵی دەمـەكـەت
خــۆزگه وەكــوو داوێ بــە دوپــێی قـاتڵەوە

خۆزگه وەكـوو ئـەو شـانە بـە شـانی سـەرەوە
خــۆزگه وەكــوو چــاوزیتی بــە یــاساوڵەوە

خــۆزگه وەكـوو شكـیانی دڵـی مـن بـەڕەمت
خــۆزگه وەكــوو ئـاهوو بـە ڕەوشـتی سـڵەوە

خــۆزگه وەكــوو ئــەو نـاسكییە وا بـە مـووۆ
خــۆزگه وەكــوو ژیـری بــەسەری عـاقڵەوە

خۆزگە وەکوو رووتی لە رەمەق روومەتی خەو
خـۆزگە وەکـوو ئـەو کـینە بـە سینەی مـڵەوە

خـۆزگە وەکـوو زەنگـی بـە رواڵـەی رەشـەوە
وەک بــەزمی هــەژارێ، بـە کـەوایـێ کـوڵەوە

رۆژێ (عــومەر)یش گـوم ببووایـە لەشـەوی
خـــاڵی رەشـــی تــۆدا، بــە دڵــێ مــاتڵەوە

خۆرەی خـەمی شـەوگاری جـودایـی ئـەجەلە
تــۆ خــوا وەرە لام وادەچــمە ژێــر گــڵەوە .

دیواندەرە پووشپەڕی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی

ئەوکی شعوور

وەی وەی لە هەناسەی دڵی من، چەن بە کوڵە
هەی هەی کە پەژارەی خەمی تۆم چەن لە دڵە
دەی دەی بە نقێمی بەری مووررووی ملەکەت
پەی پەی بکە داخم، کە لە رەنگی سکڵە

✣ ✣ ✣

مەس مەس چییە؟ هەر دێیو دەچی، دڵ دەسوی
یەس یەس، بە زمانی بەریتانی دەدوی
خەس خەس، قوڕی کوێ بێنم و بینێم لە سەرم
کەس کەس نییە کورد بێ و بە دڵم بێ بە دوی

✣ ✣ ✣

یەک یەک نەبێ وەک تۆ، بە حەریفم نەبوو کەس
دەک دەک لە بڕۆی تۆ، بە خودا قودرەتی هەس
چەک چەک بووەوە گەرچی لەشم چش، لە مەڕا
تەک تەک مەکوژە، راێی بە نەو، کەڕتێ بە یەس

✣ ✣ ✣

دەم دەم نییە، زەمزەم بە بزەت، دێتە وزە
کەم کەم نییە، عالەم بە وزەت، کەوتە بزە
ژەم ژەم کە نەبینێ منی ئاوارە دەمت
دەم دەم نەفەسم دێت و دەچێتن بە دزە

✣ ✣ ✣

قەف قەف بخەیە قۆڵ و ملم پەرچەمی کاڵ
گەف کەف لە دەمی بێو، بە جنێو بیکەیە گاڵ
سەف سەف دەبەسم باڵی خەیاڵاتی خراو
ڕەف ڕەف نەفڕی، وەک دەفڕم من بە خەیاڵ

❖ ❖ ❖

فلفل کە لەلایە لە حەنای خاڵی ڕەشت
بلبل فڕی نایە لە پەنای کوڵمی گەشت
چل چل لە گوڵیشی بە دەمۆ پێ بکەنێ
پل پل پەلی کەن، تاکوو بەری بێ لە بەشت

❖ ❖ ❖

کز کز دەکەوێ لێوی خەیاڵم، کە لەڕووت
دز دز دەکەوی لێی و موژەت هەردو بە جووت
چز چز بەدڵی‌دا دەچەقێ، رادە چەنێ
خز خز دەخزێ، پێی دەشکێت و سەر و لووت

❖ ❖ ❖

وڕ وڕ لە بەری پێت دەکەوێ، عەتری چنوور
گڕگڕ لەمەری سینەکەتن، مەشخەڵی نوور
پڕ پڕ لەخەمی رووتە دڵم، وا دەڵە بوو
شڕ شڕ بە هەنسکم بووەوە، ئەوکی شعوور

❖ ❖ ❖

لەق لەق بە دەنوک چۆن دەتەقێنێ گڕ و گۆڵ
تەق تەق بتەقێنی لە دڵم، تیری مژۆڵ
هەق هەق کوتن و دەس خۆش‌و ئەحسەن هەقمە
شەق شەق شەقیشم کەیت‌و کەلاکم خەیە چۆڵ

❖ ❖ ❖

خش خش دەخشێتن کە هەیاسەت لە کەمەر
کش کش وەکوو بێژی بە مەلی گیانی (عومەر)
چش چش لە قەوارەی لەشی بێچارە دەکا
فش فش هەڵەوەستێ بەدەنم، مات و کەسەر

سنە بانەمەڕی ١٣٦١ای هەتاوی

گۆم تا قووڵ تربێ مەلەی خۆشترە

ئـاوابـوون رۆژێ رۆژکـردی بـە بـاو بوو بەشەوەزەنگ
کە رۆژی رووی تۆی هێنایە بەرچاو سەری دای لە سەنگ

هـەنگێ لە بـاخی جـەماڵت، ئـەگـەر سەربدا جارێ
لە دووکەڵی مۆم تـا رۆژی مـەحشەر گولاو دەبارێ[2]

جوانی لە رووی تـۆ، خـۆی رازانـەوە پەری و حۆری چوون
کـە تـۆیان بـینی بـەم سـامانەوە لە داخا گوم بوون

جـیرانت نـەبوون کـارمامزو[1] کـەو، حەیرانم، حەیران
لە کێوە فێر بووی؟ وەک خەیاڵ وخەو بەلەنجە و سەیران

چونکە شیرین نین، وەک دەمت مـیوە هەموو بە جارێ
بۆخۆ خـنکاندن خـۆی هـەڵواسـیووە هەریەک لەدارێ

لە ئـاڵی لێـوت، لە شـەرمی چـاوت نێرگز و یاقووت
خەجاڵەت بـارن لە حـەیف و تـاوت هەردوویان بەجووت

١- بێچوە ئاسک

٢. - ئەم شێعرەم لە فارسیەوە وەرگێراوەتەوە.

دەڵـێن کـە زەنگـی واتـە قـوڵەڕەش، بێ بەشە لە ژین
چەوساوە بـە دەس پـۆلی سـپی‌لەش ئەی زوڵفی تۆچین؟

مەگەردوو ڕەشمار لەسەرمانگی ڕووت پەپکەی نەداوە؟
لەوێـدا سپی، بە هـۆی ڕەش و ڕووت ڕەش هەڵگەڕاوە

لە خواری گـەردەن، لە ژووری سـینە، وەها چاڵێکە
هـــەناسەی وشـــە لەوێ بـــێ‌تینە یا مناڵێکە

بۆیە دەگەڕێن هەموو کەس بـۆ مـانگ لە سەر مانگی نۆ
چوونکە دەزانن ڕوونەو بە نێو بـانگ وەسە ئەبرۆی تۆ

دەروونـــم خـــەمی هـــەڵبژاردووە بە خەم سەر خۆشە
پـــەیامی بـــۆلای زوڵـــفت نـــاردووە بۆیە ڕەش پۆشە

لە سافی سینگت، پای خەیاڵ ئەخزێ شەل و بێ‌حاڵە
پشکۆی نەتوانین بـە دەمـیا ئـەچزێ تا مەحشەر لاڵە

مەندیلی[1] قەندیل یا خۆ چـل‌چەمە، سەرد و داماون
چۆن بە سـپیەتی ئـەو کـوڵمە شـەمە ناگەن و ناون

١- مێزەر

گەر دەڵێم هەنار یا جووتێ سێوە		ئەو جووتە مەمە
یا خۆ دوو قوببەی زێوەر و زێوە		لام وایە زەمە

مەتەڵێ باوە بزوینی جیوە،		دەزانی بۆچی؟
لە رە و بزوینی کەمەرتی دیوە،		لەو کریا گۆچی.

تا دەم دەکەیتۆ بۆوتە و بەیان،		دڵ دێتە زاری
وەک سۆزی گەرووی شمشاڵی شوان		لە کوردەواری

بۆنی گوڵاڵە دائەچلەکێنێ		بۆنی هەناسەت
کولمت پەپوولەی لێو دەسووتێنێ		وەک من لە تاسەت

لە بەر تریفەی خۆری جەمینت		گیانم ئەدا چڵ
لەشی لاوازم کەوتە کەمینت		پای چەقی لە گڵ

بە سوختەی نوختە نوختەی خاڵانت		سەرگێژ و مەنگم
نەختە نەختەی گیان چوو بە تاڵانت،		وەک دڵی تەنگم

بادەی سادەی خەم هەتا کەی، دادەی،		گیانم وەرگرە
گۆم تا قوڵتر بێ دەبێ بڕوا کەی		مەلەی خۆشترە

بە خوڕە خوڕی فرمێسکی دووچاو		دووگۆنام سووتا
(کۆلیل)یش خنکا لە گۆمی زووخاو،		دووربێ لە رووتا

سەقز ـ گەلاوێژی ۱۳۶۳ی هەتاوی

سەری شاعیر سەری خەڵکە

لە نـــاخی بـــێ دەمـــاخی‌دا دەژێـــم و نـیـمە ژیـــواریێ
بـــە تـاسەم بــۆ ژیـــانی پــڕ لە ژانـــی پــار و پــێراریێ

لە داخـــی دۆخـــی تــەنیایی، لە ژانــی ژیــنی رسـوایـی
لە دەس دەرچووم بە خۆڕایـی لە گـێژی گـۆمی رووبـاریێ

بــە کسـپەی خــەم دڵــم بـرژی لە تـاوانـا لەشـم گـرژی
کە پێچی پـەرچـەمی کـرژی، دڵـی گـەستم وەکـوو مـاریێ

هــەتیوی بــەر هــەتاوی خـۆری زەردی سـەردی پـاییزم
تــەقەی سـی‌ودوو ددانـم دێ، لە پـای وێـرانـەی دیـواریێ

شــــپرزە حــاڵ و شـێواوم وەکـــوو بـــەفرێ ئــەتاوێمۆ
کــە تــۆپخانەی شــەماڵی گـڕ دەکـا چـاری بـە هـاواریێ

سرشکم گـرتکە خـوێنە، وەکـوو چـاوی شـەوەق سـوورە
لە پــــرزۆڵەی دڵــــێ وردە، لە دەســتی دوو دڵــی یــاریێ

بە بـلوێرو بـە بـاڵۆرە، بـە (وەی مـن وەی مـن) و هـۆرە
بـە گــۆرانـــی هـــەزار جــۆرە دەنـــاڵێنم وەکـــوو تـاریێ

کــە بـــەڵکوو ئــەو دڵــەی بـا بـردەڵەی سـووکم بـلاوێتۆ
وەلێ (کۆلیل)ی کۆیلەی خەم بە تاری چۆن دەبێ چـاریێ

کـــەسێکی‌تر وەکـــوو کـــوردم نـەبوو ئـازیز و دڵ بـەستە
لە سەرما بوو سەرم پۆیلەی بەری پێ‌ی کەم کـوتم جـاریێ

سەری شاعیر سەری خەڵکە، بە سەر ئاوی حەمامۆکەی
ڕەوایە (پێشکەش) و پۆیلە، لە دێهاتێ وەیا شارێ

لە نێو ئەو خەڵکەدا گشتی، لە پڕ بەژنێکی کوردانە
سەری بردم دڵی بردم کوڵی کردم بە گوفتارێ

بە زەنگوڵ زەنگوڵی زووخاو، لە هەنیە و ڕوومەتی ڕووخاو
بە ئاوی چاوی دڵ سووتاو، کە دیمی دوێنە ئێوارێ

بە توندی تێپەڕی وەختێ، سەرنجمدا کەچی نەختێ
لە پرزۆڵەی دڵی وردم لە دەستی کەوتەتە خوارێ

هەڵم گرت و کوتم من کێم؟ کوتی تۆم قەت نەدیوە قەت
کوتم مەر تۆ دڵی من نیت؟ کوتی شێتی؟ کوتم ئارێ

کوتی شێتی چ شارێکی؟ کوتم شارێ کە لەو شارە
(بەڵێن) و مەرجی (پەیمان) و وەفا دریان لە سێدارێ

کوتی سوێن بەو وەفایەی دەستە مۆیم، من گەلێ وەختە
دەزانم شێتی هەر شارێ، گرِوو گیرن هەموو جارێ

(عومەر) واتێ گەیی پرزۆڵەکەی دڵ پێی دەڵێ خۆزگە
بەوەی دریا لە سێدارێ، بە بسکی شۆخو نازارێ

سۆزی پەروانە

تۆ کەی جوانی؟ من شیعری جوانانەم هەیە
تۆ کەی شێتی؟ من عیشقی شێتانەم هەیە

تۆ کەی مەستی؟ تەوەژمی مەستانەت نییە
وەکوو رووت من درۆشمی مەستانەم هەیە

تۆ لەیلێ نیت، مەجنوونی دێوانەت منم
بێ قەوڵی تۆ، من قەوڵی مەردانەم هەیە

قەت بۆ شناس سەرێ جوامێرانەت نەبوو
هەر من دایم خەمی تۆی بێگانەم هەیە

تۆ شیرینی، هەنگوینی نێوشانەت هەیە
وەلێ خۆ من هەنگی وەستای شانەم هەیە

تۆ دیوانی، وشەی ئەو دیوانەت منم
تۆ هەڵبەستی مەلی دڵ، من دانەم هەیە

تۆ بەحرێکی، شەپۆلی بەحرانەت نییە
بەلاّمێ من گریانی هەورانەم هەیە

تۆکەی شەمی؟ئەو کوڵمە جوانانەی ئەتۆ
من کردمە شەم، چون سۆزی پەروانەم هەیە

تۆ چەپکێ گوڵ پەرچەمێ خاوانـەت هـەیە
ئـەمما مـنم بـۆ زوڵـفی گـوڵ شـانەم هـەیە

ئەونەی ئـەتۆ بـۆمبای تـیر و تـانەت هـەیە
من گریانی کانی سێ پـلووسکانەم[1] هـەیە

لە نـەورۆزا بـە نـێوی جـێژنانەی «عـومەر»
خەمت‌دا، چون من بۆ خـەم هـێلانەم هـەیە

لەو هــێلانە هــەوارە وێـرانــەی دڵــم
لە نـەزمی خـەم خـەرواری تـەرانـەم هـەیە

چۆلاخ رەشەمەی ١٣٤٨ای هەتاوی

١- نێوی کانیێکی خۆش و ئاو زۆری دیواندەرەیە.

سۆزی شەو

سەرزارەکییو دەمدەمی ئەو ڕۆکە،کە لاتە
کێ ڕاست و بەڵێن دارە، کولۆڵ و کەلە لاتە
هەرکەس بە درۆ هاتە بەرۆ، شێخ و مەلاتە
کام دڵ پەلی دەرکردوە بۆت، چەشنی مەلاتە
بێچارە بە بەرقی غەزەبی، هەور و هەڵاتە

✧ ✧ ✧

دەس نوێژی لە شەونم نە دەشت بووکی بەهانەم
نەک پۆلی گولاڵە لە پڕا بیدەنە تانەم
چۆکی بە کەرەم نایە زەوی، شیعر و تەرانەم
شمشاڵی شوانی دەبەزان، سۆزی شەوانەم
تـۆی بۆ نـەبـەزا، بۆ ئەوە تۆ دەردە تەڵاتە

✧ ✧ ✧

تۆ مەستی خەیاڵی لە مەیانی زەڕ و زۆرا
من پووش و پلاشم لە کلاشی ڕەش و بۆرا
تۆ بزری لەگەڵ کەم، وەکو دەنوێنی لە زۆرا
من سەهم و بەشم وا لە کەمێ خەوش و مرۆرا
بەرقەوڵی وەفا بوونمە ئەم جۆرە خەڵاتە

✧ ✧ ✧

تۆ چەتری بەهارت لە سەرە سەوزە سەراپات
من شیوەنی پاییزی خەمم هاتە مولاقات
تۆ خۆری مورادت لە کەلی بەختەوە دەرهات
من رۆژی ژیانم شەوی تاریکی بە سەرهات
ئەم چەرخە نەفامیشە، دژی بێدەسەلاتە

✧ ✧ ✧

ئەو ئاوڕەیەش داتەوە، بێئاور و سەردوو
ئەو گیان و بە قوربانە وتت نوێنەری دەردوو
ئەو نەرم و نیانیتە نەبوو، رەق وەکوو بەردوو
ئەو چەپکە گوڵەش داتە دەسم، سیسەڵو زەردوو
بۆ رەونەقی بازاڕتو ئەو بانگ و سەلاتە

✧ ✧ ✧

جارێ نەبو کارێ بکەیو من بڵێم ئۆخەی
بێوەی بە دزە بێمە دزی، نەیکەیە هەی هەی
ئاواتی ئەوین پشتی شکا، ساوەرە تاکەی
ناگەی لەمن و چاکەمو خاوەن زەڕ و چاکەی
ئەو چایە، کە چەن یۆسفی تێدا رەقەلاتە

✧ ✧ ✧

پەیکانی موژەت ئەونە برینداری نەبوو خۆ
بەژنت وەکوو ئەلعانە خەریداری نەبوو خۆ
زوڵفت بەڵێ رەشمارە، وەلێ ژاری نەبوو خۆ
کڕیاری نەبوو، شێتی نەبوو، هاری نەبوو خۆ
ئەو خاڵە رەشەو کوڵمە گەشەو چاوە بەلاتە

✧ ✧ ✧

زامی دڵی مەجنوونە. لە لەیلێ بووە ناوی
رسوایی فەرهادە، لە شیرین بووە قاوی
سووتانی مەمە زینی گەیاندۆتە هەتاوی
ئێستەش کە ئەتۆ دارە گوڵی خەڵفی رواوی
خوێنی منە خونچەی دەم و زەڕ بەرگی گەڵاتە

✧✧✧

کامە وشەیی جوانە نەما، راوی نەکەم بۆت
کوێخای قسە بووم، خۆم و قەڵەم بووینە سەناگۆت
حەتتا دەگەشامۆ بە درۆت، سوێن بە دو ئەبرۆت
بانەشکێ دڵی، لێوی درۆ وێژی جەفا جۆت
پاداشی (عومەر) چی بووە ئەو پەرت و پەلاتە؟!

سەحەر چاوت هەڵێنە

بــە دڵ فــەرهادی شــیرینی وڵاتــم مــن
دەمــێ شــیرین دەمت بــێنە فیداتــم مـن

لە بەحرو بەڕ بە پیت‌وفـەڕ، بـە هـۆی بـاوەڕ
گڕی عیشقم، لە تۆرەی خـۆر هـەڵاتم مـن

لە ســەرڕانــی بـە هـاران دائـەنم سـەر، بـا
خووا دەرفـەت بـدا، خـزری هـەواتـم مـن

لە مــەیدانــی وەفــا چــەوگانی ئــیمانم
ســەری دژمـن رفـێن عـەینی خـەباتم مـن

کــلێلی رەمـزی قـوفڵی مـەکـری شـۆفارم
بە ئـەمری لێـوەکـەت پـەیکی نـەجاتم مـن

دەزانم خوێن مژینە بـەزمی خـوێن خـۆران
لە بــە زمــێکی وەهــا، ئـاوی حـەیاتم مـن

لە نــــەسڵی هــــابلم، قــابل نــییە قــابل
ئـەگـەرچـی بـمکوژێ دەفـعی بـەڵاتم مـن

لە کــیسەی چــڵکی مــێشکی زاڵـمم داوە
بـە پـیکی گـیان و دڵ، کـاوەی وەفـاتم مـن

ئەمن سەنگی سەبوورم کۆشکی بەردینم
به مەردی تاکو دەمرم قرچە پاتم مـن

سەحەر چاوت هەڵێنە شەو درەنگە خۆ
لە مێژە مەحتەلی باکەی سەباتم مـن

دڵی تەنگە کچی خونچەی خەیاڵاتم
وەرە با پێکەنێ، تۆ خوا، تەماتم مـن

بە خەتتی ئارەزوو (کۆلیل) ئەنووسێ بۆت
کە تۆ ئیحسانی مەحزیتو، گەداتم مـن

سەرنجی چاوی پڕواتەی هەتیوانی
رەش و رووتی، بەرەی کوردی دێهاتم مـن.

سەقز - ١٣٦٥ی هەتاوی

غیرەتی شیعرم

ئەی ئەوەی چاوت لە یێخەی شەم بڕیوە، غەم مەخۆ
خۆر لە ئاسۆی چاکەوە هەڵ دێ بە چاکی، لە من و تۆ
مانگی کەنعانی لە شاری میسرەوە هەڵدێ لە نۆ
شاپەڕی جبریل دەبێتە مەڵهەمی زامی بە سۆ
سەر مەنێ سەر سەر، هەتاکوو سەر نەنێتۆ بێ مهۆ

✧ ✧ ✧

کێ لە پا دڕکی دەرێناوە، بەکلکی عەقرەبێ
سا وەرە غەم بۆ ئەوەی نابێ کە جێگەی وەقرە بێ
جارو بارە چۆلەکەش، بۆ بەرهەڵستی سەقر ئەبێ
گوڵ بەکۆڵی خارەوە گەر دابەزێ، بێ وەقر ئەبێ
چاکی پاکی، جێگەرەقسە و شوێنی کەوشی هات و چۆ

✧ ✧ ✧

تاکەناری کەف نەبێ، نیتە لە دەریادا بەشێ
تا نەدەی پەپکە لە پای خاڵێ، وەکو زوڵفی رەشێ
چەشنی لەولاوێ نە ئاڵۆزی لە باڵا، سەرکەشێ
تاکوو شەش دەر خاڵیە، هەوڵێ نەدەی بۆ دوو شەشێ
نەخشی هەیوانیت و نیتە شوێنەواری هەست و بۆ

✧ ✧ ✧

گویێ بە دەنگی سۆزی من دە، باغەوان! کاتی قونووت
با بنیتە بینەقاقای بوڵبولاْن، پەنجەی سکووت
غیرەتی شیعرم، بە بەرقی روومەت و شمشێری رووت
غەم دەکاتە ئاوی ژین و ژین ئەکاتە ژەقنەمووت
یەک هەناسەم داغ ئەکا، پۆزەی زل و لووتی درۆ

✧ ✧ ✧

بەردە فڕکێ با بکەن گیانم رەش و شین بێتەوە
بەرگی پیرۆزە بە بالاْما، بەلاْ ببڕێتەوە
من کە ئاور فوو لە سینەم کا، سەری دەخولێتەوە
با چلێکیش چێ بە چاومدا.گوڵێ دەڕوێتەوە
ئەم بیابانە دڕووی نادا لە دامانی هەڵۆ

✤ ✤ ✤

مەراقم لە دڵە

چـــارە نـــەیهێشتوە دەســـتم بـــە بـــەهارێ بگـــەیێ
کـــەڵکەڵەی پـــڕ لە گـــڕوی تـــاسە بە یـارێ بگـەیێ

دەستی ئـەوداسـە شکـێ، وا درەوی گـوڵشەنی کـرد
تـــوورەیەو زیـــزە لەوەی بـــاغی هـــەژارێ بگـــەیێ

روومـــــەتی بـــێ ڕەمـــەقم زەردە، مـــەراقـــم لە دڵـــە
تـــووری ســـینایە ســـەرم خـۆزگە یـە نـارێ بگـەیێ

چـــێتە پـــێشوازی ســـەری تـــیرەوە چـاوم رەحـەتە
نەک بـە چـاوی سـەحەرا، گـەردوو غـوبارێ بگـەیێ

ون دەبێ خوێن لە رەگم، چـی دەچـمە خـۆمەوە مـن
خـوێنە خـوێمە خـوێنەکـەم، تـا بـەنە یـارێ بگـەیێ

ئـــاخر ئـەی گـیانی تـەماشای بـەزەیی، کـوا بـزەیی؟
کـــابەکـــە چ نـــابێ کـــە بـارێ بـە هـەوارێ بگـەیێ

چی دەوێ گەر شەوێ کۆرپەی سوحی رووناکی بـبێ
شـەقڵی شـەو بشکـێ لە پـڕ، شـۆڕە سـوارێ بگـەیێ

لەوگـــــرێ کـــــوێرە دراوە لە دڵـــــم ژێـــر و بـــزان
دیـــلە، مـاوە، هـەروە مـاوە، شـێت و هـارێ بگـەیێ

بـــاوی جـوامێری بـە سـەرچـوو وڕو واقـن فـوقەرا
لانـــی کـــەم بـــۆ تـــەمەنی چـــاکـە، پـلارێ بگـەیێ

چۆکە چووکێ بە سەر ئەم عەرزەوە هێلانی نەبێ
بۆ چرینی کەمەنی ژینی، تەواریّ بگەیێ

کسپە کسپی دەمی دووری پەڕی کردم بە تەمام
بۆ شکۆی دەردی ئەوین بازی شکاریّ بگەیێ

بۆیە نالەم هەیە ئوستادی شیعر نیم و نەیم
شین و هاوارمە، با مەست و خوماریّ بگەیێ

هەر بە رۆخی چەمی دەم پڕ لە هەرای سەیلی سرشک
بێ پشوو پیاسە دەکەم، بەشکە بواریّ بگەیێ

زووبە ئەی گیانی ئەوین، سینەوەکە بێمە پەنات
ئاوی نیسانی بە قا، بابە ئەیاریّ بگەیێ

دڵ بە گۆشەی نەزەری سووتە دلان دێتەوە حاڵ
خوێن دزێتە گوپی وەک دەنکە هەناریّ بگەیێ

رۆژهەلاتیم و حەقی خۆمە ئەگەر زولفی شەوار
رێ بدا تاوە هەتاوێ بە نساریّ بگەیێ

ناهومێدم مەکە ئەی خاوەنی هیوا، بە هیوام
فێنکاوێ بە دەمی وشکە پوواریّ بگەیێ

کازیوەش دێتەوە، بەو مەرجەکە رێی پێنەگرن
دەک لە عاسمانەوە بۆ مۆتە شەراریّ بگەیێ

« در پیت گم شدم ای چشمەی خورشید امید »
تون مەرۆ با نەزەرێکت بە نزاریّ بگەیێ

چاوە بڕکێ مەکە، ئەستێرە لەگەڵ بووکی بڕین
تۆ مس و نیکلی، با هەژدە عەیارێ بگەیێ

ئەوگرەی بەر بووە تێم نایەوێ داوێنەگرێ
بانەکێشێ لە سەرم شوڵەوو، شارێ بگەیێ

بحر اندیشەی «کۆلیل» زند موج شتاب
بەڵکە ئاخر لەیەمی غەم بە کەنارێ بگەیێ

سەقز ـ ١٣٧٠ی هەتاوی

دوو بەیتی

لە نێو زستانی سەردی تۆف و لەرزا
لەسەر لووتکەی چیای کوێستانی بەرزا

پەپوولەی ناسکی شیعری ئەویندار
چ زێڕێکی هەبوو، دایۆ لە قەرزا

بۆی کەرەمی زوڵفی شەو

شەو وەکوو تـۆ زۆر کـەسن، مـەستی خـەیاڵی خـراو
پـــەردە لە روو لادەچـــێ، کـاتێ کـــەهەڵدێ هــەتاو

بۆی کەرەمی زوڵفی شـەو، بـێ سـەحەری روومـەتت
رۆژی رەشـــی مـــەینەتە، بـــۆ دڵ و هــەستی تـــەواو

رۆژ نـــــەفەسی ئـــــاورین، تـــــا لەبـــرین بـــەرنەدا
چۆن لە دەروون هەڵ دەسێ، شەو خەبەری بۆیکەواو
بـــبڕە بە بـالآی دڵـم، بـەرگی رەشـی چـوونی شـەو
زەخـــــمیە دیـــداری رۆژ، پــڕیە لەتـیری دو چـــاو

لاڵە مـەگـەر زوانـی نـەی، بـاسی شـەوم بـۆ بکـات؟
تـــاکـــوو بـــە شـمشێری رۆژ، قـڕ بـخەمە نـاحەساو

جـــێ لە حـــیجابێ سـیا، شــەو سـپەرێکی نـــییە
تـــا بـــە دزی رۆژەوە، هـــەڵ مـــژێ کـــوڵمی شـەتاو

سوح له کەمەندی رەشی شەو، خەتەری دیتووە
شانە بە ئەڵماسی رۆژ، بۆیە دەکا پرچی خاو

تیری کەوانی شەوان، ناڵە نەبێ چی نییە
قامەتی رۆژی رەوان، هەقیە دەپۆشێ نیقاو

شەو دڵ و عیشق و خەیاڵ، چۆنە شکاری لەبت
هەرسێ شەوەق رای بڕین، رۆژ کەدەسی دایە تاو

خاڵێ شەوو کۆڵمی رۆژ، مەحشەری (کۆلیل) تن
سوخرەیی ئەو جووتەمو، شێتی ئەوینی هەساو

سەقز ١١/١١/٧٤ی هەتاوی

بـەهـار

گوڵ بە دەم وا گوڵ بە دەم باوە کەنی
کاو لە کۆشکی هەرەس، رووخا بەنی
تــۆفی زســتان و کــرێوە تــێشکان
تا شنەی مەعشووقی بولبوڵ راچەنی

✧✧✧

وا شەماڵ دەنگـی بـە گـەرمی هـەڵبڕی
لەشکــری زریـانی سـەردی هـەڵبڕی
غونچە سرتە سرتی سروەی هاتە گوێ
بــۆیە رووبــەندی لە ســەد لاوە دڕی

✧✧✧

شـەو نـەما هـێڵنج و قـرقێنەی مـژی
زوقم و سیخواریێ، بە داری هەڵمژی
دەستی سیمینی بـەهاری پـێگەیشت
گشتی بۆ کردە جل و بـەرگ و قـژی

✧✧✧

لوورە لووری گورگی قات و قڕ بڕا
تەپڵی پیلان و شەڕی سـەرما دڕا
هەوری نیسانێ سەهۆڵی کردە ئاو
لەعلی رۆناوە لەجێی بەردی سڕا

✧✧✧

خوێـن لە هەنیەی دەشت و دەر، بەستوویە گۆل
بـــەحری عـــەترو، بـۆ، ئـەدا مـەوج و شـەپۆل
گـــــەردنی زەرد و ســـپی بـــێ گـــەردی وەرد
دڵ بـــە پـــێشوازۆ دەبـا، بـێ کـەوش و سـۆل

✧✧✧

بازرەقە و فیشقە دەبەستێ ئـاو لە بـەرد
وەک بڵێ، بەردە بە رۆکی ژین، بە دەرد
لارە پـێچی بـووکی گـەڵباخی لە سـەر
ناوە، کەچ، کیژۆڵەکـانی شـاخ و هـەرد

✧✧✧

چاوەکەم، نەرگس بە چاوی مەست و ناز
چاوە ڕێتە، پڕ بـە سـۆز و هـەست و راز
شۆڕە بـی، پـرچـی درێـژی، شـانە کـرد
دارە بـەر، بـەستی، کـەژاوەی یـێخە بـاز

✧✧✧

بـــەژنی خـــاشخاشە، نشـانی دا قـەڵەم
وەزنی ئەشعاری تەڕی بێ دەرد و غەم
تاجی سـەوزی، بـۆیە فـڕداوە لە سـەر
تا بکێشێ ئاو لە چاوی، جـامی جـەم

✧✧✧

تیری بێڵە هەڕ، لە سـەر چـللەی کـەمان
کـــێشک و پـــارێزەری، هـــەڵزو کـەمان
ســـێپەڕە خـــۆیو کـــتێوی ســـێ پـەڕی
هەر لە باسی، کەیف و، ئەژماری، کەمان

✧✧✧

ئـاغجەواش و کۆڵ و کـاشمە و گـیاپلاو
سـواری باڵی بـا ئـەکـەن، پـەیکی سـلاو
ڕەسمـی جەژنانە، لە بەر لـووتا بە جووت
پـەیـک و بـا، پـێکۆ دەبـن پـرش و بـلاو

✧✧✧

زوهـرە خـۆی داوە لە دەق، بـۆ مـوشتەری
سـومبوڵە لوتـفی خـدر، کـەوتە سـەری
بـۆ دەبـیرێ وەک عـوتارد، نـاکـرێ
سەیری نەخشەی، تەونی ئەرزی ئەخزەری

✧✧✧

پیچک و ڕێواس و خوژە و شنگ و چەوان
پـەلپە لەشـوانـە و قـەیاخ و گـیاکـەوان
قُـمْ بأذنِ اللهِ پـێ فـەرموو شـەماڵ
کـۆلکە زێـرینە سـەری بـۆیان خـەوان

✧✧✧

مـوشکی تـاتـار و خـەتـا، تا ڕۆژی چـوون
مـووچەخۆری مەزرە باغی و گوڵ کـەوون
وەرهـەمو زامـی دەروونـی کـون کـونـم
هـەر هـەلاڵە هـەنگە، ئـەیکا تـەفرو تـوون

✧✧✧

دەشت و دەر پڕیڕ لە بۆی هەزوێ و شویت
ئـەو دوا نـەتبێ، لە جـەننەت نـادوویت
چەندە لێی جوانە، بـەنەوشە، لەچکـەکـەی
چـەشنی جـامانەی گـەزیزە داچـوویت

✧✧✧

قـێز و بـێزی نایـه، بیزاو، سـوێسنه
وەک دەمی باغی (اِرَمْ)، بـێته شـنه
دەسـتی لوقمانی لـەپشتۆ بەستووە
نۆکە چەورەو گوندوڕو وەڵگەڕنە

✧✧✧

فەرشی قالآقنگ، لە سەر شیو راخران
خێوەتی کارگی سـپی تـیا هـەڵدران
بـــێ‌ژمارە تـیرە بـەرقی پـێ چـەقاو
هەر یەکێکی چل چرای لێ هـەڵکران

✧✧✧

شەو بە شەوبۆیە دەنـازێ بـۆیە شـەو
حـــازرە بـــیکا لەگـــەڵ دەمـتا گـرەو
گـەردە بـێتە گـوڵ بـە رۆژا لێـوی تـۆ
شەودەپشکێ عەتری زاری بووکی ئەو

✧✧✧

چاوەکـەم!نـەقڵی کـوفر نـابێتە کـوفر
بـــاهەزار شـــرکی وەهــا زابـێتە کـوفر
قەت دەمی شەوبۆم نەدیوە وەک دەمت
قودرەتی حەققی پـیشاندا بـێتە کـوفر

✧✧✧

حــاجی لەقـلەق هـاتە سـەر هـێلانەکـەی
بوو بەکێشکچی لەنێو دێ جـوانـەکـەی
چەندە خۆش دخشێتە مل شەودا سەدای
ریـزی شـەستیری دەنـوک لێـدانـەکـەی

✧✧✧

بەرزە هـۆهۆو بـەربەری جـوتێری دێـم
ئەو کەسەی‌وا نووری چاوە و هێزی پێم
ئەو کەسەی‌وا رەنجی ئەو گـەنجی گـەلە
ئەو کەسەی وا عارەقی ئـەو، ئـاوی دێـم

✧✧✧

کەوتە رێ، سێروو لە گەرمێن، رووبە یار
بـــۆ تـــەوافـــی کـــابەتوڵڵاهی بـــەهار
بـــەزم و شـــایلۆغانی گـەرمە، بـێ‌وچان
گاڵە سەر گـوێسوان و گـاپۆپەی چـنار

✧✧✧

چـــاوەکـەم شـاری سـەقز مـەددولبەسەر
مەشخەڵـی نوورە، قەوارەی دەشت و دەر
وەسفی ئەو هەموە سـرشت و جـوانـییە
نـــایە بـــۆ مـن، نـافعی مـەزهەر مـەگـەر

✧✧✧

خرمەلەک، تا چل چەمە، شۆڵەی شەمن
یا خورەی هـەڵدێرە یـا هـاژەی چـەمن
شەتڵی رێـحانە و کـەنێرە، دەس نـەزەر
وەک سەفی حاجی، لە سەیری زەمزەمن

✧✧✧

جارێ مێلاقە و مەنێ و مـێژوەردو لۆ
ئاوی ژین ئاژین دەکا لێی، دونـدی کـۆ
کانییەکەی مەشهوورە،لووتکەی ناکەرۆژ
وادەمی شیعرم لە وەسفی چـوو لە گـۆ

✧✧✧

سـەد بـە رانـانی لەبـۆ قـوربانییە
زاکـورروز لەو دورەوە حـەیرانـییە
خۆکەلی خان و بەنەشە و ئاربەباو
ئاڵمەڵوو جوانن، وەلێ ئەو جوانییە

✧✧✧

کۆتە چەرمووی کۆتە رەش داکەندووە
وا کـەوایـێکی ئـەمێستا سـەندووە
شـانەکـانی پـڕلە ئـەستێرە و میداڵ
هەر بە دوگمەی گوڵ بە رۆکی ژەندووە

✧✧✧

بـاخێ بـۆکـانو مـەهاباد و شـنۆ
شاخی کوێستانی گەورکم کـۆ بـە کـۆ
پۆلی گوڵ، سەرمەستی ناز و نیعمەتن
چاوەکەم پەرژینی گوڵ بێ، عەینی تـۆ

✧✧✧

دەنگی شمشاڵی شوانـە دێ لە دوور؟
یا نە: ئیسرافـیلە، لێـیدا نـەفخی سـور
گیانەوەر سەر پاکی زیندوو بوونەوە
هەرلە زەڕڕاتی زەوی تا مـار و مـوور

✧✧✧

بـەژنی بـەیبۆن و هـەناسەی عـەمبەران
چەرخی شینیشی لە جەغز و چـەمبەران
تـۆ بـڵێی هـەروا نـەبێ، واتـەی هـەرای
بـەرخ و کـاژیلەو مـەڕ و بـزن و بـەران

✧✧✧

دەم بووە، عەتر و هەلاڵەی هۆ بـە تـور
وەک ئەوین گیرا، گەڵاڵەی هۆ بـە تـور
هەستی هەڵبەستم ختیلکەی دێ، هەتا
چاو دەکا لەو خەتتو خاڵەی هۆ بە تور

✧✧✧

چاودە قـرتێنێ لە شـەونم، تـاق و جـووت
بەرقی یاقووت و بە رۆکی رووت و قووت
ســەحنی شــانۆیە بــەهاری هـۆ بـە تـور
یــا بــزەی ســەر لێـوی دڵـدارە، بـزووت

✧✧✧

کـەوشەنی دیـوانـدەرەـم دۆڵ و دەری
ســەد بـەهەشتی لێ دەبـێتە مـوشتەری
یەشم و ئاقێـق و تەڵا و مەرجان، هەموو
پرپرەی گوارەی گـوڵاڵە و بـەر سـەری

✧✧✧

مــن بــڵێم چـۆنە بـەهاری ئـاویەر
خۆت برۆ سـەیری هـەواری ئـاویەر
بێخ و بنچاخی بەهەشت و کەوسەرن
خــــورەتاوو لانــــزاری ئــــاویەر

✧✧✧

داخــەکـەم، بـەم حـاڵەوە جـەزبەی نـەبوو
مەی هەبوو، ئەمما بە مەی خەم تەی نەبوو
پـێت بـڵێ (کـۆلیل)ەکـەت، بـۆچی گـوڵم ؟
مەتنی حەمدی‌و شەرحی شیواکەی نـەبوو.

سەقز - مانگی گوڵانی ١٣٧٣ی هەتاوی

داخێ لە عەکسی خاڵەکەت

کەی دەستی مۆمینی شیعر، چاوی سکڵ خامۆشەکا
کەی مەی مەزەی تاڵی، وەکوو لێوی ئەتۆ سەر خۆشەکا

کێ کەوتە سەر ساجی عەلی، بۆ باجی تاراجی ئەوین
کەی بنجی کنجی منجەمنجی لۆمە چی، دڵ جۆشە کا

کاتی بەهاران هەرگوڵێ گەردن کەچە بێخۆ نییە
لام وایە بۆ بەژنی سەخا، سەر دا ئەخاو کڕنۆشەکا

پێم وانییە ژیرانە بێ، کەس بۆ نەخۆشێ نامرێ
بۆ نەرگسی بیماری تۆ، هەر ساغە مردن نۆشە کا

با چنگڕی نینۆکی خەم سەرکوڵمی سینگەم هەڵدڕێ
ئەو چاکەکەی بۆ چاکەکا، ئەم چاکەکەی ڕۆپۆشەکا

ناڵەم بەبالاّی هود هودا بۆلای سولەیمان ڕێ ئەخەم
شاری سەبای دۆزیوەتۆ، کیژی پەریم مەڕ دۆشەکا

داخێ لە عەکسی خاڵەکەت، وا بەو دڵەی (کۆلیل)ەوە
بەو داخەوەم دانا سەرم، دانا ئەوین بێهۆشەکا

لەف و نەشری موشەووەش

عـــەزیزم بـــێ تـــەماشاکـــە لە بـــەختی لار و نـــابارم
لە دەردی جـــەرگی پـــڕ زووخ و حـــەزین و زار و بـیمارم

هــــەتا ئـیـێستێ لە دنـیادا دڵـێکم بـو، ئـەدی هـیچێ
دڵـیشم خـۆ لەدەس دەرچـوو، خـواوەنـنا چ بێچارم

سـەرم سـوورە بـڵێی بۆچی، دڵەی مـاتەم زەدەم ئـاوا
دەر و دیواری رووخـا، چـی وەهـا کـەوتە سـەر و کـارم؟

خـەدەنگی شـاسوارێکـم کـەوێ کـەوتن وەکـو نـەشتەر
دڵـــی کــون کـردووم بـۆیە ئـەوەندە بـەرزە هـاوارم

قـەرینەی ئـیدعاکـەم حـاڵی‌یەن، رەنگـم بـە شـاهید بـێ
چ پـێویستی بـەیانە، یـا چ مـەخفی کـەم، لە ئـەسرارم

شـعووری شـاعیری بـێچارە گـەرچـی بـێ دەم و زارە
وەلێ ئـەم دەردە بـزووانـی، قـەوارەی شـیعری سـاکـارم

مـەڵێن هـیچێ مـەڵێ، ئـاخر گـڕی گـەرمی لەدڵ بـەردام
شـەرارە و کسپە کسپ و چـڵ، دەکـا بـەم کـارە وادارم

سەر و سامانەکەم رۆیشتووە، ناحەق نییە بێژم
ئەرێ ئەی بێمرووەت شەڕ بەدەس ئەی شۆخی عەیارم!

ئەرێ ئەی شەمعی پەروانەی دڵە پەرتووکەکەی شێتم
ئەرێ ئەی ئاسکی خۆش رەوتی ولآت و شاری تاتارم!

ئەرێ ئەی قاتڵی سەدها جوانانی دەس و دڵ پاک!
ئەرێ ئەی بەژن و باڵاکەت، نەمامی تازە بەردارم!

گوناح و عەیبەکەم چی بوو چ تاوانێ لە دەستم چوو؟
کە بەم جۆرە دڵ و گوڵ، بولبولێشت دا، لە سێدارم

چ رەمزێ بووەکە دوو ئەبرۆ بە شکڵی لا وەدەر کەوتن
مەگەر کوفرە نیگای نەرگس، وەیا من تەرکی دەربارم

بەهارێ بووی بە دەرکەوتی، خەجاڵەت بم گوڵی کوڵمت
بڕی مۆڵەت، بکەم شەرمێ لە بێگانە، بە دیدارم

لە رۆژی مەحشەری خالق، مەگەر ترست نەبوو زاڵم؟
بە یەک چاو تێبڕین کردت لەسەد لاوە، بریننارم

چ لازم تیر و تەرکەش بوو، چ لازم سەید زەخمی بێ
مەگەر من نیمو بەستەی دوو کەمەندی چەشنی رەشمارم

دەزانم بێ موبالاتی لە خوێن ڕێژی، جەلا و هەر وان
هەموو بێ ڕەحم و دڵ سەختن، کەوا بوو نیمە ئینکارم

وەلێ کاری منیشت با نەمێنێ، یا بە دوو لێوت
شفایێ مەرحەمەت فەرموو، وەیا بکوژە بە یەکجارم

دەمێکە تەپڵی ئامانم کوتاوە تابیعی مەحزم
خەراجی خۆم ئەدەم، ئیتر بە تۆچی کوردی بێکارم

لەف و نەشری موشەووەش بۆ (عومەر) زوڵمە بە قوربانا
وەکوو بولبوڵ مەزانە من، ئەمن پەروانە ڕەفتارم

چۆلاخ - ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوی

جوانی ئەوینم

بە بەژن و بە باڵا، جوانی بە دینم
بەڵامێ نە ئەونەی جوانی ئەوینم
ئـەی ئەوینم تۆ نەویـنم، مـات و گێژ و دڵ خـەمیـنم

پواری پەڕاوەی پەڕەی دڵ وەریوم
مناڵی بڕاوەی لە مەمکەو هەتیوم
تۆ بەهاری، گەر نەباری، پووشی وشکی دۆڵ و شیوم

دەبێ تۆش خوشک بی لەگەڵ سێبەرمدا
کە دێی ڕۆژی شادی، بە دەورو بەرمدا
بۆ هەڵاتن، زیت و ماتن، دەستی خۆشی کەی بەرمـدا

شەمی رووت پەپوولەی گیانی منی کوشت
بەتێخی دوو ئەبرۆت، چ خوێن بوو کە نەت‌رشت؟!
تۆ قەساوی، پیر و لاوی، بەر هەقی بۆ عاشقان گشت

پەژارەی هەژاریو شەرارەی خەمی تۆ
قەتارەی سیاخاڵ، لە دەورەی دەمی تۆ
بـوون بە خوردم، چونـکە کوردم، زۆر رەجـاڵم، بۆکەمی تۆ

تەرانەی خەمی تۆم، بە دڵ چەندە چەسپە!!
وەکوو ناخی کەوبارِ، لەگەڵ نەزمی قەسپە
ناڵە ناڵی لـێ دەکاڵێ، دڵ نەناڵێ، ناڵی ئەسپە

کە چاوت بە شۆخی، خزایە کەمینم
برِی رەنگی رووم‌و، چرِی تاڵی ژینم
چـاوی جادووت لێم هەڵەنگووت، بۆیە ئـاوا گـەرمە شیـنم

ئەگەر لێم دەپرسی چلۆنی، مەپرسە
کە (کۆلیل) لە دووریت چەنێ باری قورسە
دی مەکە سڵ، چوومە ژێر گڵ، تۆش لەگەڵ گەل بێرە پرسە

کەس‌نەزان قانەلێوەی ١٣٥٥ی هەتاوی

شارەی ڕۆژانی بێکەسیم

ئـــەم وشـــانە وشـــەی نـــوورن
مـــلوانکـەی مـێشک و شـعوورن

پشکـۆی گـەرمی خـۆشەویستین
لە ئـــــاسۆی دڵ کـــــەلەپوورن

کـــۆرپەی لێـــوێ کـە ئـاکـاری،
وتـــووێژ بـــێ، بـــە ســـاکـــاری

ئـــەم چـــەن وشـــە هـــەڵقوڵیوەن
لە نـــــاخی گـــــەرمی دڵـداری

پـــێشکەش بێ بـە دڵـدارەکـەم،
بـــە بـــاڵای بـــەرزی یـــارەکـــەم

بـــــەوەی کـــە خـــەم ئـــەباتەوە
لە نـــــاخە پـــــڕ پـــــەژارەکـــەم

دڵـــــــدارەکـــــەم دراو نـــــییە
روومـــــەتی ڕەنگ کــــراو نـــییە

دڵـــدارەکـــەم شـارێکە چـووک،
پـــەرچـــەم و زوڵـــفی خـاو نـییە

ئــەو شــارەیە تێیدا دەژیــم،
ئــەو نــەبێ نــەبوونێ پــەتیم

دیــوانــدەرە شــاری ئــەوین،
شــارەی رۆژانــی بــێ کــەسیم

ژن و پــیاوی هــێژا و ژیــرن
هــەڵۆی رۆژانــی نــێچیرن

کــچ و کــوڕی خــوێنەوارن
شــوێنەواری هــەست و بــیرن

پیری ئـەوێ دەرسی مێژوون،
بـەو پیرییەش، زۆر لێ هـاتوون

ئـەستێرەی ئـاسمانی بـڕوان
واتــەی وشـەی تـاریک و روون

دەشت و دەرو دۆڵ و چــیای،
دارو و دەوەن گــژ و گــیای

وەرد و بـەردو هـەردو و زەردی،
بــەهەشتی خــوا هــیچە لە لای

تـاقە (هـەوارە بـەرزە)کــەی،
گوڵی سـەد رەنگ و تـەرزەکـەی

دیــمەنی سـەوزو چـەمەنی
ئــاوی سڕ وەکـوو تـەرزەکـەی

گـەنم و جـۆی دەرەتـانەکـەی،
زوڵـفی شـنگی سـەر شـانەکـەی

پێ بە ساوای بـەهەشت ئـەگـرن،
دەسـڕن چـاوە گـریانەکـەی

جـێگەی ئـاواتـی ئـەم و ئـەو،
چـرای روونـاکـی نـیمەشەو

هەواری پـیری (پـیر مـەحموو)،
مـاڵی تـەرانـەی خـاسەکـەو

دڵ دەسـتەمۆی نـزاریـیە
یـا سـاوڵی گـوڵزاریـیە

بـەرگی گـوڵی کـەندو لەنـدی،
بـاڵی قـومری و قـەناریيە

(گـۆلبەن) تـەلای رەنگـارەنگە،
وشـە لەوێـدا بـێدەنگە

پـەڕەی دڵـی گـوڵی گـولبەن،
بـەرماڵی نـوێژی ئـاوەنگە

لە ژێـر پـرچـی شـۆڕە بیيا
مـاچ و مـووچی گـوڵە و گـیا

خـەم و خـەفەت شـەوارەیـە
لە بـاخی (بـاوە حـاجی)یـا

بـچیە (ئـاسیاو)ی (حـەفبرا)
گـــوڵ هـــەڵکراوە وەک چـــرا

شـــەونم چـاوە بـڕکێ دەکـا
لەگـــەڵ جـــەماڵی ئـــاگـرا

فـــەرشی حـەریری سـەوزەڵە
کـــە پـــەلکە مـێوی تـێکەڵە

بـــۆ پـێشوازی لە ســوورەسێو
ڕێک وەکـــوو تـووکی مـەخمەڵە

جـەهان هـەرچـی جـەیرانـییە
ئـــەوێ جـێگەی سـەیرانـییە

کـــابەی تـــوافـــی ئـاهووە،
ئـــەو بـــاخ و ئـــاوو کـانییە

دڵـــدارەکـــەم پـۆلێ چـنار،
لەوێ وەســـتاون بـــە قـەتار

روو لە مـــەزاری مـــردووان،
دەکـەن نـوێژی کـوردی هـەژار

دڵـــدارەکـــەم کـەروێشکەیە،
هـــەڵپەڕکێی گـەنم و وێـنجەیە

زاری وەتـــاکـــی گـــوڵێکە،
حـــەوزی مـەلەی پـەپوولەیە

ئـــەمانە لەو بـــاخە هـــەموو،
دەبـــیندرێتن مـــوو بـــە مـــوو

لە مـــن خـــراپـــتر شـێتیە،
کـــێ دەیـــبینێ لەروو بـــەروو

عـــەرزی (قـڕان و یـەک شـەوە)
دەغـــڵ و دانـــی بـە رێـژەوە

چـــونکی فـــەلا ئـاودێرییە،
بـــە دەشـــتەوە بـــە لێـژەوە

خوایە چەن خۆشە (چۆڕ چۆڕە)
بـــۆ راوی دڵ، دەس بـە تـۆڕە

ئـــەڵێی دەنگـی مـاچی شـەوە
ئـــاو دەتکـێ و شـــڵپ و هـۆڕە

بـەردی (کـوچک ڕەش)ی کـلە،
بـــۆ هـــەر چـــاوێ پـــڕ لە گـــلە

دوکـــتوری پـــێرەقانەکـــەم،
زردە گـــوڵی (پـــەلی ول)ە

دڵـدارەکـــەم (بـێسانە جـارِ)،
جێی بزن و مەڕ، جـێی بـاڕە بـاڕ

ئـــەوجێ کـــە گـوڵ ئـەشواتـەوە
ئـــاوی شـــەتاو بـــە هـــاڕە هـاڕ

(باخی خواروو) تا (نساره)
هەنگ لێی هەڵدەگرێ ئاوباره

دەمی هەنگوێن شیرین دەکا
ئاوبارەی هەنگی ئەو خواره

(ساوڵە) بە ئاو و دارەوە
(ناوتەنگ) بە (گورگەهار)ەوه

ئەوانەی ناوی نازانم،
لەشان لەژوور لە خوارەوه

دڵداره نەشمیلەکەمن
قەشمەرەی «کۆلیل»ی خەمن

با وس بم ئیتر لێرەدا
هەتاوکەی رەجاڵی شەمن

دیواندەرە مانگی گوڵانی ١٣٦٢ای هەتاوی

چییە بۆچی؟

ئەوا شەوگاری تاریکی بە سەرچوو رۆژی رووناکە
لە چۆڵی زوڵمدا گوم بوو براکەت هەڵسە ئازاکە[1]

شەمێ هەڵکە لە بیر و باوەڕی پاکت لە بەر پێیا
لە بەر یەزدانە یاگەل، ماڵت ئاوا ماڵی ئاواکە

وەفا با بیدڕێ سینگت، جەفا کون کون بکا جەرگت
لەوانەی گەل فرۆش و پارەپسن، کاکە حاشاکە

ئەوەی ژیرە وەکوو تۆ، دژ بە جاسووسە هەتا ماوە
بە سینەی پڕ لە کینە بەر هەڵستی خێڵی ساواکە

چەنێ چاکە کە چاکی (هێممەت) و مەردی بەلادا کەی
بکەی تیماری بیمار و برینداری کە دڵپاکە

دەزانی مەرهەمی دەردی دڵە زامارەکەم کامە؟!
بە کوردی بۆم بڵێ ئەمما، بە وردی بۆمی ماناکە

---

١ - نەجاتی بدە

نه هەر ئەورۆ بخوێنی بۆم درۆشمی بەرزی دڵسۆزی
سبەینێ پێم بڵێی خەرجی سەرۆکیم بۆ موهەییاکە

چییە بۆچی لە سەرچی کەس کەسی ناوێت و لێی زیزە
لە ڕێی مەرجی برایی ئەم گرێ کوڵە بەرەڵڵاکە

بە کوێستانی لە زستانی دڵی سەردم، لەشی رووتم
بە گۆچانی خەمی پشتم کە پاڵشتی دڵێ چاکە

بە چاوی کوێری ئەو بابە، لە بۆ ڕۆڵەی سپیپۆشا
بە شانی رووتی ئەو ڕۆڵەی، لە نێو بیری براو کاکە

بە کۆنی ماڵە کۆنی ئەو مەلا بەدبەختە کوردانە
بە ئاوی چاوی خۆم سۆین، یەعنی ئەو رووبارە رووناکە

کە بۆیە باوەڕی ڕۆڵەی زەمانە کورتی هێناوە
ئەوەی وا چوو بە ژوورۆ خوار و پایینی لە لاخاکە

(عومەر) بۆچی سەرت گەرمە بە سەد جۆرە ئەتۆش بدوە
بە ئەم شیعرە درۆیانەت مەقامێ زل دەسووپاکە

کەس نەزان خاکەلێوەی ١٣٥٦ی هەتاو:

کەتتانی هونەر

وەرن سەیری تەپەی قەلب و گڕەی زەخمی جیگەرکەن
هەتا مردن بە کوللی لەم نەخۆشینە حەزەرکەن

هەتا ماون لە دنیادا وەکوو من قەت مەبن قەت
رمووزی عیشق و رەمزی عاشقی ئێوە لە بەر کەن

بڕۆن بۆ شاری عێشق و عاشقی کالاّ وە دەس خەن
سەفەر بەم شارە ناهێڵێ کە خوسران و زەرەرکەن

بەڵێ گەرچی گەلێ مردن لە پەروانە قەویتر
وەلێ پەروانە تەمسیلە، کە تەمسیلێ بە سەر کەن

مەگەر ناڵێن وەکوو پەروانە وا بە ئەی مەلی دڵ
لە کاتێکا هەوای فێر کردنی مورغی سەحەرکەن؟

هەتاکەی غەفڵەتن ئیدی مەی و مەیخانە سازە
لە بوحرانی کوڵی مەستی، کەمێ شۆر و شەرەر کەن

ئەگەر بکوژی غەزا چاکە، وەگەر بمری شەهیدی
چ لەو چاتر کە کفنی تۆ لە کەتتانی هونەر کەن

هونەر ئەورۆ وەفایە و لازمەی شەرتی برایی،
وەسییەت بێ کە من مردم، هەموو یادی (عومەر) کەن

لە خەوما

لە خـــەوما شـــاگــوڵی مـــاچی دزی لێـــوم، لە لێـوانت
لە دەستی گرتبوو وەک خـەو، خـەیاڵم جـووتە سێوانت

لە تاریکی شەوی پـەرچـەم کـە تـێپەڕ بـوو خـەیاڵی دز
بە نووری روومەتت، هەروەک پەپوولە بوو بـە قـوربانت

بە ئەو تیاچوونە رازی بوو، کە دەمـدی دووکـەڵی شـادی
لە بـــاڵی هـــەڵفڕینی هـــەڵئەسا، ئـــەوساتە ســـووتانت

لە خـــۆڵی بـــاڵی ســـووتاوی خـەیاڵی، کـردە بـۆسۆ دڵ
کـــە ســـووتاوت شـــیاوە بـۆ بـرینی تـیری مـوژگانت!!

لە خەوما خەوتبوو کۆرپەی سەرنجی هەر دوو چـاوانـم
وەکوو دوو مەردومی دیدە، لە مـاڵی هـەر دوو چـاوانت

بە گەرمی شەرمی شەهلا نـێرگزت، چـاوی تـەماشا مـرد
لە خۆشی وەسـڵەتا، یـاخۆ، لە تـرسی دەردی هـیجرانت

لە خـــەوما بـــاڵم ئـــاڵا بـوو لە دەوری گـەردنی بـەرزت
گەمارۆی گەردنی دابـووم، دوو زەنگـی، واتـە زوڵـفانت

وەبــاڵی ئــاشقی دڵ پــڕ لە نــاسۆرم بــە ئــەستۆ بێ
ســـەر و ســـامانی دریــا گـــەردنم، ئـەو کـاتە خـنکانت

لە خەوما چاوی خۆر پڕ بوو لە گل، گڕ بـەر بـووە گـیانی
بە زەردی لەعلی رۆممانی و بە گرشەی روومەتی جوانت

رقی هـەستا رەقـیبت بـێسەر و بـەر بـوو مـەراقـی کـرد
کە بینی وەک (عومەر) خۆر ئاگـری تـێچوو لە تـاوانت

جونیان ١١/٣/٥٣ی هەتاوی

خەتتی برۆت

تا وتم لێوی شرینە وەک نەبات
تون ببوو، جارێکی‌تر نێوم نەبات

تا وتم شەوبۆ بەبۆ، زوڵفی ئەوە
کەوتە قینا لێم، هەتا رۆژی مەمات

تا وتم جارێکی هاتم هاتو هات
بۆ نەهاتی من، ئەدی جارێ نەهات

تا وتم ئاوی حەیاتە خەندەکەت
تووڕە بوو. فەرمووی مەڵێ دەڕژێ حەیات

تا نەجارێ، سەد کەڕەت گردت خەتام
تا وتم خەتتی برۆت مەشقی خەتات

تاو لە تاوانا هەڵات و خۆی نەگرت
تا وتم رووی تۆ، سنووری خۆر هەڵات

چەشنی ئەسکەندەر، لەقات، ئاوی بەقام
بێخدر ئەوئاوە، لێمان بوو بە قات

کەس‌نەزان بانەمەڕی ١٣٥٩ای هەتاوی

بۆ چ ئاوازێ بڕەقسم

بـۆ چ ســەودایـێ بـنالی دڵـی ئـێمەی هـەڵەبوو
بـۆ چ ئـاوازێ بـڕەقسم مـنی غـەم لێ جـەڵە بـوو

خــەڵكی ئــەم كـاتە نـیانە لەسـەرا چـم لەسـەران
بــۆیە بــێسان و بـەرەم نـوقمی بـژارو كـەڵە بـوو

هـەستی ئـێمە نـییەتی شـۆری ژۆانـی كـچی نـان
وەرزی ئەم ئەرزە كەبەم تەرزەیە بێ سـەوزەڵەبوو

پــەڕوباڵی قــەوەتم كـەوتە تـەنووری رق و كـین
تاقەتیش لێم وەڕەزە حەوسەڵـە بێ حـەوسەڵە بـوو

مــن رەشـم پـۆشییە بـۆمەرگی بـەهاری هـونەرێ
وەک گوڵی كـاغەزو دەڵـقی لەم و لەو مـامەڵە بـوو

كەوتە نێو بـاغی زمـانم بـنە وشكـەی وتـوو وێـژ
شیعری كوردی كە نەچیرێكە دوچـاری تـەڵە بـوو

والەبیر چـوونەوە دەسـی لە مـلم كـردوە خـۆ ش
قات و قڕ كـەوتە جـەمی چـم لە دلا كـەڵكەڵە بـوو

وەسفی تامینی درۆو خزمەتی دەرمان و دەوای
وەک تەمای عیشقی منی سادە بە ئەو کیژۆڵە بوو

بووم بە (کۆلیل)ی قسەی خۆم و،بزەی‌لێوی قەڵەم
کوڕپەکانم لەڕولاوازی دەمی کیسەڵە بوو

سەقز پوشپەڕی ١٣٧٣ای هەتاوی

لەسێبەری خەما

هــەواری دڵ، بـە هـۆی چـڵ و کـوڵۆ، تـەپی
خەزانی خـەم لە سـەر بەهاری گـوڵ سـەپی

بـــــڕاوە داری ســــێبەرم بــــەری وەری
پـــەری شـیعر کــرا بــەری، لە ســێبەری

شـــەوارەمــە؟ وەیــا لە چـــاو غــەوارەیــە
هــەرچـی هـەیە، هـەتاوە، هـەیڤە[1] سـارەیە

تــێر و تــــەسەل بــەزامــەوە، تــلامەوە
نـــەبەستە بــــزمەتە[2] بــرین، کـــولامەوە

لەبــــەر جــــەماڵی شــەونمی زەردەگــەڵا
روومــەتی بــووکی مـێشکمم ئــەدا جـەڵا

لە پڕ بەگوڕ ڕفـاندی لێم، سێحری حـەڵاڵ
ئێستە شـەڵاڵی یـەک خـەمین، مـن و خـەیاڵ

مـــەرگ بـــە نــینووکی دڕی، هــەڵیدڕی
ئەوکی[3] وشـەی ئـەوین، لە دڵ شـڕی بـڕی

لە مــاڵی هــەر دوو چـاوما، بـوو بـە شـەتاو
سەرنجی حـەسرەتم، لە دووی گـوڵی هـەتاو

١- هەیڤ: مانگ.

٢- بزمەتە: توێژی سەربرین.

٣- ئەوک: ناخ، قوڕگ.

تیری برووسکە هەر لە نوک هەتا پەڕی
لە دڵ بە خێرایی برووسکە تێپەڕی

ئەوەی بە دەنگی شیوەن و بە ناڵە ناڵ
سۆزی رژاندە گیانی نەی، گڕ لە شەماڵ

ئەوەی کە سەلماندی، بەبێ، رەپ و رەوان
کە زەردی دەردی گەل، زەردە، نە هی خەزان

ئەوەی بوو بە پەپوولەکەی شەمی گەلی
لەتەقتەقی رەقی رقی رەقیب شەلی

ئەوەی لە تاوی بێکەسی تواوە
سەری لە سەر سەرینی خەم ئەنایەوە

ئەوەی نەشەی بە (سروە)دا دەمەو بەیان
بە کیژی گوڵ سروودی بولبولی گەیان

ئەوەی هەڵۆی بەرزە فڕی بە هەڵمەتی
کەوبوو، لە نێو چنگی وتەی بە هەیبەتی

وەیانە، هەڵمەتی هەڵۆی بەرزە فڕی
نەگەییە سەتوەتی وتەی گەرم و گوڕی

ئەوەی پڕ بە دەمی نەڕاندی بۆ بەشی
خوراوی، قەومە کۆیلەکەی سەر بە هەشی

غەنیم [1]ی مەرگی هاتە سەر،گیانی تەزانـد
گەلاّی مـێرگی گـولاّن شـەونمی هـەڵوەرانـد

دەسـتی قـەڵەم، قـەڵەم کـرا، کـوڵمی رنـی
بووکی ئـەدەب، لە گـوێنی جـەرگی هـەنجنی

(نـالی) لە هـەندەران، لە (ئـوسکودارە)وە[2]
لە چـاو گـەوهەر و دورڕی کـەوتە خـوارەوە

(نـاڵەی جـودایـی) هـێمنی بـەژانـەوە
بـۆ حـاجیە غـەریبەکـەم گـەڕانـەوە

لەم و لەوی بـە (مـەولەوی) درا خـەبەر
هـێمنی وا نـەما، لە نـێو شـیعر و هـونەر

دەروونی (گردی مـامە یـارە)[3] گـردی گـڕ
چ نـێو دڵـی پـیری نـەمر، چ بـەردی سـڕ

کـوژایـەوە وەجـاغی (سـالم) و (ئـەدەب)
پشـتی شکـا (وەفـایی) لە زیـدی عـەرەب

(گـۆران) لە گـۆڕانـی چـەرخ لە گـۆڕەوە
راچـەڵەکـا، بـە گـۆرانـی شـەپۆڕەوە

تـەقەڵدرا، لە لێـوی بـێ کـەسی کـەسم
(نـاری) و (قـانع)ی زەمـان چـوو لە دەسـم

١- غەنیم: دوژمن

٢- نالی و حاجی قادری کۆیی لەوێ نێژراون

٣- گلکۆی (پیرە مێرد) لەوێیە

(سواره) شۆڕەسوواری جـوانـه مـەرگە بـوو
یەک بوو خەوە بـەردینەکـەی، گـەڕا بـە دوو

بــە هــارییەی (زاری) و (زیـوەر)م لە سـەر
مــەیتی ئــەویندارى گـولاّ، مـات و پـەکـەر

بە سەر لێـوی (هـەژار)مـۆ بـوو بـە سـەهۆڵ
مـاچی کـچی قسـەی جـوان و نـەرم و نـۆڵ

لێـــوە لەرێـــیە گــەل، لە ســێبەری خــەما
رەنگــی گــوڵی (ئــاوات)ی کـامیلم، نـەما

لە ســـینگی (خــاڵەمینە) مــینی دڵ تــەقی
بە پێی جـەرگی (حـەقیقی)یـا دڕک چـەقی

(هێدی) وەکو (کۆلیل)ە هاو فرمێسکی سوور
لە ســــەبرەوە دوورە دڵـــی، پــتر لە دوور

هــۆنەرەکـان، (شـپرزە) حـاڵ و سـەر کـزن
هــەموو وەکـــوو مــەلا غــەفووری حـافزن

وەلێ چــارەنییە: شــوکری خــودا مــەگـەر
ئــەجەل تـێغی بــڕایـە، هـەرکە هـاتە سـەر

نــەمردووە کــەسێ کــە پــەسنی[1] مـێژووە
بــە تــایبەتی ئــەوەی بــە زاری خـــۆ دووە

١- پەسن: پەسەند

خـــوا بــه تـیشکی ئـاوی چـاوی ئـەو گـەلە
لە گــۆمی ئــەشکیا، کــەوتە بــاسکە مــەلە

ئـــەوەی بـــە ســـەخڵەتۆ ژیـــا لە مـــێژەوە
کـــە ئـێستە گــۆڕەکــەیشی وا بـــە لێـژەوە

بـــبەخشە تـۆبیو مـوحەممەدی ئـەمین(د.خ)
ســـینە بـــریندارى خـــەمین، دەم بـە دەمـین

هـەتا نـەچێ لە بـیری مـێشکی کـوت کـوتم
قـــەڵەم، بـــە ئـاوەزێکەوە بـــە گـــوێی کـوتم

بـــخوێنە بــۆ ســـاڵی چـەقینی گـوڵ، لەگـڵ
«خـــەمت نـــەبی هـێمنە وا لە نـاوی دڵ»[1]

سەقز مانگی گوڵانی ١٣٦٦ای هەتاوی

١- ئەم لا شیعرە دواییە بە حیسابی ئەبجەد، وە ڕێنووسی کوردی، دەکاتە ١٣٦٥ کە هێمن لە قاتە لێوەی هەمان ساڵا کۆچی دوایی کردووە.

«پێنج خشتەکی لە سەر هۆنراوەی مەلا غەفوری حافز»

خەلفی چنار

دەردم نەیەکێکە، نە دوە، تا نەهەزارە
رۆژ و شەو و عاسمان و زەویم گشتی نەیارە
بەم حاڵەوە هەر خۆت بلێ تۆ خوا ئەمەکارە
ئەو بەژنە لە بارەت کە دەلێی خەلفی چنارە
بەو پرچە درێژانەوە لێم بۆتە قەنارە

* * *

ماسی دڵەکەم دیلە بە توڕڕەی وەکوو تۆڕت
ماسی جگەر و سی ـم و کران زیندە بە گۆڕت
من چش کەوی کەوتووی کە لە لای هەڵمەتی پۆڕت
زنجیرەیی سینتۆیە مەگەر پەلکەیی شۆڕت
بۆ گرتن و خنکانی گەلی کوردی هەژارە

* * *

شۆڕ بۆتەوە دوو ماری سیا چێرە لە کۆڵت
بۆ گەستن و چاو بەستنی دڵداری کوڵۆڵت
ماڵم هەقە حەقکوژ نییە وەک مەیلی سەهۆڵت
بۆ کوشتنی تێکرایی چ چالاکە مژۆڵت
لەم خەڵکە کە چەوساوە لە ژێر باری پەژارە

* * *

ئەو خاڵە رەشە قورسی سیانووره بە بەیتۆ
خۆیناوی دڵی کۆیلەیە پەنجەی بە خەنەی تۆ
ئامپوولی لەخۆ چوون و خەوە، زەردەخەنەی تۆ
وەک بەندی قزڵقەڵعە دەچێ چاڵی چەنەی تۆ
هەرچی چو بەشی جەزرەبەیە، قەمچیە، دارە

***

سیخۆری سیا وادەوو، پەیمانی درۆتە
کەم نین بە درۆ ، ئەو دەس و پێیانە لە کۆتە
بێ وەی نییە کەس لەم شەڕی تالآن و بڕۆتە
ئەگریجە کە فەرمان بەری ساواکی برۆتە
دیلی دەسی ئەو روو رەشە، زیاتر لە هەزارە

***

سوبحانەتە جەرگی من و دڵ بابەتی شێوت
خوا رازقە ئەمما بە ئەمن کردی بە خێوت
نانا نە ئەمن گیانی هەموو، وان لە گرێوت
کێت کوشتووە وا شاهیدی خوێن خۆریە لێوت
نینۆکی دەسیشت کە بە خوێندا چووە دیارە

***

تاو تاو بە کەزێ داو دەنێو، تاوێ بە چاوت
کێ کوردە ملی وردە بە دوو زوڵفی شکاوت
بڕیاری برۆتە نەبرۆ، تا زەجە لاوت
تۆزێ بە زەبیت نایە بەوانەی کە لە تاوت
وێڵن لە دەرو دەشت و جێیان کێوو نزارە

***

«پێنج خشتەکی لە سەر هۆنراوەی مەلاغەفوری حافز»

خەرمانی خەم

ئەو عەرعەری باڵاتە، چ بەژنێکی تەریکە !
ئەو خاڵە لە رووت چین؟کە دڵی پێوە خەریکە !
گیان نووستوە یا مردووە سادەی، خەبەریکە
ئەی جووتە مەمت، عەینی هوڵوی تازە فەریکە
فیداری دەسی تۆیە دڵم، چارەسەریکە

✧ ✧ ✧

خەرمانی خەمی پرچەکەتم ئافەتی رووتە
شەوگاری رەشی کەزیەکەتم هاوەڵ و جووتە
ئەوباڵی منت وێ نەکەوێ، رەش وەکوو مووتە
گیان بۆتە پەپوولێک و لە دەوری شەمی رووتە
تا باڵ و پەڕی پاکی نەسووتاوە، دەریکە

✧ ✧ ✧

زستانی لەشم سڕسڕە، تێدا نییە بووژێ
گۆڤاری وتەم بێ تەوەژەو، بێ گڕی سووژێ
هەر تیری مژۆڵم بەسە، لێو لێم دەکورووژێ
چاوت کە بە هاوکاری برۆت خەڵکی دەکووژێ
ئەگریجە لە پای چی،لەگەڵ ئەو جووتەخەریکە؟

✧ ✧ ✧

ئەو خاڵە لە رووتە، دڵی مێخەک دەشکێنێ
پەنگاوی بزەت بۆوە دەبێ خۆر دەمی لێنێ
کەی قیمەتی تۆ زێڕ و تەلاّ و دوڕ دەری دێنێ
دژمن دەیەوێ تۆ بە تەلاّ هەڵ خەڵەتێنێ
یا جوابی بە تێلاّ بدە، یا جارێ کەرێکە

✧ ✧ ✧

لەو رۆژەوە تۆم دی دڵەکەم شیوەن و رۆیە
وەک چۆلەکەیێکە، کە لەنێو چنگی هەڵۆیە
دڵ رەق مەبە، تانەشکی، کەرەم عەینی شکۆیە
ئەم شاعیرە بێچاوەکە سەوداسەری تۆیە
تاوێ وەرە دەس باوێ ملی بەختەوەرێکە

میوانێکی نوێ

مامۆستای دەرسی هۆشیاری و زانین، وێڵ گەردی شاران
لە ڕێگەی کوردی بێبەش بوو لە ژین، دڵ گەستوی ماران

هەژاری هەژار، بۆ هەژاری گەل، تەمەن لە دەس چوو
ئاسکی دڵ ناسکی سەر باسکی ئەمەل، دەست و پێ شەل بوو

کوردیت و کوردم رووتم نەدیوە، چونکوو هەژاری
لە مێژە کۆرپەی وەفا هەتیوە، لە کوردەواری

هاتوو کەسێکیش وەکوو تۆی هەژار، وەفای بە خێو کرد
لەرووتان دووربێ هەزار هەزار جار، لە ترسی خێو مرد

هەرچەن دەترسم خۆیشم لەو خێوە، بەلاَم بە هەر حاڵ
منیشی هێنا، بەریزی ئێوە، گەرمی ئەشکی ئاڵ

ئێوە کە هەوری بارانی باس و بووکی هەڵبەستن
هیواو مەبەستی منێکی کاس و دەستەی بێدەستن

رجایە وەک من میوانێکی نوێ پێشەل و ماندوو
لە چۆڵ و دۆڵی سەفەری بێ ڕێ ژیان دۆڕاندوو

بـــــــحەویتەوە بـــــە پشـــــوودانـــــیێ،		بە فێنکە ئاویێ
بـــــە چـــــاوەدێری هـــێزا و لێزانـــیێ،		لە ناتەواویێ

گـــەر بــە هـــیوابـــیێ دلـّـۆپیێ وەک مـــن		نەبێ بە بوخار
خـــۆی بـــهاوێژێت لە بـــەحریێ بـــیێبن		ئەبێ،وەک هەژار

تـــــا لەنـــێو بـــەحری بـــیر و بـــاوەڕیێ،		بە پیت و ڕەوا
هـــەر تـــەڕ بـــمێنیێ لێـــی هـــەڵنەپەڕیێ،		هەناسەی هەوا

وا دڵـــــۆپێکت لە فـــــرمێسکیێ گـــەش،		لە چاوێکی تەڕ
وەک دیاری شوانیێ پێت ئەکەم پێشکەش،		بە هەست و باوەڕ

بـــــە کـــــاسەلێسی لە ئـــەم و لە ئـــەو،		دیوانیێ کەم ڕەنگ
بـــــیێ دێـــڕو گـــێڕو بـــیێ بـــردو بـــڕەو		نە شۆخە و نە شەنگ

دەنـــــێرم بـــــۆتان، مـــــامۆستای زانـــا		هەڵبەستی زانین
کـــوردێکی پـــەتی، بـــە وشـــە و مـــانا،		بە وتە و نووسین

(عومەر) بـابەس بیێ ئـەم بـەیت و بـاوە		نەوا ریا بیێ
«گەرمیان و کوێستان هـەر دڵ حـەساوە»،		ئیتر کۆتا بیێ

وتوویژی من و تاقەوسان

ئەی تاق بێدەنگ، تاق وەسسان و بەرد
زمانی مێژووی چەرخەکەی چەپگەرد!
جامی باڵاروان، تەواو نوێنم!
خەزێنەی پیری، حەکایەت خوێنم!
پشتت بەرزۆ بووی تۆشەو تێلانە
بەردی سڕ لە لای ئەم چاوخێلانە
سەدای پای مێژوو تیا تۆمار کراو
ناڵەت دەبیستم، بە گوێچکەی دوو چاو
ئەی بەردە نەخشی، نەخشاوی نەخشاو
قانوون نامەکەی غوربەت پێ بەخشاو
گیرم لە مۆری سکووتی زارت
زارم بە نەغمەی نەخش و نیگارت
ئەو شۆڕە سووارە مەردە بەردینە
تەلەسمی چاوی، شۆخی شیرینە؟

یــــا خــــۆ عــازمی شــەڕ و نەبەردە
لە حــاستی دژمــن ســەختە و لە بـەردە
ئــاخۆ ئـەسپەکـەی ژێـری شـەو دێـزە
خۆی شای شیرین کام، لە شەکەر بـێزە؟
یــا رەخشــەو رۆسـەم بـە هـەڵەداوێـن
دەچــێ بــۆ مـەیدان شـێری تـۆڵەسێن

❊ ❊ ❊

ئـــەی تــاقەوسانی بـە تــاقەت و تــاق
بــــێ وتـووێژی پــڕ قسـەو نـەتاق
بــــدوە لە گـــــەڵما، پــیری پـــڕمایە
هـەر چـەن ئـەڵێن بـەرد دەنگـی دەر نـایە
بــــێژە بـــــەوانـەی وا لە دەوری تــۆن
وا هـەر لە بـیری حـەیف و مـەیلی خـۆن
ئـەگـەر ئـێوەی خـاو خـاوەن بـڕوا نـین
بـێن بــە دۆربــێنی دیــدەم بــڕوانــین
تــا چــاو و گـوێتان بــاز بــێ لە ویـدا
ســەدای بـەردی رەق هـەڵچێ بـە گـوێدا
بـــەلام تـــاقەوسان ئـــەم خـــێڵە کـــاسن
زووان و فـــــەرهەنگی ئـــێوە نـــاناسن
ئـــــەمان گـــیرۆدەن بـــە جـــۆرە دەردێ
لە یـــەک نـــابیسن، تـــا لە تـــۆی بـەردێ

وەلێ مـــن هـــاوار زەمـــانم لێت بـــیست
قـــاقاو پـــێکەنین گـــریانم لێت بـــیست
شـــــنەفتم شـــــیرین، یـــێژێ بـــە وردی
تـــۆ لاڵـــە و تکـــای فـــەرهادی کـــوردی
تـــاقەوسانی جـــوان، تـــا دێـــمە لای تـــۆ
مـــانووم دەر ئـــەچێ مـــن لە پـــەنای تـــۆ
فـــێنکی ســـێبەرو ئـــەبرۆی مـــێحراوت
ئارەقم دەســـــڕن تـــا دێـــمە نـــاوت
دەفـــتەری شـــیعرم بـــەر ئـــەبێ شـــینی
ئـــاخر تـــۆ شـــینگەی ئـــاسمانی شینی
پـــام لە شـــوێن نـــایە، بـــێژم جـێو بـێڵم
مـــنیش هـەر وەک تـۆ بـێکەس لە خـێڵم
هاو رازێ نـییە بـێخەوش و یـەک ڕەنگ
هەرکەس شاعیر بوو سەری دای لە سەنگ
نـــەنگی ڕەنگ و ڕۆن کـــڕیارن یـــاران
دوور لە فـــــەرهەنگ و بـــڕیارن یـــاران
بـــۆ تـــیکەو پـــارە، وەک تـــیکەو پـارەن
بـــە دەوری کـــۆشکا، کـــەوتە و بێکارەن

* * *

ئـەی تـاقەوسانی گـیانی شیعر و بـیر
ئـــەوکـــاتەی مـــنیان بـــڕانـۆ لە شیر

دایکــی غــەریبی بــاوشی پیاکــردم
بــا هــات و نــاڵەو هــاواری بــردم
زۆر شــەوان خــەوتم، لە پــای کـێلێکا
جــێیان پــێی نــەدام لە نــاو عــێلێکا
لە لای زۆر بــەردا بــە سۆزی گــریان
دەروونــی عــەرشم بـۆ بـوو بە بـریان
ئـــەوساتە مـــن و بــەرد و بــیابان
ئــێستا مـن و تـۆو تـەسویری شـاهان
دەستی سەرنوشت وای نووسی بۆمان
گشــتی نــەداوە بــە دەسـتی خـۆمان
ئـەمما هـاوار و بـانگەشەی سـرشت
لە هــەر لا بــەرزە بـۆ ورد و درشت

* * *

ئـــەی تــاقەوسانی کــەتیبەو کــتێو
ئەی بانگی رەسا پڕ بە دەشت و کـێو
ئـەم رێـبوارانــە دیــل و قــەتیسن
داخـــی گــرانــم دەنگت نــابیسن
لە ســەر دوو لێـوی بـیری ئـەمانە
یــەخی بـەستووە خــۆری زەمـانە
شــپرزەی بـەڵاو سـەرگێژی هـۆشن
گۆشتی کولاّوی بە حیرس و جۆشن

چاو لە تـەماشای نـەخش و نـیگارن
گوێ کەڕ لە بـاس و هـەرا و هـاوارن
دوورن لە نــزیک، نــزیکن لە دوور
دەبینن ئەسپ و سوارێکی مـەغروور
واقـی تـەماشای شکـڵی خـوسرەون
نـوقمی هـەیکەلی شـەودێزی ئـەون
من سەدای شـەیپوور ئـەژنەوم لەوێ
حینەی شەودێزم دێـنە هەر دوو گوێ
ئــەمانە غــەرقی فــڕکەی نــەچیرن
من گـوێم لە هـاژەی شـاپەڕی تـیرن
ئــەمانە تــاجی خــوسرەو ئــەبینن
من گوێم لە خرنگەی بازنەی شیرینن
جــەشنەو دەبـینن شکـڵ و قـەوارە
ئــە مــن دەبــیستم دەنگـی نـەقارە
هــەژاری بـیرن گـورۆی چـاوەڕوان
لە زەیـن و هـۆشا وەک بـێباوڕ وان
پەیامی زەردەشت لە دەستی شاپوور
دیــارە لەمـانە ئـەویش دووراودوور
ئــەمن ئــەو لەوحــە شـریتی گـوێمە
مایەی تەسەللای دڵـەی بـە سـوێمە

مـن شـيعری شكـۆ دەژنـەوم لە كـێو
هــەر چــەند ئەمانە نـابيسن لە لێـو
دیدەی شیعری غەم، دیارە چەن زیتە
لە هەر چـاوێكيا دوو گـوێچكە قـيتە

❊ ❊ ❊

ئەی تـاقەوسانی رووگـەی عـێلی سـەور
سوورەی وەالحـەجەر، حـوجرەی دەرس و دەور
تــــاقت گــــەنجينەی تــــاقی ئــافاقە
مــەتنی فــەلسەفەو شـەرحـی ئيشراقـە
ئـەو كــانی و ئــاوە، وا لە پــەنای تـۆن
دیــارە ئــەسرینی ســڕ و ســاردی كـۆن
هـــەر ئــاوێ لە پـای بــەردی جــيايە
بـــێشك فــــرمێسكی كــەژ و چـــيايە
ســــەدای الوداع، ئــەشنەوم بــە چــاو
لە هــاژەی ئـەسرين واتــە كـانی و ئـاو
پـــێچ ئەدا لە خـۆی، شـينكە مـاری جـۆ
لە داخ و دەردی، كـــوشتەی رەنگ و بــۆ
حـــــوبابی هـــــەتيو بــە شـــوێنی ئــاوا
دڵـــــی ئـــــەتۆقێ لە حـــــەيف و تــاوا
دەگــری بـــۆ ولات، بـۆ مـنی بـەدبەخت
بۆ تۆ بەردی رەق، پۆلاسای گيان سەخت

دەگــری بــۆ مــرۆی، ســڕ و ســاویلکە
بــۆ دەمــاری کــوێر بــە هــۆی چــاویلکە
دەگـــری لە داخـــی تـــوونیەتی کـــەویر
بـــۆ بـــێبارانـــی وەرزی زەیـــن و بـــیر
دەگری بـۆ سـووارەی گـەلی رەنـجە رۆم
ئـــەوانـــەی قـــڕیان خســـتە ســـپای رۆم
دەگـــری بـــۆ خـــەرگا و خـــێوەتی وێـران
لەم شـــوێنە، کـــە شـێر پـێ ی نـەدەوێران
دەگری بۆ شەڕ و سـولحی دوای جـەنگ
بــۆ تــۆ کــە زەمــان کــردووتی بــە ســەنگ
بــۆ مــن و هــیوای پــووچەڵم بــە هــیچ
بـــۆ تـــێبینینی دیـــدەی تـــیل و قـــیچ
بـــۆ تـــــۆ دووربـــێنی عـــەنتیکەناسان
تـــیکەی عـــــەنتیکە بـــۆ تـــیکەناسان
بـــۆ مـــــنی لێـــــڵ و لاڵ و دامـــاوێ
لای بـــەردا نـــەوێ زوانـــم بـــەر نـــاوێ
بـــۆ تـــۆ کـــە دەرکـــی ئـاوەڵای مـێژووی
بۆ کەس و ناکەس جێگای هات و چووی
بـــۆ مـــن کـــە پشکـۆی سـووری خـەیاڵم
دەڕوێ لە کـــۆشی خـــاترەی تـــاڵم

بـــۆ تـــۆ، بـــۆ قـەسری وەکـوو بـلوورت
کـــە شـــەوی تـاریک دەنـویّ لە ژوورت
بـــۆ مـــن و دوو پـای شـەکـەت و شـەلم
مـــــاندوو لە هـــەنگاو بـــەرەو ئـــەمەلم
بـــۆ مـــن کـە راوچـی بـە نـەختیّ هـەویر
ئـــەمکا بـە غـەزای سـەر سـفرەی تـەویر
بـــۆ تـــۆ کـــە لاوان پشـــتەڵپشتت چـوون
گشت و کەمت بوون، کرژ و گشتت چوون
دەگـری بـۆ مـن و سـەری سـەر ئەژنۆم
بـــۆ پـــەنا هـــێنان بـــە کـەژ و بـــە کـــۆم
مـــنی هـــەژاری ئـــەفسانە ســـازیّ
بـــیسەر لە بـــەردیّ دەنگ و ئـــاوازیّ
دەگـــری و دەخـــوێنیّ بـە رۆژی شـەڕما
ســـروودێکی تـــەڕ بـــە گـــوێی بـــاوەڕما
کە ئەی (کۆلیل)ی پڕ وێژی سەر گێژ
سـەر سـووڕی تـاق و چـیای رژد و لێژ
ســـپاس بـــۆ یـــەزدان گـــەیشتی بـە یـار
بـــە هـــاو زمـــانیّ لە نـــەسڵی بـــڕیار
خـــوا شـــوکر خـۆشی بـانگی لیّ کـردی
تـــەوافـــی کـــابەی غـــەمی پـــیّ کـــردی

ســـووتایو بـــرژای، لە کـــوورەی غـــەما
هـــەتاکـــوو دەعـــیەو دەمـــارت نـــەما
بـــوویتە هـــاو زمـــان بـەردێکی نـەخشین
خـاوەن هـەستی خـەست، تـامەزرۆی بـەخشین

* * *

ئـەی تـاقەوسانی دیـار و سـرپۆشم
(کونجی جێژوانی چۆڵ و خامۆشم)
قـــەسری شـیرینم، شـیرینی قـەسرم
جـــەم و تـــێزاوی، ژمـارەی کـەسرم
لە نـــێو بـــازاڕی ئـــەمڕۆی ژیـــانا
ئـــەوین گـــرێوی بـــە هـەوەس دانـا
هەر مەلی عـیشقێ، بکـێشێ نـەفەس
دەیکـــەن بـە دارا و دەیـنێنە قـەفەس
ئـــەم خـێڵە ئـەونە پـووچ و دەغـەڵن
لە هـــۆزی نـــوورا تـــۆزو دووکـەڵن
مـــرۆ بـــەردینەی راســـتی ئـــەمانەن
پەیکەرەی کـرم و خـۆرەی زەمـانەن
تـینوو بـە خـوێنی فـەزڵ و هـونەرن
نـــەزان لە واژەی پـــەرد و بـــەشەرن
تـــانە و تـــەشەری لێـــوی نـــاجۆرن
دەردی بـــێدەرمان، زامـــی نـاسۆرن

له ئــاوی زەم زەم بــەرکنار و وێــڵ
باڵ وپـەڕ ئـەشۆن بـە سـێلاّوی لێـڵ
سا پەڵی فڕدە ئـەی بـەردی مـەڕمەڕ
بشکێنه سەری شەوی شـوومی شـەڕ
ئاسۆی خۆر هەلاّت رەشـی پـۆشیوه
ئـێژی کــه هــەرگیز رۆژی نـەدیوه
بــا لەمــه زیــاتر، پـەل نـەوەشێنین
هەر کەس وەزیفەی خۆ به جێ بێنین

وەڵامی تاقەوسان

* * *

ئـەی (کـۆلیل)ی غـەم رجـا بـا بـردوو
ئـەی داوێـنی کـێو بـە نـودبە گـردوو
ئـەسڵی ریـازی، بـەم خـەڵکە وایـە
زەرب و تـەقسیم و جـەمع و مـینهایە
بـۆیە گـرانـی دەردێ گـرانـە،
زەربـەتی شـەستی، زەربـی زەمـانە
دووپات و سێ پات، سەد راو سەد هـەزار
بـۆ بـەش کـردنە لە بـەینی زۆردار
زۆردار و بێزۆر، مۆرەی هـات و چـوون
کـە وا بـوو ئـەسڵی ریـازی هـەر دوون
لە زەرب و تـەقسیم کـێ غـافڵ نـەبێ
روو رەش بـم، ئـەگـەر روو سـپی نـەچێ
راکـە لە دەسـتی ئـەم سـەرما و سـۆڵە
بـڕۆ نـێو ئـاگـر، یـا ببیە شـۆڵە
یـا خـۆ رەقـۆ بـی و بـبیتە بـەردێ
قـورس و نـەبزوێو لە پـەنای هـەردێ

مـنيش بـەم هـۆیە سـەنگینم، سـەنگم
واتـە پا بـەرجا و یـاری یـەک ڕەنگـم
لەم تـاقە فـێربە، مـانای ڕاوەسـتان
مـانای چـاودێری، بـۆ ڕۆژی هـەستان
هـەر چـی لێـرەدا نـەخش و نـیگارە
حـەرفی پـڕەنگی قـەوڵ و قـەرارە
گـەلێ پـەنایان هـێنا بـەم کـێوە
لە بـەریان هـەستاو وەسـتا بـە پـێوە
کۆشکی ئـەشکەوتی پـێ عـەتا فـەرموون
کـەڵ و بـەرانـی، کـردە گـاو گـەردوون
کـە چـی هـەموو چـوون، بـێ‌ماڵاوایـی
یـەکـێکیان نـەیکرد، گـەردن ئـازایـی
ئەو چەشمەو ئاوەی بیری تـۆی بـردوون
جـامی بـەر بـووکی زەمـانەی گـردوون
بـووکێ کـە هـەرگیز نـەگـەیە مـاوا
هـەر چـاوە ڕێـیە بـێ‌چارە زاوا
کـەفی گـۆرانـی لەسـەر دەم و لێـو
بـا سـەر بـنێنۆ بـرازاوە بـێ‌شێو
هـەڵپەڕینی ئـاو بـەرگی عـبوورە
پـێناسەی خـەوە ئـەو تـاق و ژوورە

تـــا مـــن و تـــۆیی دەمـــی وا لە گـــۆ
ڕەق ئـــەبینەوە بـــە تـــاشی بـــەردۆ
وەخـــتێ کـــە ئـــێمە نـــاوی بـــێتە نـــاو
مـــایەی ژیـــانین چـــەشنی کـــانی و ئـــاو
بـــارانـــی هـــەوری مـــن مـــن و تـــۆیی
بوو بە مـەزرەعەی کـەکـرەی دوو پـۆیی
شـــای مـــەغرووری ڕۆم بـــەو بـارانـاوە
لە ژێـــر پـــای شـــاپوور مـــلی شکـــاوە
تـــۆمی ئـــێمەیە بـــەهاری هـــەر مـــان
پـــاییزی نـــەمان نـــایێتە ســـەر مـــان

* * *

ئەی (کۆلیل)ەکەی زوانی بـانگ و قـاو
بە مـێقرازی غـەم چـەشنی شـەم قـرتاو
کـاتێ کـە مـەستان بـە قـەستی هـەستان
نـاوی هـاتە نـاو، شـاری چـاو بـەستان
ســەری بــەد مــەستی دریـا بـە تـاشا
ســەر چــۆپی کـێشای هـاواری حـاشا
گـــاوانـــی گـــرتی دەســـتی زبـر و ڕووش
خۆر بوو بە تیکەی شەوی تار و تووش
لە گـــوانـــی ســـوبحا چـــۆڕێ شـیر نـەما
ئـــەونە تـــاریکی جـــەم بـــوو لە جـەما

نـــەچاو دەبـــینێ نـــەخشێ لەم بـەردە
نـە گـوێ دەبـیستێ نـاڵەی ئـەم هـەردە
نـــاخی نـەی گـردی شـیرینی شـەکـەر
نـــاڵەی گـــیان سـوزی لێ نـــایێتە دەر
وەک چرای سەر رێ خـەندەی نـووری گـەش
کـوژاوە، بـە فـووی بـاڕەشی روو رەش
لەم ســــەرزەمینە پـــان و بـــەرینە
ئـــاخری هـــەر بـەردە نـوێن و سـەرینە
هەر وەک ئـەمانەی کـە خـەوتوون لێـرە
نـــە یـــەکـــێ ژوورەو نـە کـەسێ ژێـرە
لەم قـــەبرستانە قـــوفڵی بـــێدەنگی
دریـــا لە لێـــوی ســـووارانـــی جـەنگی
هەموو وێـنەی یـەک، جـێ رژد و لێـژن
ئێژی تـا ئـێستەش مـەست و سـەرگێژن

※ ※ ※

(کۆلیل) ئەی خەستەی غەمی ئەم و ئەو
ئەی هـاواری بـەرز رێگـردوو بـە شـەو
زۆر لە مـــێژینەی مـــێژووی زەمـــانە
تـــۆمارە لە نـــێو ئـــەم تـــاقەوسانە

شـــنەی گـــۆرانـــی لە ســەحنی هــەیوان
لایـــە لایـــە بـــوو، بـۆ خـــەونی کـــەیوان
چەپکە چـــەپکەی گـــوڵ لە بـاغی لێـوان
هــــەزاران هــــەزار، فـــەرزانـــەی لێـــوان
دیـــدەی قـــەترانـــی، پـــڕ لە وتـــوویژ
زۆری لەم شوێنە کردن ســەرعی و گـێژ
بـــێ‌خەبەر لەوەی بـــەو دیـــدە و لێـــوە
دەبـــــن بـــە داوۆ بـــە دەست و پـــێوە
بــــەرەو شــــاری دڵ رۆیـین بـە خـــەیاڵ
کە چی کاڵۆ بوون وەک سیحری بـەتاڵ
بوون بـە نـەخشی بـەرد بـەڵکوو بـمێنن
لەو دونــــیا تـــۆڵەی قـــاروون بســـێنن
گـــیان بکـەن وەبـەر گـــوێرەکـەی زەڕا
لەبــــەر تــــاریکی بـــیر و بــــاوەڕا
زۆر بـــۆ زڕەی زێـــڕ، کـەوتن بـە روودا
نمروود یـان گـرت و بـەریان دا بـوودا
بــــەڵێ عـــەقرەبەی ســـەعاتی مـــێژوو
هەناسەی ژمارد هەرچی هـات و چـوو
گـــوڵ چـــوو بـە تـالان، بـاغەوان تـۆرا
تەرمی خـەت و خـاڵ بـە لافـاو شـۆرا

راوچـــی پـــێکەنی، گــریا کــارمامز
ئەو شاد و خەندان، ئەم مـات و سـەرکز
بـــۆنی رەجـــاڵی هــەڵسا لە تــالار
شــا بــوو بـە کـوچکی رەقـی رۆژگـار
لێــوی نــازاران بــوو بــە کــاسەکـەل
خـــنکا لە گـۆمی ئـەجەلدا، ئــەمەل
بــــرا زوانــــی لاف بــە تــێغی مــانا
خـــۆشی مــــامەڵەی بــــەتاڵی دانــا
نزمی بەرزۆ بـوو، بـەرزایـی پـەس بـوو
کراسـی یـۆسف پـارەی هـەوەس بـوو
چــاوی تــەماشای داغ و دەرد و ئـێش
رووانـــی لە زامـان سینەی جـەفاکـێش
تـەنگ و چـۆڵەمەو گـرێ کـۆڵەی ژیـن
بــوو بـە تـەزوێحی بـیر و بـڕوای دیـن
لە دامـــانی کــێو هــەڵسا تــەپ و تـۆز
سـەریان لێ شـێوا هـۆزی قـیت و قـۆز
گـیانی سـەرگەشتەی مـەجنوون مـەیلێ
نــەما، گــوم نـەکـا هـەوارگـەی لەیـلێ
گــوڵ لە ئــاو زەنگـی نـازا شکـا پـای
جــۆلاتەنەی داو بــە کــەمەن کـێشای

خــەزانــی خــزان، خـــزگەی رۆژگـار
هــەتا کــاول کــا مــەڵبەندی هــەزار
یا خۆ دەر بـێنێ دەسـی نـووکە نـووک
لە ژێــر سـەر بـەهار، سـەرینی گـڵووک
گـــێژاو گـــێژیدا تــەنوورەی دەریــا
بە ئەو چی کەشتی چی هات بـە سـەریا
دەســـتێ نـەگـیرا، تـا دەرچـوو لە دەس
دڵ هــیوای نـەدی تـا نـەبووە قـەقنەس
کـێ کـوشتەی رشـتەی ئـاوەدانـی بـوو
لەوێـوە بــەرەو مــاڵ وێــرانــی چــوو
ئــیتر حــاڵی بــە (کــۆلیل)ی هـەردە
یێخەی خۆت بگرە، یێخەی مـن بـەردە
بــە گـەرمای سینگی کـۆتری هـەناوت
هــەڵبێنە هــێلکەی هــێلانەی چــاوت

سنە ـ بانەمەڕی ١٣٧٤ای هەتاوی

بۆ کێلی مەزاری دۆستێکی خۆشەویسم

تەزی مەرگی ئەتۆ گیانی تەزانم
لەسەر تەختی ئەوینا، دای بەزانم
دڵێکم بوو گوڵم، گەرم و هەوا خۆش
بە بێ‌تۆ، ئێستە سەرماکەی خەزانم

جونیان ـ خەرمانانی ١٣٤٩ی هەتاوی

سەروی تاران

گیانە کەم! ئێستەش بەهاری (سەرچناران)ی منی
تێکەڵی بیری لەمێژینەی بەهارانی منی

گەرچی خۆم بەختم ڕەشە، سەرخۆشی خاڵی سەوزی تۆم
هەر بە غەوزێ، وا لە (بەغدا)، سەروی (تاران)ی منی

دوو زمانیشم بێ وەک خامە، حەرفم هەریەکە
گوڵبژێرو سەرتەڵی، ڕەستەی و تارانی منی

مووڵەسەرزارم، وەدەربێ، باسی زولفت هەردەکەم
خاوەنی داروتەنافی، سەربەدارانی منی

دەستی چەوری خۆی بە سەرما قەت نەساوی چەرخی‌کۆن
چون بە فەرمانی وەفاداری گلارانی منی

چی سەری سارای ژیانی عومری را بوردوو ئەدەم
نەوگوڵی دەشتی خەیاڵی، جێ هەوارانی منی

پەیڕەوی فەرمانی عیشقم، عەقڵی بێفەڕ هەر بڵێ
بێخەبەر خۆ تۆ لە خێڵخانەی، هەژارانی منی

بای سەبا، با، لای سەحەر خۆ هەڵنەکێشێ پێ‌مەڵێ
یێخە چاکی یێخە چاکانی هەزارانی منی

بـــۆنی قـــینی کـــنجی ســینەی نـاکــەسان تـاڵی لەدەم
چـــــاوەزارو بـــەرگری، کـــینەی نـــەیارانـــی مـــنی

چـــۆڵە دووکـانی کـەسی، مـن بـۆیە تـا مـاوم ئـەڵێم:
گـــەورە بـــازاڕی مـەسی! پـا تـەختی شـارانـی مـنی

کـەس نـییە سۆراغـی دڵ بگـرێ، مەگـەر سێڵاوی غـەم
رەبـــبی غـــەم جـەرگت نـەسووتی! واڵە یـارانـی مـنی

وشکـــە ســـاڵی زاڵی پـیری ئـە وکـی خـنکانم، وەرە!
تـــۆلە شـــێوەی، ئـــاسمانی بـــەختە بـارانـــی مـنی

تـــیری مـوژگان بـا لە خـوێنمدا، بتاوێتۆ، کـە خـۆت
شـــارەزای گـــر پـــەو بـــڵێسەی، شـــادەمارانی مـنی

هێندە پێم خـۆشە بفەرمووی «چـەندە تـاسەت کـردوم»؟
وەک ئـەوەی بـێژن ـ لە زومـرەی، تـاسە خـوارانی مـنی ـ

ژەنگ و ژاری نـــامورادی، هـەستی (کـۆلیل)ی پـوانـد
گـیانەکـەم! ئـێستەش مـورادی جـاری جـارانـی مـنی

کراسی گوڵ

ئەی وەکو شەونم لە هەوای شاخ و بەنەن پاکترا!
ئەی لە دڵی رۆشنی ئەم عاشقە روونا کترا!

ساوی دو شمشێری برۆکەت کە ئەدەی تاوتاو
چاکی دەروونم لە کراسی بەری گوڵ چاکتر

چاوی خوماری مەسی مەستت لە شەراو بانتر
لێوی تەریشت لە مەیە، زۆر لەترێ تاکتر

بۆ گڵی دیدەی لە گرێ پڕ پڕە کەم خاکپات
کاری لە دەرمانی حەکیمان فرە چالاکتر

با بشکێنێ کوچکی ئێوە سەرم جارجار
دەستی نەوازش نییەلەو بەردەیە قەت چاکتر

مانگی یو پەنگاوی بزەت پەخشە لە سەر ئاسمان
بەحری سر شکم لە سییا، لێرەوە ساواکتر

لەودەمەوە گیان بووە قەقنەس بەشەمی رووت سووت
نەک وەکوو پەروانە لە پەروانە کە، بێباکتر

بێجگە لە فرمێسک و لە تۆقلەی جگری داغدار
چی نییە (کۆلیل)ی لە خاکی بەری پێت خاکتر

بەشی دووهەم

مانگی تۆراو

مامۆستای دەرسی هۆشیاری و زانین   وێڵ گەردی شاران
لە ڕێگەی کوردی، بێ بەش بوو لە ژین،   دڵ گەستووی ماران

قەیسەکەی سارای پڕ لە نەخۆشی،   لەشی دەرد و غەم
گیانی ئاڵۆزاو چون زوڵفی لەیلێ   پڕ لە پێچ و خەم

هەزاری هەزار، بۆ هەزاری گەل   تەمەن لە دەس چوو
ئاسکی دڵ ناسکی سەر باسکی ئەمەل،   شەکەتو شەل بوو

مانگی تۆراوی شەوی تاریکی   بەختی هەژاران
سووتاوی گڕی عەشقێکی سپی   بە پاکی باران

پارچە شیعرەکەی چەن ساڵ لەمەو پێش   دوو پاتە کەمۆ
گلەی زامانی ناسۆر کەوتەکەم،   لە لاتە کەمۆ

چوومە خزمەتی هەورە برووسکە   بردم ناوی تۆ
ناڵانی وەک خۆی تەواو تووواوە،   بە شین و ڕۆڕۆ

گۆڕستانێ بوو چاڵ و چۆڵەکەی   تەختی تەوێڵت
پڕ لە شەهیدی کۆرپەی ئازادی   بۆ قەومو خێڵت

تـــۆش لە بـــڕبڕەی پشـــتی ئـەم گـەلە تێکەڵ کراوی
بـــۆیە ئـــازیزی لە لای هـــەمووکەس زیاتر لە چاوی

بـــاخەڵت پـــڕ بـوو لە هـەوری باران بۆ مەزرای ژیان
تا چاو کارئەکـات، کـانیاوی کـوردیت ژیانەوەو تەقان

لە مـــێژە کـــۆرپەی وەفـا هـەتیو بـوو، لە کوردەواری
جار جارێ هەست و خۆشەویستی تۆ دەبوە هاوکاری

بـــاوانـــێکی بـــوو، بـــاوانـــی شـــێوا هەتیوترماوە
ئـەستێرەی بـەختی بـەرلە بـاڵق بـوون سەری گێژیاوە

کەم کەس وەکوو تۆ تامەزرۆی راسی، راس بوو لەگەڵ گەل
لە جادەی بەڵێن نـەبووی کـەچ و کـەل تاداچووی لەکەل

خۆ بۆ ئـەم چـینە دەس لێ وەشـراوە، دەمی عیسا بووی
وەختێ ئاوا بـووی، ئـاوا ئـاوا بـووی، بۆچی ئاوا بووی

ئـــێوە کـە سـەوزەی بـەهاری بـاس و بووکی هەڵبەس بوون
هـــــیواو مـــەبەستی مـــنێکی کـــاس و دەستەی بێ‌دەس بوون

ئـــاخۆ رەوایـــە مـــیوانـــێکی نـــوێ، پێ شەل و ماندوو
لە چـــۆڵ و دۆڵـــی سـەفەری بـێ رێ ژیان دۆڕاندوو

نەحەوێتەوە بە پشوودانێ، بە فێنکە ئاوێ؟!
بە چاوە دێری هێژاو لێزانێ لە ناتەواوێ؟!

کێ بێ نەزانێ، تا ریشە نەبێ گەڵاو لق و پۆ
ماچ ناکەن هەرگیز کوڵمی سپی و سوور رۆڵەی رەنگ‌وبۆ

کێ بێ نەزانێ دڵۆپێ وەک من، ئەبێ بە بووخار
تا خۆی نەخاتە ناو دڵی مەنگی بەحرێ چون هەژار

با لە نێو ئاوا بیرو باوەڕێ بە پیت وڕەوا
هەر تەڕ بمێنێ ولێی هەڵنەپەڕێ، هەناسەی هەوا

کەچی بە جارێ لەکەچی بەختم دەریا خاڵی بوو
عاسمان قووتی‌دا، گۆیا لەوێشا وشکە ساڵی بوو

مەگەر بە پرچی لێزمەی فرمێسکا سەرکەوم بۆلات
دەترسم لەوێش پەیا نەبی بۆم، نەگەم بە ئاوات

لەو دنیا مەجنوون گوڵۆڵەی عیشقی کەوتبوە لێژی
تۆیان بردبۆ لای کە خۆت ئاسایی دەرسی پێ بێژی

پەس وا دڵۆپێ لە ئەسرینی گەش، لە چاوێکی سوور
بە دیاری دیارت دەکەمە پێشکەش، سەوزەی ماڵ لەژوور

وەک شیعر و رووبار دارو دەشت و کێو، دەریا تاشە تاو
عەرزی روومەتی جەرگم بڕی شێو، بە خوێن بوو کەشاو

بلووری گیانم شکیاو قلمۆ بوو ئاوی ژیانی
سووتا شاپەڕی تەواری گەرووی بەستە و گۆرانی

تۆفانی چاوی فێر خوازەکانت ئەونەی نەماوە
دنیا نوقم کا، لە پاش نەمانت، بەڕووی دنیاوە

تەزو مووچڕکەی پەژارەی دووری بەر بوونە گیانم
شین و، واوەیلاو، رۆی لێ ئەچۆڕێ شیعر و پەخشانم

سەنگی سەبووری شەوی بێدوایی کوردەواریم رۆ
کۆلکە زێڕینەی جوانی خودایی و بەختیاریم رۆ

ئازیز لێواو لێو پڕلە کڵپەیە دەروونی «کۆلیل»
زیز مەبە ئەگەر پرسیم گەییە کوێ؟ وادەکەی نەشمیل

مەگەر نەت فەرموو، نەشمیل من و تۆ بێ ترس دەژین
بە یاری یەزدان، منالمان دێتە گەشەو پێکەنین؟

کە نەما تۆوی خوێن مژو زۆردار، دران لەسێدار
دنیا دەکرێتە بەهەشت و گولزار، بۆ پۆلی هەژار؟!

کێ وەک تۆ بێژێ ئیستعمار تینووی فرمێسک و خوێنە
داڵدەی زۆرداری، شوومی شەڕئاشووی لایق بە جوێنە

بۆ هاوارکردن، بۆ هەوڵ و کۆشان، بۆ دەرسی خەبات
بە چینی نەدار، لە دەستی زۆردار کێ بدوێ لەدوات؟!

قوربان ببوورە وەڵامم ناوێ با هەروەهاوێ
باوێتر ئەڵێم گوێ بگرە تاوێ لە دڵ سووتاوێ

بەڵێ ئەم دنیا تەونی دەسکردی جاڵجاڵووکەیە
تەمەن لە حاستی خۆری هاوینا بەفرەڵووکەیە

بەلاَم تۆ لێوت ئاسۆی هەتاوی بەرەو ژیانە
بیرت ڕەوڕەوەی منداڵی مێشکی ئێمەو مانانە

بە واتەی خۆتان مەگەر زل کوێران مردوو بڵێن پێت
وجاخت روونو پاکە، چون سیروان دایم دەخورۆ شێت

کەسێ گوڵجاڕی شیعری بەهاری لە دەشت و سارا
لەسەر کیژانی شاری مێرگولاَن ببێ بە تارا

کەسێ پێنووسی، هەتوانی زەین و سۆمای دوو چاو بێ
مەمێ کەزینی خانی پەسەندی، بۆ دڵسووتاو بێ

کەسێ کە خەیمەی داوێن زێڕینی بوو بە سێبەری
خەیامێ پڕپڕ لە فریشتەی ناز، لە حۆری و پەری

کەسێ لە باخی باس و وتارا، عەتری کەرەمی
بچێ بە لووتی دۆس و نەیارا، لە زۆرو کەمی

کەسێ کە پایە و پلەی شەرەفی شەرەفنامە بێ
لە شەرەفکەندی رایەحەی خۆشی وەک شەمامە بێ

کەسێکی ئاوا هەرگیز نامرێ، نیشتەجێی دڵە
برای شین گێڕی هەزاری «کۆلیل» دڵیش لە گڵە

سەقز - ١٣٦٩ی هەتاوی

گوڵی خوێناوی

یا بەهاری شەست و شەش

ئـەڵێن خـونچە پـێ دەکـەنێ فـەسڵی بـەهار
پـــێدەکـــەنم دێـــم و دەڵـێم بـە دڵ پـڕی

نـــا دەتـــەقێ ورگـــی ئـەدا گـورگی پـەژار
وەکـــوو ئـــەڵێن مـلی کـەچی جـلی شـڕی

لە خـــــــۆرەتاو، لە شـــــیوەڵا، بـــــەڕۆڵەڕۆ
پـەپوولە پـێی ئـەڵێ:رەقـیب خـوێن دەمژێ

بـە هـاژە هـاژی بـای خـەزان دەچـی لە گـۆ
جـــا لە خـەمان، رووەدەرنـێ، خـوێن دەڕژێ

چـیا بـە کـوڵ، بـۆ دڵ و گـوڵ، دێـتە گـرین
شـاخە نـەواتـی گـاشەکـان[1] کـز و خـەمین

بـــە وسکـــوتی هـــەورە رەشـــەدا ئـەتوێ
بـــە ســـەر دڵـــی گـــڵی بـــڵاتوێ تـوێ

لە لووتـــی کـــێوە بـەرزەکـان مـژ دەپـژێ
زوڵـــفی خـــەمی لەشـان وەکـوو قـژ دەڕژێ

١-گاشە: بەردی زل

دووکـــەڵی تـــەم لەســـەر دڵ و دۆڵـــی کـــپی
عـــارەقی مـــاندوو بـــوونیە ئـــاوی ســـپی

کـــراسی یـــاسەمەن شـــڕ و خـــەڵتانی خـــوێن
بـــەیبۆن ســـپی ســـپی دەبـــێ بـــە خـــۆ ئـــەڵێن

بـــە بـــێ تـــەلێ[1] هـــەواڵ بکـــەم لە هـــاوەڵێ
ئـــەلۆ ئـــەلۆ، بـــەنەوشەیە؟! بـــەڵێ بـــەڵێ

ئـــێوە؟! ئـــەمن بـــەیبۆنی پـــای بـــەندەنەکـــان
ئـــەرێ لە لێـــوی جـــۆگـــەلە چـــۆنە ژیـــان؟!

ئـــێمە لەگـــەڵ ســـوێسنەدا لێـــرە کـــزین
پەل پـــەل و مـــل شکـــاو، بـــە هـــۆی دەســـتی دزیـــن

تـــاقە لە ئـــەربەبای قـــەراخـــی بـــانەدا
گـــوڵێ نـــەما کـــە بـــا گـــەردنی بـــانەدا

لە نـــێو شـــاری مـــەریوان و لە خـــانەدا
زوڵـــفی هـــەمووی رنـــی، وەک لە مـــیانەدا

لە داخـــی ئـــاخی دایکـــی دڵپـــڕ لە کـــەسەر
بـــە پـــاسی حـــورمەتی بـــاوکی پـــارە جگـــەر

بەهاری شـەست و شـەش لە گـوڵ بـووبە چـەمەر
هـــەر لە هـــەلاڵە، تـــا دەگـــاتە بـــۆعەمەر

١- بێ‌تەل: بێ سیم.

پـــڕووزی بـــا بـــردی هـــەڵۆی شـــاری ســـەقز
گـــولاڵەکـــانی پـــارکی چـــەم، چـــل شڕ و کـــز

چـــــونکە لە خـــەڵکی شـــارەکـــەم دراوە چـــز
بـــە دەســـتی گـــەورە نـــۆکـــەری هـــانی کـــە پز

لێـــــوە لە ڕێـــــمە بـــــۆ لەرەی لێـــــوی هـــەژار
مـــــەیتی مـــــناڵە رووتـــەکـــەی لێ بـــووە بـــار

هـــــەستیەکـــەی گـــەوهەری فـــرمێسکە هـــەموو
ئـــەویش نـــیساری گـــۆڕی جـــوانـەمەرگی بـــوو

بـــــاری گـــــرانـــــی بـــێکەسی شـــانی خـــزان
تـــــەنووری داخـــــی خـــەستەیی هـــەڵی کـــزان

گـــــێژە لە بـــەینی بـــیری دەرچـــوونی لە شـــار
لەگەڵ نەچوون، بـــە هـــۆی نـــەبوون، کـــاکـــی نـــەدار

بـــــلوارە وەک بـــــلوورەکـــەم پـــەراش پـــەراش
خـــــزانـــــە بـــــاخەڵی غـــەمۆ ورد و هـــەراش

دلاَن تـــــەزی لە ســـــەر تـــەرمی بـــە کـــۆڵە بـــوو
تـــــەوەژمی لێ‌بـــــڕا لەشـــــی گـــــولۆڵە بـــوو

بـــە مـــیک و مـــیراژ و ســـوخۆی رووخـــاوە مـــاڵ
بـــە ســـەر لانکـــی کـــچ و کـــوڕی شـــلکو مـــناڵ

ریشـــی ســـپی و قـــژی کـــولووی پـــیری بـــە ســـاڵ
لە خـــــوێنی ئـــالی کـــاڵی پـــیری یـــا شـــەلاَڵ

پشتی چناری بەر بناری چۆمەکەم
چەمی! وەکوو کەوانی پشتە کۆمەکەم

روومەتی زێد و بوومەکەم، کنج و کەوو
هەڵگوشیوە تون، دێوەزمە و شەوو

تەپی دڵی (تەپی ماڵان)ی خۆشەویس
بە سینگیا چەقی، مووشەکی رووسی پیس

نۆکەری ئاغە گەورەکانی خوێن چەپەڵ
بەر بووە شارەکەم، وەکوو گورگ و چەقەڵ

لە رووی حەمامی شیشە رەنگ و روو پەڕی
هەرکە سەگی فرۆکەکانی پێ وەڕی

تەوێڵی شیشەکانی پڕ بوون لە برین
دەچۆن ئێمە گوڵی بەهار، دانەمرین!

ورد و تریتە مل، لە (گوڵشەن)ی سنە
لە لێوی هەرکەسێ بەزی بزە و شنە

گرین کوتای لە جێگەیا بارونە
هاوارە شینە، شیوەنی پیاوو ژنە

لە (ئەکبەتان) و (چوارباغ) و (ئاغەزەمان)
وزەی بەهاری پێکەنین بوو بە فوغان

بـه (مـانگی سـوور)ەوە[1] هـەتا هـەتیوەکـانێ
لەکـاسە دەر پـەڕین دیـەی دیـدە مـەسان

شـەقامەکـان بـە خـوێنی‌گەش بـوونە هـەسان
بـە جـەرگی (تـەربیەت مـوعەللم)ا چـەقی

گـەرمەگـولەی قـەومی درۆ خـێڵی خـەسان
نـۆکـەری گـوێ لەمسـتی کـوفری ئـەفلەقی

لە (پـیر مـوحەممەد)ۆ هـەتا (بـلوکەکـان)
خـواردی بـە چـاوی چـاو چـنۆکـەکـان تـەکـان

دایک لەگـەڵ سـاوا مـناڵی کـرچ و کـاڵ
لە مـەیدانـی (نـەبووەت)ا بـوون بـە زوخـاڵ

شـیوەنی (ئـاویەر) بـۆیە گـەرمە بـە کـوڵ
زیـزە گـزیزەکـانی سـیسە تـۆپە گـوڵ

شـەونمی فـرمێسکی لە شـیو دێ وەکـوو زیـو
شـەریکی مـاتەمە لەگـەڵ دایکـی هـەتیو

زەمـاوەنی گـەڕایـە شـین (زاواو بـووک) [2]
وەری بـەری زەردە خـەنەی بـە نـووکە نـووک

بـەڵێ لە سـابلاغەکـەما، بـوون بـە هـەلووک
دەس و رانـی گـەلێ رەزا شـرین و سـووک

١- مانگی سور: هیلال ئەحمەر.

٢-کێوێکە لە پەنای مەهابادا

(یەرغو) بە مەوجی خوێن و کەف غەم دەکرێ
کزە گلۆپی (چوار چرا) کز دەگرێ

بە بۆمبی خۆشەیی کەوتە باڵەفرێ
خەڵکی (مەیانی حەیوان)ی هەر لە پڕێ

جامی ئەگەر بمایە بۆ مەیانەکەی
چەندە پەرۆشە ئاسکە جوانەکەی

بە ئاگری گولەی گەرمی بەیانەکەی
سیخ بوو لە چاوی میک و میکەوانەکەی

قەسەم بە شارە گەورەکانی خاکەکەم
بە (تەورێز) و بە (شیراز) و (ئەراک)ەکەم

بە (تاران) و بە (کرماشان)ە چاکەکەم
بە (ئەسفەهان)ی دڵ لە سینە چاکەکەم

بە (شووشتەر) و (قوم) و (رەشت) و (ئورورمیە)
بە (زەنگان) و بە (سەردەشت) و (حەمیدیە)

بە (سەڵماس) و (مەراغە)وو (رەبەت) قەسەم
بە (بووشار)ی بەری لە چەوت و چەت قەسەم

بە کانی قیر و نەوتەکەم بە (ئابەدان)
بە (دزفوول) و بە (ئەهواز) و بە (دێلوڕان)

(خورەمشار)ە عەزیزەکەم بە تۆ قەسەم
یا (هەمەدان)ی شاری گەنم و جۆ قەسەم

قەسەم بە (ئیلام) و (کـەرەج) (قـەسر) و(شـنۆ)
قەسەم بە (میهران) و بـە (مـاشەهر) و بـە (خـۆ)

بــە ســەرتۆپی ولاّتــەکــەم هــەمووی قــەسەم
خـــڕ و چـــڕ و زڕ[1] و وڕ و دڕووی قــەسەم

بـــاغ و چـــەمەن وشکـــە لە بــۆ ڕۆڵــە کــوژاو
قـــەبری غـــەمن لە حـــەسرەتی مـــێشکی پــژاو

لە قـــــرچـــە قـــرچـــی نـــاوسکی ئـــاوسی دەرد
ڕەنگـــی گـــولاّڵە ســـوورەکـــانیش، بـــووە زەرد

نـــە گـــوڵ خـــۆشە دڵـی بـە مـن، نـە مـن بـە گـوڵ
تـــیری خـــەزانـــی خـــەم دای لە جـەرگی بـەهار

بـــووکی ئـــەمەل مـــلی شکـا، چـوو بـە خـەسار
لە بـــوڵبولاّن نـــەزم و هـــەوای ســـۆزش و کـــوڵ

(کـــــۆلیل)ە دڵ لە گـــوڵ پـــتر شـــەلاّڵی خـــەم
حـــەرفی وشـــەی ڕژا بـــە هـــۆی جـەماڵی خـەم

کـــــە دڕکــــی تـــیژی دژمـــنی چـــەقی لە دڵ
گـــوڵیش بـە ڕۆکـی خـۆی دڕی لە شـاخی چـڵ

سەقز ڕەشەمەی ١٣٦٦ی هەتاوی

١- زڕ: وشک ـ وریا ـ چوکەلانە.

کەسنەزانی هۆبە تو ۱۳۵۶ای هەتاوی

سوڵحی ساڵحی و ساڵح

دیدەم دیدارت بوو بە قسـمت مـن
دڵ ئـاما وەدەر، لە چـاه بـێ بـن
سوڵحی ساڵحی و ساڵح دووبـاره
بـاغی(سـەفا)یـان گـرده ئیجاره
گـلەیی رۆژان، فـیراق‌و دووری،
درەوبوو وەداس شیرینی، شووری
یـانی شـیرینی شـەربەتی ویسـاڵ
مەتای بازاڕی شۆری کرد بـە تـاڵ

جەنابی مامۆستامەلا موحەممەدی رەبیعی لە ساڵی ۱۳۴۶ لەنامەیەکدا ئەم شیعرانەی خوارەوەی بۆ نووسیبووم بەڵام بەداخەوە سەردێڕی نەبوو. منیش لە هەمان کاتا، چەن شیعرێکم بە سەردێڕی (کاری گەردوونە) لەوەڵاما بۆ نارد. ئەمەش دەقی شیعرەکانی مامۆستاکە بێماوە پارچە شیعرەکەی خۆیشم بەدوایاندا، دێت:

جەنگەن جـەدەلەن قـەهرەن تـۆریانەن
ئـینقلاب مـەیل، نـەشئە گـۆڕیانەن
شـینەن زاریـەن، یـەقە دڕیـانەن
وەقت و وادەی دەس لە یەک بەردانەن
وەقت تەحەممول جـەور دووری‌یـەن
مەزاق تـەڵخی رۆی مـەهجووری‌یەن

له لای مه‌عشوقان شۆره‌ن شه‌عه‌فه‌ن
له لای عاشقان ده‌رده‌ن ته‌له‌فه‌ن
له لای مه‌عشوقان دڵ نه‌وازی‌یه‌ن
له لای عاشقان ئاوات وازی‌یه‌ن
له لای سوڵتانان ره‌ئیه‌ن ته‌دبیره‌ن
له لای ئه‌سیران کۆته‌ن زه‌نجیره‌ن
له سه‌رای له‌یلێ چه‌نگه‌ن روبابه‌ن
له سینه‌ی مه‌جنون جه‌رگه‌ن که‌بابه‌ن
له قه‌سر شیرین شه‌وقه‌ن شادیه‌ن
له بوقعه‌ی فه‌رهاد نامورادیه‌ن
له لای مه‌حبووبان جورعه نۆشینه‌ن
له لای مه‌حزوونان سیا پۆشینه‌ن
له قه‌ڵعه‌ی له‌یلێ په‌رده‌ی زه‌ڕبافه‌ن
له کوڵبه‌ی مه‌جنون حه‌سیر ئیسرافه‌ن
شه‌رته‌ن تا وه‌فا نه‌ده‌ی نمایش
دڵ ئازاد نه‌که‌ی، له گشت ئالایش
دیده‌ی من، دیده‌ت نه‌کا ته‌ماشا
چون بێ‌وه‌فا ئیت، هه‌زاران حاشا
(ره‌بیعی) له داخ بێوه‌فایی تۆ
خه‌یاڵ که‌رده‌ن ته‌رک ئاشنایی تۆ

۴۶/۱۱/۱۰

كاری گه‌ردوونه

گه‌وره‌م ئه‌م قارو جه‌نگ و تۆریانه
ئه‌م ئاڵ و گۆڕه تاڵ و شۆر یانه

ئەم هەموو دەردەی خوسپە لە پێوار
کەیێخەی سەبری دڕیوە تا خوار
ئەم دەم تاڵییە پەی دەردی دووری
کەدای لە شیشەی ماڵی سەبووری
گشتی لە مەکری چەرخی بێ پۆیە
ئەم قرچە و برژە و بۆنی بۆسۆیە
کاری گەردوونە ئەم مەکر و فێڵە
کام سەرای رۆشن؟ کێ سەرای لێڵە
بەخێڵی مەعشووق وەنای نەداوە
عاشق با گیانی بنێ بە لاوە
سینگی دڵبەران دڵ نییەن لە تۆی
عاشق وەکوو مار با پێچ با لە خۆی
هەرچی تەدبیری سوڵتان و میرەن
کۆت و زەنجیری دوو پای ئەسیرەن
تەنوورەکەی چەرخ مەجنوونی سووتان
لە دەرگای لەیلا قەیسی هەڵ تووتان
قەسری بەهەشتی رازانۆ بۆ لەیل
بە مەجنونیدا دەرونێکی کەیل
بە وەسلی شیرین خوسرەو ئەکا شاد
تا بنێتە گۆڕ موورادی فەرهاد
شێوەی شیرینی شای باڵابەرزان
تاڵان کرد کاڵای کۆکەن بە هەرزان
دای بە مەحبوبان بەزم عەیش و نۆش
رەش پۆشی و مەینەت دا بە من و تۆش

گەرچی بە شەرت و بە شەوق و تاشا
لە یاری بێمەیل فەرمووتە حاشا
بەلاّم ئەو کەسەی عاشق بە خاڵە
تەرکی ساحێو خاڵ لەلای خەیاڵە
شەرتەن تا ماوم لە سەر بساتم
تا هەناسەی بەین مەرگ و حەیاتم
کۆڵ نەدەم لە رێی عیشق و ئەوینا
مەگەر بەخت و ژین لێم کەونە قینا
(عومەر) گۆچ گردووی رۆژی ئەلەستە
لە وێوە بە جام دەردی دڵ مەستە

حەسار چەرموو ١٤/١١/٤٦ی هەتاوی

لەشەوی ٧٥/٦/٢٥ی هەفتاوی کاتژمێری ١٠/٥ شەو، لە کاتێکا لە نێو ماشینا بووم، بە بۆنەی مانگ گیرانەوە ئەم سێ شیعرەی خوارەوەم، نووسی.

مـانگ گـیران

باکوو هەر کەچ بێ لەگـەڵما زەمـان
بم چەوسێنێ تۆ، هەر وەکـوو کـەوان

شەرەفم نادەم بـە سـوفرەی رەنگـین
رازیم بـەدەستی خـاڵی و لەتـێ نـان

تارۆژێ دەردێم لە ژێر خاک و خۆڵ
چەشنی ئەو مانگەی گـیراوە ئـەلعان

ئیمام شافیعی فەرموویە:

قــەناعەت ئــەسڵە لە مــایە و مــاڵ
هــەر بــەو داوێــنە، دوورەدەســتم ئــاڵ

کەس نەمیبینی لە بەر دەرکــی خــۆی
بــۆ نــان و ئــاوی، یــا بــۆ نــانودۆی

هــەر بــەم هــۆیەوە بــێ‌ماڵ و فــەقیر
دەگوزەرم بە سەر خەڵکی‌دا وەک میر

ڕەقیب دڵخۆشە

لەپێخەی مەرگەوە دیسان دەسێ‌تر
لە ئێمەی بێکەسی سەندۆ، کەسێ‌تر
گوڵی مانگی گوڵانی هەڵوەرانـدین
لە قۆڵی مەی هەژاری نـا، بـەسێ‌تر

✧ ✧ ✧

خەمێ تازە، گڕی بـەردا، لە جـەرگم
بـە لاّ ئـالاّیە بـالاّم، بـوو بـە بـەرگم
محانجێنە[1] لە بەینی چوون و بوونم
زیاتر چـاوەڕێی زاڵ بـوونی مـەرگم

✧ ✧ ✧

گوڵم چوو بوڵبوڵم چوو سومبوڵم چوو
پـەڕیشک و ئـاوە پـڕژێنی دڵـم چـوو
لە وەرزی ژیـــــنی پـڕ ژانــی ژیــانا
نەتیجە و بـەرهەمی وەلحـاسڵم چـوو

✧ ✧ ✧

لە هێلانەی شعورا تـەیری ئـەشعار
نەما تواناى فـڕینی ڕوو بـە گـوڵزار
پـەلوپۆی هـەڵوەری، بـاڵی پـڕوزا
شکا ئەوکی جریوەو نووکی هاوار

✧ ✧ ✧

1- محانجێنە: شەڕ ـ جۆرە کایەیێکی منداڵانە، کە بە پووڵ و دوگمە دەیکەن. بە دوگمە لە دوگمە ئەدەن ئەگەر هەڵگەڕایەوە ئەوە بردوویەتەوە.

کە مالی کاملی وەک «نقشبندی»
مەگەر دوێنێنەبوو مردن بە ڕەندی
لە گۆڕی نا، لە ئێمەی خستە بن گۆم
چ گۆمێ؟ گۆمە گێژەی مان و مەندی
✧ ✧ ✧
خەمی کۆسپی «خەمین» هێشتا کولوورە
کرێوەو ڕێگەبەندانی سروورە
فرەی فرمێسکی ئالی روو بە خوێنە
گرەی سووتانی دڵ، گرپەی تەنوورە
✧ ✧ ✧
کەچی چەرخی کەچی ڕێگر چپاندی
بە گوێما، هەستە کۆنە خەم نەمان!!دی
هەواری دڵ هەراوکە، بۆ خەمێ‌تر
دڵت دابوو بە کێ؟ گەردوون شکاندی
✧ ✧ ✧
بە تیشکی روومەت‌و هەنیەی کتێوان
ئەوەی دووچاوی خۆی، لێوان و شێوان
لە سەر شانی تەزیوی چەن فەقێیێک
برا، داحسی گرانم، روو بە قەبران
✧ ✧ ✧

بەیانی، بەر بەیانانی بەیانم
وشەی هیوای قەوارەی عیلمەکانم
هەواری خالییە، ماتە بە کیشی
شەهی خاوەن شکۆی مولکی مەعانم

✧✧✧

زمـــانی مـــەنتقی لاڵـــە زەمـــانە
لە جەرگی فەلسەفەی زامی سەنانە
کـــوڵوکۆی شـیوەنێکی دانـەمرکا
بە شـینێ تـازەوە، دەردی گـرانـە

✧✧✧

لە تـاوی ئـەم هـەواڵـە کـەوتە نـاڵین
ستوونی پشتی فێر خوازانی رێی دین
بە پای نەحوا، چەقی دڕکی تون و تیژ
سەرف رەنگی بزڕکا، کەوتە لەرزیـن

✧✧✧

لە مـاڵە کـوردەوە نـاڵە و گـرینە
بەرینە، چونکی ئەم تـازە بـرینە
دڕی‌دا باوەڕی مەرگی «علائی»
بە کۆڕی شادمانی!! رۆیە، شـینە

✧✧✧

بـــەهاری (خـــوردەلووکی) نـــامورادە
ســـــەقز بـــازاڕی تـــەدریسی کـــەسادە
کە تەقریری نەما وەختێ مـەلای کـورد
رەقیب دڵخۆشە، چون شەشدەر گوشادە

✧✧✧

دڵی دوو گـوێ ئـەتاسێنێ خـوڕەی ئـاو
وەکوو کانی، ئەکەنێ، خوڕ لە دوو چاو
لەگـــەڵ بـەفری کـفن بـاری بـە سـەریا
چ شیناوەردی ژیـن بـوو! لێم بـووە داو

✧✧✧

ئـــەڵێی بـــێژنگم و غـــەم دائـــەبێژم

بــە دەم بــێژانــدنۆ دەم دەم دەبــێژم[١]

ئەرێ (هۆزان)ەکەی[٢] نێو کوردەواری

منیش بۆ تۆ وەکـوو ئـەم خـەڵکە گـێژم

✧✧✧

بە ئـەو پـەیمانە مـەستم، داتـە دەسـتم

دەمێنم هـەر بـە ئـەو پـەیمانە، بـەستم

لە گوێسوانەی دەروونۆ دێمە سـەیرت

ئەگەرچی تۆ لە ژووریو من لە پەستم

✧✧✧

ئەتۆ رەمـزی حـەدیسی ئـەحمەدی بـووی

بە ناشوکری نەبێ حەیف و چ زووچووی؟!

وتـاری گــەرمی تــۆ گـیانی ئـەوین بـوو

مەگەر بەختی گەلی کوردی؟ لە روو چووی

✧✧✧

پـــلاری مـــردنە، شـــەرمی نـــەبوو لێت

بە لەز[٣] چون رێگران وا هاتە سەررێت

درِی پــــەردەی حـــەیا بـردی حـــەیاتت

بە ئەوچی، خوێن لە ئاسۆی دڵ ئەچۆڕێت

✧✧✧

١- دەبێژم: ئەڵێم.

٢- هۆزان: زۆرزان، عالم

٣- لەز: پەلە.

دەمێکە داخ و دووخـانم خـەمێکە
لە ئێوەی گەورە ڕێز گردن دەمـێکە
مەلای ئێمە هەتا نـەمرن، نـە یـارن
کە مردن مەرگی هەر یەک عاڵەمێکە

✧✧✧

گر و گاڵم گڕووی دەردی دەروونـە
ئــەگـینا هـەر ژیـانێ بـۆ نـەبوونە
ئەمن (کۆلیل)ی تۆ نیم هەر بە تەنیا
دڵـم بــۆ هــاوەڵانیشت زەبـوونە

✧✧✧

خــــەیاڵی مـــن مـــناڵە کــاڵە بــیری
لە ئـــــێوە بــا بــپرسم کــۆڕی ژیــری
کە جێگەی ئەم خەسارە، چۆن پڕۆکەین
بــە هـەوڵ و لێـبڕان؟ یـا گـۆشەگـیری؟

✧✧✧

دڵــم هــەرچـەن بـرینە و پـڕ لە نـاسۆر
بە بەحری ئەبجەدی سەرهاتە سەر شۆر
لە مــێژوی فــەوتی مــامۆستا بـخوێنە
«خواوەننا (عـطا)کـە پـیئەشێ زۆر»[1]

سەقز مانگی گواڵنی ساڵی ١٣٦٥

---

١ - ئەم قەسیدەم لە مەرسیەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا شێخ حوسەین خانی عەلائیدا داناوە ـ نیوەی شیعری ئاخر بە پێی حەساوی ئەبجەد، وە بە ڕێنووسی کوردی جوێ لە وشەی (عطا) کە بەو ڕێنووسە نیە، دەکاتە ساڵی لە دونیا دەرچوونی، واتە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی.

کورتە دەستم

(عومەر) تاسەت وەها تـاساندی هـەستم
دەس و دیدەی وتـە و هـەڵبەستی بـەستم

ئــەگــەرچـی لێـم ونـی بـەینێکە ئـەمما
دەڵــێم شــیعرێک بـەیادت هـەڵ ببـەستم

دەسی دۆسـیم درێـژ کـرد بـۆت لە مـێژە
خەجاڵەت خۆم کە ئـێستا کـورتە دەسـتم

دەنا چۆن مـن دەبـێ هـەر هـەفتە جـارێ
نەکـا شـیعر و قسـەت وەک بـادە مـەستم

قەسەم بەو رۆژە یا بەو بەردەکەی خۆت[1]
لە جــامی دۆســتیا مـەستی ئـەلەستم

ئــەوا دووجــارە دێـم بـۆ شـاری سـەقز
بە یـەزدان تـۆی دنـە و ئـامانج و قـەستم

غــولامی تـۆیە (ئـاسۆ) شـەرتە ئـەمجار
بــەرەو لات بـێم لە هـیچ لایـێ نـەوەستم

ئەم پارچە هەڵبەستەی ژوورەوە لە لایەن کاک سەعیدی (ئاسۆ)وە لە رۆژی چوارەمی مانگی پووشپەڕی ١٣٦٥ی هەتاوی، بە دەستم گەیشت، منیش لە وەڵامی نامەکەی (ئاسۆ)ی بەرێزدا، ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەم بۆ نووسی.

---

١ - ئێشارەیە بە پارچە هەڵبەستێک کە بۆ دۆستێ بەو ناو نیشانە وتومە.

خەجاڵەت بێ هەژاری

لە ئـــاسۆی دڵــمەوە (ئــاسۆ) دیــاری
لە ســـــاڵی ژیـــــنما، وەرزی بـــەهاری

بــە لەش بـێبەش لە گـوڵزاری حـوزورم
بـــە دڵ لای گــوڵ هــەڵمداوە هــەواری

هـــــەڤاڵێکی وەکــوو تــۆ بــۆ مــنیزار
هـــــەواڵــێکی خــەلاّتێکە بــە بــاری[1]

چــەنێ تــۆ تــاسە خــواری مـن زیـاتر
لە ئـــــەندامـــــی دڵـــــمدا شــادەماری

وەلاّمــی نــامەکــەت بــۆیە دوا کـەوت
لە تــاوانــا نـەبوو کـەس، بـێ بـە یـاری

بــەڵێ بــۆ ئــێوە نــووکی خــامە رامــە
لە دەســـــتی ئــێمەدا زیــزە و فــەراری

شـــــەماڵیش نــەیتوانــی بــۆت بــهێنێ
پــەیامم، نــەک بســووتێ وەک پــرواری

١- باری: یەزدان

مـژۆڵ و ئـەشکی سـوورم گـەر نـەبووبان
دەمـــامۆ تـــا نـــەمانی شـــەرمە ســـاری

کە فەرمووتە، (خەجاڵەت خۆم) مەفەرموو
ئـــەویش بـــا زل نـــەبێ فـــیز و دەمـاری

لەمـــــێژە دەســـــتی دۆســـیتان درێـــژە
خەجاڵەت دەست و پێی کورتی هـەژاری

مـــن و تـۆ هـەر دوو گـرکەی بـڕکەییێکین
بـــڕا بـــڕ بـــوون، بـە بـاڵای کـوردەواری

دەست کـورتە هـەتا کـوردی وەکـوو مـن
لە هـــەر مـــەزرایـــێکا شـــین بـی، بـژاری

هـــەنار و بـــێ بـــی، هـــەربیباری تـوونی
ترێ بـی تـووری، کـاڵەک بـی، خـەیاری

هەزار چاکەت هەبێ، هەر یـەک حـەسێوە
خـــــراپـــێکت دەبـــێتە ســـەد هـــەزاری

لە بـــۆکـــان تـا سـەقز شـانێکە[1] ئـەمما
لە ئـــــێمە بـــۆتە چـــۆمی بـــێ بـــواری

ئـــــەرێ! دەســـــتی نـــەیارە وا لە نـــێوا
کـــە مـــن دایـــم پـــیادەو تـــۆ ســـواری!

١- شان: ملە

گـــرینێ بـــرین رابـــچڵەکـــێنێ
ناخێکی بە داخ ســای لێ هـەڵبێنێ

ئـــاوا گـــرینێ لە هـــەر شـــوێنێکا
بـەردە سـماتەیش هـەڵ ئـەپەڕێنێ

کەوابوو بگری ئەی دڵە، هـەروەک
ئەو پیاوەگەورە، وا بە تەنیا و تـەک

ئەی وت بە خەڵکی دێکە، راپـەڕن
زاڵم لە مستیش دەترسێ وەک چەک

سەقز رەشەمەی ١٣٦٣ای هەتاوی

ئەی دڵە بگری

ئەی دڵـە بگری بـا لە چـاوی شـەو
گرشەی فرمێسکت هەڵـفڕێنێ خەو

تـیشکێ بـاوێژە لە گـیانی خـەڵکێ
سەریان وا لە ژێر بەفرا، وێنەی کەو

خەڵکی دێ‌یـێکی چـۆڵ و وێـرانـە
دیـــلی دێـوی زۆر، بـڕۆ و بـێرانـە

قەتیس ماو لە نـاو سـینگی لاوانــی
نارەتەی بەرزی، مەردی و شـێرانـە

پشتی چەوساوەی خەڵکی ئەو دێیە
بۆ دەخڵ و خەرجی خانێ، شاڕێیە

هەر پشتە کۆمێ تـۆ بـڕوانـی بـۆی
شوێنی شـەللاق و تـازیانەی لێ‌یـە

بگری هەتاکوو بە ئـەسرینی گـەش
لاچێ تـاریکی شـەواری رووڕەش

لەم گـــۆڕستانە کــە نـــاوی دێـــیە
ببی بـە عـیساو گـیان بـخەیتە لەش

نـــــزيكى مــه، بــه فــێڵى فــيتنه دووره
رەقـــــــيب لاوى بـــــەڵێنى داله دارى

نــەزانــێ بــەڵكوو ئــەو، هــاتوو كــه هــاتى
ئــەگــينا مــەرجــەكـەت دەشكـێ قـەرارى

به ئەو شەرته بــه دڵ كــردووته، (كـۆليل)
ئــــەكـــا دەرمـــانى، زامـــى كـــۆڵەوارى

سەقز پووشپەڕى ١٣٦٥ى هەتاوى

هەرێمی مردوان

ئەم شارە دێیە، هەر وەک هەرێمی[1] مردوانە
بـــایەقوشیش لە بـــۆنی وێـرانـەی بـێ زوانـە

نەسرتەیێ نە دەنگێ نە زیـرە زیـڕی زەنگـێ
نـــە شـــینە، نـە شنینە، نـە مـانە، نـە شکـانە

تەنووری سینە بـێ گـڕ هـاواری دەردە داران
لە نـــێو دەمـــا قـــەتیسە، وسکـوتە، لێـوبڕانـە

مشتی کەپۆڵ شکێنی قـەوی کـە عـاسمانیش
لە زەبـری دادەخـورپێ دڵـی، دەردی گـرانـە

مەگەر کاسەی سوالـن دەم پـان و داچـەقیون
لە پـــۆلی مشـتە کـۆلی، ئـەم گشـتە پـاڵەوانـە

تـــەنیا هـــێژامـرۆڤی دەنـرکێنێ وەکـوو شـێر
زمـــانی تـــێغی تیژە، بـیر و بـڕوای هـەسانە

پەشێوە کەف بەلێـوە، وەستاوە چـەشنی کـێوە
بۆ راپەڕین بەڵێ‌وێژ، بۆ ژێر دەسی و بـەلاّ،نـە

سەقز رەشەمەی ١٣٦٣ی هەتاوی

---

١ - هەرێم: مەڵبەند

مردن لە ڕێی ئەوینا

بڕژێ، بابڕژێ خوێنم ... با هەر بمێنێ شوێنم
مردن لە ڕێی ئەوینا ... لە ڕێی گەلی بێتینا
مانای وشەی ژیانە ... واتەی هەمیشە مانە
مەرگم هەولێ عەیانە ... بەرەو ئاسۆی بەیانە
خوێنم ئاوەنگی نوورە ... بۆ ئەم عەرزو سنوورە
خوێنم لەمپەری[1] زلمە ... کوژیان بۆ گەل بە دلمە
چونکە ئەم جۆرە چوونە ... بۆ هەر گزایگزبوونە
خوێنی گەرم و ڕووسوورم ... تەرم و لەشی خاپوورم
پێشکەش بە بەژنی خاکم ... بە سەر زەوینی پاکم
خوێنێ وابێ ڕژیانی ... سەدجار منەت بە گیانی
چونکە ئەڕوێ بە ناوی ... گەنمی سوورو خوێناوی
یاران هەلسن دەی هەلسن ... خوێن‌ڕێژ لە هەلسان قەلسن
هەر وەک هەلۆی بەرزە فڕ ... سینگی زالم بکەن شڕ
لە سەر مافی کشت و کێل ... ڕۆژی ڕوونی بکەن لێل[3]

١- لەمپەر: بەرگر.

٣- ئەم پارچە هەلبەستەو هەروەها دوو پارچەکەی پێشەوەی لە ژێر سەردێرەکانی «ئەی دلە بگری» و «هەرێمی مردوان» بۆ تیپی شانۆی ئازادی سەقز، بەشی کوردی، نووسی، تا لە شانۆی «گەنمی خوێناوی‌داکەلکی لێ وەرگیرێ».

بـۆ سـروه

کـاتێ لە سـەر تـەرمی دڵـم
لە چـاو ئـەهات ئـەشکی کـوڵم
نـــینۆکـــی تـیژی پــەژارە،
بـۆ دڵـم، ئـەی ڕنـی کـوڵم
کـاتێ کـە خـەم بـە نـقورچک،
کوتی دەکرد، جەرگ و گورچک
کـــاتێ شـــادیم لا مـــردبوو،
وەک دڵ، خوا عافووی کرد بوو
سەرمای هـەناسە سـەردەکـەم،
ڕێــی بــە ڕێــبەندان گــردبوو
کـاتێ لە نـێو بـەحری ئـەشکا،
پـــاپۆڕی هــەنسکم، ئـەشکا
دووکــەڵی کـوورەی دەروونـم،
ئەیتوانی زوڵفی شـەو ڕەشکـا
کـــاتێ لە ئـــاسۆی لێــو بــزە،
زاتـــــی نـــــەبوو بـــــێتە وزە
لە نـــێو ئـــاشی زەمـــانەدا،
گــیانم ئــەدا لە جــێی مـزە[1]

١- ئەو گەنم و جۆیە کە ئاشەوان لە تۆڵەی هاڕیندا لە ئاش هاڕ وەری ئەگرێ.

سروه ماڵی ئاوەدان بێ،
تەمەنی ژوور، لە سەدان بێ
سەر لە نوێ، بووژانمیەوە
ژانی دڵی رەشی ژان بێ
سروە سورمەی چاوی کردم،
خەمو پەژارەی لابردم
بە زمانی باوک و باپیرم،
وشەی هیوای بۆ هاوردم
سروەم بوو بە عیسای زەمان،
«قُم باذن الله»ی کوت بە گیان
جێ لەو تەو ژ مه خستیە لەش،
کابەی عیشقی پێمدا نیشان
سروە هەوری خەمی رەوان،
رەشە بای هەناسەی خەوان
چۆکیدا سەر دڵی دێوێ،
ببوە خێوم رۆژ و شەوان
پەیامی «کۆلیل»ی کە سەر،
بۆ سروە پەیکی خۆش خەبەر
بە هێمنی، بە ئەسپایی
ئاوا لە ئەوکم دێتە دەر
کە زۆر رۆشن مەبە، نەکا
تاریکێ رێت پێ هەڵەکا

ئـــەڵێن دز کـــە چـــوو بـە دزی
فـــوو لە شـــەمی ڕۆشـــن ئـەکـا
لە دوایـــــیدا ســـــروە پـــرسێ
نـــەپرسم، خـــوێنم دەگـــرسێ
چی بـوو خـێرا بـەرگت گـۆڕی
لەم گـــۆڕانـــەت، دڵ دەتـــرسێ
چـــــەن مـــانگێکت تـێپەڕیوە
دووڕا بـــــەژنی تـــۆیان دیـــوە
کـــەچی لە مـــەودایـــی کـــەما
ڕەنگ و ڕووی پـەڕەت پـەڕیوە

سەقز سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی

یا خواگەورە بیت

کۆرپەی شیرەخۆر نووری چاوەکەم
نەسیمی خۆشبۆی ماڵ و ماوەکەم

شەمی پەپوولەی ژین و ژیانم
نەشئەی شکۆفەی سروەی بەیانم

رۆڵە، (رەفیق)م هیوای داهاتووم
بەرهەمور نەختی عومری رابوردووم

قاڵبی خشتی هەست و مەبەستم
بڕبڕەی پشتم هێزی دوو دەستم

هاتووکە مردم لە تۆ جیا بووم
هەر وەکوو یاران تەفر و توونا بووم

دەخیلە رۆڵە خێرەت بنوێنە
شەنگی خۆت لە ناو قوڕاو دەربێنە

بە هیوام لاوێ ژیر و وریا بی
بۆ گەل و هۆزت چوست و ئازابی

فــريو دەر نــەبی بــۆ پــارە و دیـنار
خزمەت گـوزار بـی بـە پـۆلی هـەژار

قــازانــجی کــومەڵ نـەنیتە ژێـر پــێ
با هەر وەک چاکـان دەنگت دلێـر بـێ

هــەر وەکــوو رێــوی فــیڵەباز مـەبە
بــۆ دەسـتەی نـەزان نـەوا سـاز مـەبە

رەفــــێقی مــەکــە لەگــەڵ نــامەردا
گــەوهەری قــەدرت مـەدە بـە بـەردا

لە مـووچەی رژدی و کـینە و بـەخێلی
درۆ و دووڕوویــی، هـێلی نــەکـێلی

نـاموسی مـەردم لە لات پـەس نـەبێ
هۆشت سپوردەی دەس هەوەس نـەبێ

نان و نمەکـی کـەس حـەرام نـەکـەی
رۆڵە، رووسـوورم، رووسـیام نـەکـەی

حــورمەتی نــاموس بــناغەی دیـنە
پـیاوی بـە نـاموس قـاموسی ژیـنە

رۆڵــە بــخوێنە، جــوانــی فــرسەتە
جــەهل و نـەزانـین پـایەی نـەگـبەتە

هــــەتا جــــوانــــی ســــەرمایە داری
هــەوری بــارانـی مـەزرای بـەهاری

بـــە گـــەنجی لە دوای زانـین نـــەگـــەڕی
لە کـــــاتی پـــیری گـــەڕو بـــێ‌فەڕی

پــیاوی خـــوێنەوار لە وەرزی پـــیری
چـــوارده ســـالآنە مـێشک و زەمـیری

تـــــەقالا، چـــــرای رۆژی نـــــەهاتە
هـــەتاوی بـــەرزی هـــاتی و نـــەجاتە

لێت مەعلووم دەبـێ بـاوکت رەئـووفە
کوردێ خوێن گەرمە، نە خەڵکی کووفە

لە بـــــیرت نـــــەچێ رۆڵـــە ئـــامانە
هـــــیوا دەرمـــــانی، دەردو زامـــــانە

لای لایــــــە رۆڵـــە، لای لایـــە رۆڵـــە
یـــاخوا گـــەورە بـیت رۆڵـەی شـلکۆڵە

ئەو پارچە هەڵبەستەی ژوورەوەم بە ناوی دیاری و پۆیلە دانا بۆ (رەفێق)ی کوڕی (مەلا رەئووف)
یەکێ لە هاوەڵاتی‌کاتی گەنجیم، هیوادارم رەفێق و رەفێقەکانی کەڵکی لێ‌وەر بگرن.

سەقز خەرمانانی ۱۳۵۵ی هەتاوی

ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەم،لە وەڵامی نامەیەکدا نووسیوە، کە کاکە ئەنوەری موحەممەدی بۆی نووسی بووم. ئەڵبەت ناوبردنی هەندێ لە شاعیران و نووسەران بەو بۆنەوە بوو، ئەنوەری بەرێز ناویانی لە نامەکەی خۆیدا هێنابوو، وەکوتبووی ئەمانە هەتا هەتایە، وان لە سەر زاراو، لە بیری خەڵکی ناچنەوە.

کفنی نەسیم

ئەنوەر هەم دیسان، پاخەسووی بەهار
دای لە گۆنای گوڵ تیف تیفەی ویقار
شەونم گەیشتە ئەژنۆی خۆری شەنگ
شەماڵ زریانی دایە بەر هاوار
خوێن زاجێ بازنەی مەچەکی دڵبەر
عارەق لە هەنیەی شەوبۆ هاتە خوار
لە سەر تەوێڵی پۆلی گولاڵان
جێگە دیانی تاج لە دوور دای دیار
چەخماخەی تیژی شمشێری هەوران
خێڵخانەی هەرەس ئەکا لەت و پار
هەڵخزا پای مێش لە سەر سینگی ساف
مەل چەپڵەی لێدا بە باڵ و مینقار
ئاو کەوتە ڕێگا بە دەم ڕۆیینو
لە خۆشی خۆیا ئەکەوێ جار جار
مزگێنی بەهار بڵاو ئەکاتۆ
تەڕ ئەکا فەرشی سەوزی مێرغوزار
بای سەباخشیا وەسەر بەیانا
پەنگی خواردەوە شەوەق لە ناو شار

له شەوقا (کۆلیل) چاوی لەیلی رەشت
بــە مــێڵی خــامە و بــە کـلی ئـەشعار
مەنسوور کەوتە نـاو دەریـای ئـوکسیژن
بــووژی تـێهاتۆ تـا چـوو بـە سـەردار
کـــێ کـفنی بــەهار کـریا وەبــەریا
مـــەرگی نـــابینێ چـاوی رۆژگـــار
جـــامی لە یـومنی ئـایەی بــەهاری
رژایــە دەریــا، بــە چــەشنی رووبــار
بـووعەلی ســینا بــە یـاسای سـرشت
شـیرەی گـژ و گـیای هـێنایە وتــار
خــانی چــەپکێ گـوڵ لە بـاغی رەبیع
دا لە بــەریێخەی زیــنی چـاو خـومار
خانا نـەی‌توانـی وەسـفی شـیرین کـات
بـــێ‌خەت و خــاڵی کــوڵمی لالەزار
نــامی لە جــامی جــەمی تــا روانــی
کــەوتە ســەر هـەوای بـەهار و گـوڵزار
مــەولەوی، نــالی، گــۆران و مـەحوی
نــاری و هــێمن و بــێکەس و هــەژار
بـــۆیە وجــاخی هــەموویان روونــە
دۆعــای بــەهاریان بــۆ کـەوتۆتە کـار
بەڵام هـەر کـەسێ وەک تـۆ ئـەنوەر بـێ
(کــوڵیل)ە بــە هـۆی تـاریکی شـەوار

سەقز ـ مانگی گوڵانی ١٣٧٦ای هەتاوی

فێلی خێلی پۆشتە و پەرداخ

تاقە خوایە رایەڵ و پۆی، تەونی شیعری رشتە ئەنگوشت
منیش بێ پێشەکی ئەڵێم: خەزانی خەم بەهاری کوشت.

لەجێی ئەوەی پا هەڵخزێ، پا لەژێر باوەڕا دەرچوو
بە گیانی عیشقی دڵ قەسەم، کوێرە رێگا رێبواری کوشت

من چیم داوە لە بێ ئەنواو کراسی سەوزی مێرگی بەهار
باری لێوی بووکی برین، بیری بەرگی هەژاری کوشت

قات و قڕی بێباوەڕی، بوو بە خێو و کەوتە وڵات
دەستە دەستە، قەتار قەتار، هەزار هەزار، بڕیاری کوشت

نالدار هات و نالی رزان، خالدار هات و خالی نوان
ماڵدار هات و بە زێڕ و ماڵ، کۆتر و کەوی باڵداری کوشت

ئەشکی هەتیو بوو بە شەتاو ، شەتاو هات و رژایە چۆم
سوێری جەرگی ئاوی بڕی، فرمێسکی روون رووباری‌کوشت

قین و قاری چاوی خومار، ئەوینی بە فیز و دەمار
ئاسمانی ساوی داپۆشی، کالای گران کڕیاری کوشت

تاریکە شەو، دەستی نایە بینە قاقای کچی هەتاو
فێلی خێلی پۆشتەو پەرداخ، بە تاشای دڵ شڕباری کوشت

وسکـــوتی هـــەوری بـێباران، ئـەونەی قـیژانـدە مـل گـولاَ
وەرزی گولاَن رەشی پۆشاو، سـەرما هـەزاری زاری کـوشت

بـــاوێشکی داگـــوڵی خـــەفەت، حـیجابەکـەی دڕی تـەواو
بە نامەحرەم کە خـۆی نـوانـد، بـوڵبوڵی بـێقەراری کـوشت

غـــــەریب و شـــــارەزا نــــەما، لەرز هــــەڵی نــــەچۆقێنێ
تـەنانە تـۆفی سـەرد و سـڕ (کـۆلیل)ی کـۆڵەواری کـوشت

ئەم هەڵبەستەم لە وەڵامی ئەو چەند شیعرەی خوارەوەکە
حەمەغەریب ناوێڵە شاری سنەوە بۆی ناردبووم نووسیوە.
سەقز ٧٥/١١/١۶ی هەتاوی

ئەمەش دەقی شیعرەکانی حەمە غەریب

ئەڵێن کاتێ کە بەهار دێ
هەموو خەڵکی شار و لادێ
دەڵێن ئیتر شادی دادێ
بەرگی هەژار دێتە مەیدان
بە بەهایەکی زۆر هەرزان
پۆشاکی گەل، دەبێتە ئاسمانی هەساو
هەموو باڵدار و تەیر و مەل، رزگار دەبن لە کۆت و داو
ئایا ئێستا تاریکە شەو
گشت جیهانی، داپۆشیوە؟
ئەگینا من نابینا نیم،
بەهاری وام قەت نەدیوە، قەت نەدیوە..

حەمە غەریب ۱۴/ ۷۵/۱۱ی هەتاوی

ساڵی تازە

ساڵی تـازە جـەشنە دڵـبەر، ئـاوی چـەشمە جـاری‌یە
ئـــەرزی بـــەرپان و بـــلاوی ئـــێمە ڕەنگـی نـاری‌یە
وان لە سەحرای عەیش و شادی تیپی لاوانـی وەتـەن
مـــەحشەرێ بـــەرپا کـراوە، زەمـزەمەی مـەیخاری‌یە
بەزم و ڕەزمە و زیـل و بـەم، ئـەمما بـە بێ‌تۆ مـاتەمە
چـــونکە شـادی بێ‌وجودت چـاوەکـەم نـاچاری‌یە
چون کەمەندی ڕۆستەمی زابول دو زوڵفت هـەڵقەکـە
بیخەرە ئـەستۆی دڵـم، ئـەو شـێتە کـوشتن چـاری‌یە
(ڕۆژی ئەووەڵ بـو کـەزانـیم) قـاتلی شـاعیر ئـەتۆی
حـوسنی تـۆ قـاتڵ، وەلێ ئـەم ڕەمـزەکـاری بـاری‌یە
ســاڵەها ســـاڵە لە داخـــی لێـوی عـەمبەر بـۆنی تـۆ
(حەوزی کەوسەر) لێڵ و وێڵە، جـاری‌یە، اجـباری‌یە
عـــالەمێ گشـــتی دەزانـــێ مـــن کـــە عـــیشقم غـالبە
چون نیشانەی عیشقی بەرهەق گـیانەکـەم بـیماری‌یە
ئاهی دڵ سۆزی، (عومەر)، ئاخر بە حەتمی دێتە ڕێت
ڕۆژی مەحشەر پـێت دەنـاسن، کـێیە کـاری لاری‌یـە

بانە - ١٣٤٧ی هەتاوی

دووهەمین شیعری غەزەل، لە سەردەمی فەقێیەتیما.

له سالی ١٣٥٦ نامەیەکم بۆ یەک نەفەر نارد کە بیس تەمەنی لەلام بوو، لە نامەکەدا چەن شیعرێکیشم بۆ نووسی بوو.
ئەویش عەینی نامەکەی بۆ ناردبوومەوە. کوتبووی خۆشم لە شیعر نایە، منیش ئەم شیعرانەم بۆ نوسی

هاتم خاسی کەم

کەسنەزانی هۆ بە تو١٣٥٦/١١/١٢ی هەتاوی

مِنّی الی مَنْ کان رفیقا
لکنّهُ الان ضلّ الطَّریقا

ارجو مِن الله توفیق الاحباب
لِکلٍّ خیر و جُلٍّ الصواب

و بَعْدَ هذا فاسْمَعْ ما اقول
سَماعَ اَلسَّمِح باذْن القبول

عَلیٰ ما قال عَنک الغریبُ
شیئاً عجیباً اِذَنْ اُجیب

ئەمرا بە شێوەی ساکار و رەوان
بۆتی رێ ئەخەم شیعرێ چەوت و پان

نالێم بە غەریب چیتان وتووە
لە چوە ناچم چی چووە چووە.

وەلێ تۆ دۆسی گیانی گیانی بووی
کەی وێنەی نەیار یا فلانی بووی

بۆ تۆ من باسی گراوێکم کرد
هاتم خاسی کەم خراوێکم کرد

دیـــاره لەگـەڵ تـۆ ڕێکــی لاریـیە
چـــون دەردی مـێشکت تـەواو کـارییە

نــازی پـڕ نـووزەی ئـێوەی نـۆ کـیسە
نــــەمزانــــی ئـەونە ژاراوی‌و پـیسە

شــیعرێکی سـپی لە نــەسڵی بــڕیار
کــیژی گـوڵی یـاس، بـە عـێل و تـەبار

بــۆ دەسـتەی ئـێوەی نـامەحرەم نـاوێ
مــــەگــەر مـــنێ گــێژ فــریوی داوێ

داخم ئەو شـیعرە جـوانـەی بـۆتم نـارد
ناشیرینت کـرد بـە چـەن قسـەی سـارد

هــەقت پـــێ‌ئەدەم، پـووڵت پـێدابـووم
خۆم کردم بـە خـۆم، ئـاوا ڕسـوا بـووم

دەردی بــــێ‌دەرمان ڕژایــــە لەشـــم
ڕوو ڕەش لە حـەنای شـیعرێکی گـەشم

داتـــۆ بـە سـەرما شـیعرێکی پـەتی
چون (ماڵ قەڵو سەر بە خـاوەنیەتی)

هەرچـەن پـولەکـەت دریـا بـە گـۆشتاو
بـــۆتم نـــاردەوە ســـامەیکەرەقاو

چـــی بێژم بـە تـۆ بـۆ خـۆم «کـۆلیل»م
ئـەبێ هــەروابــێ هـەدیەو بـەر تـیلم

لای ئـێوه و مـانان، یـا هـەر نـاکـەسێ
بـایەخی هـەڵبەس بـاڵە مـەگـەسێ

شـاعیر کـوڵک و مـوو شـی ئـەکـاتەوە
ئـەوەی شـاعیره خـوا بـیباتەوە

هـونەر قـیمەت و ئـەرزشی نـییە
سـەر بـاشقەی هـونەر خـۆ فـرۆشییە

شـیعر بـبوایـە ئـەگـەر رەواجـی
کـام شـاعیر ئـەمرد بـە هـۆی نـاتاجی

چون خاوەن شـیعرن رەجـاڵ و رووتـن
جا با هەر بۆ گـەل وەک شـەم بسـووتن

پـووڵی کـردایـە بـەیت و بـالۆرە
بـۆ رەق ئـەبوینۆ چـەشنی قـالۆره

وەک بـێکەس پـەنا بـە شـیعر بـردن
نـاشیرین تـەکـا،تـاکـاتی مـردن

بـێشک هـەر شـیعر مـەولەوی مـران
سینگی خـەفە کـرد، بـە سـەنگی گـران

قـابیزی گـیانی (بـێسارانـی) بـوو
سـەدان شـاعیری هـەورامـانی بـوو

رفـاندی (نـالی) هـەتا هـەندەران
بـۆ شکـاندنی سـپای هـۆنەران

هــیوا و گــولاڵەی (گــۆران)ی تـۆران
له (حاجی) و (زیوەر) بووبە باو بـۆران

جەرگی (ئەدەب)ی کردە کۆی زوخــاڵ
بــەربووە لاشــەی ویــنەی قـەل و داڵ

لێــــی کــردە دژمــن ژن و خــێزانــی
بــە کــوێری چـاوی ئـەوینی جـوانـی

بـــــوو بــە ئــەوینی نــازی پــیاوێ‌تر
دایکــی خــانان و خــوا پــێداوێ‌تــر

(قـــانع)ی گـــەیان بــە ئــاشەوانــی
هــەڵی کــەن لە بــێخ ریشـەی رەوانـی

باریکە نووسەی تـووشی (هـێمن) کـرد
سەد وەک (پیرە مێرد) بە میسراعی مرد

(هــەژار) هــەژاری هــۆنە و هـەڵبەستە
تــەفرەی بــاوەڕو بــیر و راو هــەستە

بــوو بـە مـێملی (سـالم) و (حـەیران)
(مەستورە)ی شۆخی را و نا،لە سەیران

مــــنیش بـــە قــامکێ ئــەمانە نــابم
ئـەشێ بـۆ شـیعر و شـەرعی رسـوا بـم

کــێ ســاویلکە بـوو چـون تـۆ لە کــارا
دایــە نــاو دەمــی شــیعر و ئـەشعارا

بۆ خۆشی و شۆخی لەگەڵ کاکە فەتحوڵای نووریدا

بـــڕ بـــڕەی پشـــتم تـــرووسکەی چـاوم
ڕەمـــزی بـــرووسکەی تـاسەی ژاکـاوم
ئــاوی زەمـــزەمی گـــەرووی خـنکاوم
شــا بـــەیتی شیعری ســەر لێ شـێواوم
خـــۆشەویستەکـەم فـەتحوڵای نـووری
دوروا بـــەینێکە بـــۆ ئـــەکـــەی دووری
نـــەهات و چـــوویێ نـــە تـــەلەیفوونێ
نـــە ئـــاوو گـــۆشتێ نـــە بـــۆقلەموونێ
بـــۆقلە ڕەشـــەکـــەی لای بـــاوەهاتوو
هـــەر نەتدا پـێمان، تـا مـردارۆ بـوو
بـــەو فـەرشەی قـەسەم وا نـەیاندا پـێت
گـــفت و لفـــتەکـــەت لە بـیرۆ نـاچێت
بـــەڵام تـــۆ تـــەواو لە بـــیرت بـــردین
بـــــرا وانـــــابێ هــــــارۆژێ مـــــردین
یـــا نـەکـا مـەلوول بـۆ کـارەکـەت بـی!
بـــۆ پـــارەکـەت و بـۆ شـارەکـەت بـی
خـــەفەتی نـــاوێ خـــۆ بـەرە دەس خـوا
«خـــوا هـــەر خـــوایە و دنـیا کـاو بـا»
مـــنیش تـامەزرۆی یـەخچاڵم وەک تـۆ
سەوزی دوازدە فووت کارخانەی فـیلکۆ
ئـــــەوا بـــــەینێکە بـــێ کـــار و ئـیشم
وەکـــــوو جـــــەنابت مـــنیش فـــنیشم

نـە سـاحێو چـەکـم، نـە خـاوەن فـیشم
دوچـــــار چـــزەی مـــار بـــەد نـــیشم
گـسیرە لەشـــەشدەر، مـۆرەی نـــەجاتم
تـــۆ کـــیشی بـــەڵام مـن کـیش و مـاتم
لە بـــــــێخا دنـــــیا وا بـــــنیا نـــــریا
لە یـــەکـــێ ســـنیا بـــە یـــەکـــێ دریـــا
یـەکـێ قـەوڵیدا یـەکـێ قـەوڵی سـەند
یەکێ هـەوڵیدا و یـەکـێ کـەوڵی کـەند
یـــەکـــێ خـوێنیداَ و یـەکـێ جـوێنیدا
یەکێ سوێنی خـوارد یـەکـێ سـوێنیدا
لە بـــــیرت نـــــایە خـــلەی مـــام بـــلە
وتـــێ بـــە خـــولەی حـــاجی چـــلچلە
تـــــــرێ بـــــرێکی دەبـــــێتە قـــــلە
هـــا خـــلەگـــە مـــەو، هـــا گـــلە، گـــلە
هەر سـفت و سـۆڵێ جـار جـارێ شـلە
گـــا(نـــوەین)، گـــاگـــا (مـلە) وە مـلە
مـــێش بـە سـەر گـۆنای لەیلۆ خـاڵێکە
خـــاڵ لە ســـەر لێـــوی کـــنجا داڵـــێکە
فـــەتە گـــیان ئـــیتر شـیعرم تـەواو بـوو
بـــۆ بـــۆقلەکـەتان جـەرگم کـەواو بـوو

کـــەما و بـــێڵەهەڕ خـــۆراکـــی کـــەرە
کـــەرکـــەی تـــاڵبی شـــیعر و هـــونەرە

(عـومەر) بـا بـەس بـێ ئـەم فـڵتە فـڵتە
ئـــــەسڵ پـــــارەیە،هـــــۆنراوە تـــــڵتە

وەسای تەقەڵ دۆز

یـــاگـــەی ئـــاواتـــی دڵـە تـەنگەکـەم
هێـزی دوو ئەژنۆی کورت و لەنگەکەم

سورمەی دوو چاوی تار و تەمەکـەم
تــەسکینی دڵــەی پــڕ لە خــەمەکـەم

باغچەی پڕ لە گوڵ فـەسڵی سـەیرانـم
رەفــێقی راوگــەی پــۆلی جــەیرانـم

وەسای تەقەڵدۆز کـەوای خـاڵخاسان
نــەقاشی یــێخەی پــەنجە ئـەڵماسان

خاڵۆی ئیخراجەی کولۆنجەی کـیژۆڵە
عـاشق بـە زرنگـە و خـرنگە مـەنگۆڵە

قــەڵپەی قــەڵوەزەی سینە زامـەکـەم
کاک وە سافەرەج فـەجری شـامەکـەم

یــە بـەینێ وەختەن بێ دیـداری تـۆ
لە جــەرگەی جــەرگم شـیوەنە و رۆرۆ

بــالام بــێ ئـالات، تـەواو خـەمیاگـە
وەک چەمەر خەیار، لوول و چەمیاگـە

دەروونــم یـانەی خـەفەت و جـەورە
جـەختم بـۆنایێ، بـەختەکـەم سـەورە

حـاڵم پـەرێشان وێـنەی زوڵـف لەیـل
دەروون پڕ لە دەرد ئـاوارەی دوجـەیل

تــۆزی بــێ تــۆیی نـیشتە لە رەنگـم
خەفەت گـڕ کـەردەن زایـەڵەی دەنگـم

وێـــنەی بـــایەقوش رەفـــێقم چـــۆڵە
پـــاڵتاوی شـــۆمی ... لەرزم لەکـــۆڵە

ژیـــان و ژیـــنم ژانـــە و ژقـــنەمووت
بۆم قووت نـادرێ قـووت لایەمووت

ئازیز وەمـەرگت، مـەرگم پـێ خـۆشە
چون دیگ زووخاو پڕ کوڵ و جـۆشە

تـەواو خـاپوورە یـانەی دەروونـم
بـەینێکە یـەکـجار زار و زەبـوونم

نـە رۆژ و نـە شـەو ئـارامـم نـییە
خـۆیشم نـازانـم ئـەم دەردە چـییە

ئەلبەت دوور لە رووت رۆی نـەهاتیمە
کـــۆتایی شـــادی ســـەر بســـاتیمە

یا خۆ بێ مەیلی و کەم شـەرتی یـاران
یانەی سەبرەکەم کردەن سـەنگ بـاران

یــا هــەر زەمــانە زەمــانەی خــەمە
بــۆیە بــەم جــۆرە دەروونــم تــەمە

بە هەر ئەحواڵێ من جـەستە خـەستەم
دەروون پڕ لە زام وەک ماران گـەستەم

ئــیسە گــیانەکــەم قــاسد هــەناردم
نــامەی زەلیــلیم وەنــەش ســپاردم

شــایەد تــۆ وێــنەی لوقــمان حــاڵی
یا نەکەی سینەم لە خـەم کـەی خـاڵی

هەرچەن زەحمەتە و سـەردی زۆسـانە
ئــازووقەی دەوڵــەت روولە نــەمانە

زەحــــمەت بکــێشە رەفــێقی ژیــنم
وەبــزا مــن مـردووم بـێ بـیکە شینم

یــــا بــــرازاوای بــوکی خــەمم وە
ســاتێ مــیوانــی ســفرەی کـەمم وە

بـەڵکوو لە سـایەی هـیممەتی بـەرزت
ژیــان تــازەکــەم بــبمە هـاومەرزت

ســووری بـێتە سـەر گـۆنا زەردەکـەم
ساتێ سـاکـن وێ ئـێش و دەردەکـەم

نــەک خـوانـەخواسـە بگـری بـەهانە
بــەهانە مــەگـرە و تـەشریف بـێرانـە

گەر بۆ یانە کەم زیز و کەم لەشی
وەک ماڵی خۆتە یانەی کارەشی

ئیتر خوا حافیز هەتا عەسریێ دێر
لەو دوا بە تەمام بتبینم تێر تێر

ئەم چەن شێعرەم لە ساڵی ١٣٤٨ای هەتاوی لە ئاوایی چۆڵاخ نووسی بۆ وەسا فەرەجی خەیات لە قەڵارووتەڵە

کێ تاوانباره

نـــــیوەشەوێکە تـــــاریک و نـــــووتەک
دوو بـــــاسکی بـــــینین دراوە شـــەتەک
پـــەڵە هـــەورێکی ســـامناک و رووتـــاڵ
گـرم و گـاڵی بـوو لە حـاستی یـەک مـاڵ
چـــەن تـــیرە بـــەرقێ کـز کـز دەسـووتن
مـــــانگی گـــیراوی لە نـــوور لا لووتـــن
ئـــــەو هـــــەورەڕەشە وای تـــرساندبوون
گـــرشەی لە هـەنیەی هـەموو ساندبوون
پەنگی خواردەوە خـەو لە سینەی تـەنگ
لە سەر دڵ چۆکی دادابـوو، وەک سـەنگ
قـــوشێکی کـــوڕووز شـــوومی کـــۆنە ســـاڵ
جار جار دەخوێنێ لە گـوێسوانـەی مـاڵ
خـــەڵکی گـــەرەکـێ گـەورە و بـەر بـڵاو
خـــــەویان بـــــەسراوە، چ پـــیر و چ لاو
لە تـــــەقتەقانا[1] ئـــــەو هـــەمووە مـــاڵە
دەڵـــێی گـــومەز و گـــۆڕی ســـەد ســـاڵە
لە تـــەقەی کـەڵبەی سـەگ و گـورگە لوور
تـــرازا دوگـــمەی یـێخەی خـوێنی سـوور
ئـــەو شـــەو لەو مـــاڵە هـــاوارێ بـەرزوو
وەڵام دانـــــەوەی پـــــێویستو فـــەرزوو

١- نێوی گەڕەکێکە لە شاری سنە

وەلێ شەو گوێچکەی زووتر خنی بوو
ئاوی لە چاوی بیستن چنی بوو
شەو کەم کەم لە روو چارشێوی لاچوو
باری هەوری رەش لەو ئاشە داچوو
هەتاو لە ئاسۆی خۆر هەڵاتەوە
بە روومەت رنین دیسان هاتەوە
دیاربوو تیف تیفەی گۆنای نەدابوو
زەرد و سەرد و سڕ کز هەڵگەڕابوو
لەرزی تێ چووبوو لەو حەوا بەرزە
وەک کیژێ رێگەی پێ بگرن هەرزە
چاوی سوور بووبوو، عەینی گۆمی خوێن
دەتگوت ئەم خۆرەو خۆری دوێنێ جوێن
دوێشەو وەنەوزی تا رۆژ نەدابوو
بە دەم لەرزەوە هەر هەڵچۆقابوو
شەکەت و ماندوو بێ تین و رەمەق
لێوی بێ سرتە و دەمی بێ مەتەق
پەشێو چون کۆرپەی دایک ئاوبردوو
یاخۆ دایکێکی تاقانە مردوو
چونکە دەیزانی لەو ماڵە پەڕە
بەختی مەڕ بە دەس گورگۆ چەن شەڕە
کارەساتێکی وەها قەومابوو
لە عومری خۆرا، قەت رووی نەدابوو
هەرچەن ئەم باسە درێژ و دوورە
تەنگە نەفەسم لەم بەرە و ژوورە

بـۆت ئـەڵێم چـیبوو، ئـەو کـارەساتە
چـۆن شـاگـوڵی خـۆر بەکـیشێ مـاتە
ئـەو رۆژە هـەتا قـرچـەی نـیوەڕۆ
هـیچکە لەو مـاڵە نـەیبوو هـات و چـۆ
ئـاخر چـوار بـراو خـوشکێ لێـو بـە بـار
جـاران دەهـاتن بـە دەرکـی حـەسار
بـە تـایبەت چـونکە بـاوەژندار بـوون
لە دەر هـەڵتووتاو، لە مـاڵ بـێزار بـوون
بـاوکی دڵ رەقـیان ژنـی هـێنا بـوو
دایکـی ئـەو پێنجەی بۆ تـەڵاق دابـوو
شـەیتانی شـەهوەت کـوێری کـردبوو
بـە لەش زیـندو بـوو، بـە گـیان مـرد بـوو
بـە هـەرحـاڵ خـەڵکی لە یـەک دەپـرسن
دووبـرا چـوکۆڵەکـە، ئـاخۆ لەکـوێ بـن
خـۆ دوێ لە پـەنای هـۆ ئـەو دیـوارە
دیـار بـوون هـەتاکـوو دەمـەو ئێوارە
هـەر لەو پـەنادا بـراگـەورەکـانیان
شـانیان دادابـوو لەم شـانە و شـانیان
خوشکی دوو گـۆنا سـووتاو بـە خـەمیان
دەسووتا وەک شـەم دوێ لە بـەر دەمـیان
لە خـوا خـۆش نـایە نـەپرسین لێـیان
تـەقا و مـوشکلێ هـاتبێتە رێـیان
نـەکـا بـاوەژن لێـیان تـۆرابـێ
دریـا لە سـەریان قـوفڵ درابـێ

دڵ بــه وەســوەسەی رجــا و خــۆفەوە
دەم بـــه هـــەناسەی بـەفر و تـۆفەوە
هــاوسێ و دراوســێ دەچـن بـۆ هـەواڵ
بــــۆ چــاوە دێــری لە کـۆشێ مــنداڵ
کــه گـوێ هـەڵ دەخـەن لەدەر، تـۆزقاڵێ
نـــه زەرمــه جــلێ، نــه قــرم و قــاڵێ
ئــیتر چـــەن کــەسێ دەڕۆنــه ژوورۆ
چـــاو بـــه گــلۆپی دڵــۆپی ســوورۆ
تـــا دێـــنه مــاڵۆ دەشکــێ ئــەژنۆیان
دەتـــۆقێ کـــانی نــاڵەو رۆ رۆیــان
خــەڵکه بـۆ رەزای خـودا و پـێغەمبەر
وەرنــــــه ژووروە مــــەوێسن لە دەر
دوێشــەو لەم مــاڵە . . . .
بــه چـنگ و دەنـووک بەربوونە دەچـاو
شــەڕ بــووە لە بــەین فـریشتە و . . . . .
لە بــەینی پــەری و . . . .
فــریشتە و پــەری لەش بــه کـۆڵە بـوون
. . . . زاڵ و ســەرکەوتوون
دوێشــەو کــوژراوە عــاتیفەی ئـینسان
پــــێنجی پــێکاوە چـاوی نــاپاکــان
چـــپەی دڵـــۆپەی پــڕ لە دیــوەرژنگ
لە چاوی جـوانــا، بـوو بـه مـێخ و سـنگ
چـــەقی لە جــەرگی گــوڵوکی بــەهار
دانـــی کـــولۆر و کــۆلکەی پــڕ لەژار

داخـــــی لە دڵــــدا ســەوزە ئــەمدەردە
گــەوهەر شــەل و پــار، پــلاری بـەردە
کــووڵەکــەی ڕۆحــی پێنج دانــە مــناڵ
تەقین لە ژێر پێ..............
(شـەخسە)ی پاییز و مـانگی خـەزەڵوەر
وشکــی کــردووە گــیانی چــەن نـەفەر
قــــــین دنــــــەدنەی .... داوە
تــا ســەو ئارەزووی لە خــوێن شکـاوە
ژاری (هــەلایهەل) سەممی ....
چــەن چــارە ڕەشــی کـردوون کـۆڵەوار
مــەکــری ....
تــــۆقاندی دڵــــی تــــاقمێ هـــــەژار
تــف کـرا لە ڕووی شـەرەف و نـامووس
تــــاوانــــی نــرا بــەستۆی چــارەنووس
ڕوومــەتی مــاتە (عــهدیە)ی بـێکەس
لە تاوی زەبری، سـەر پـەنجەی هـەوەس
داوێـــــنی پــــاکــــی دڕاوە پــــاکــی
لە پــــەنای مــەیتی (خــالدی)کــاکــی
وەرن بـــــزانــــن کــــێ تــــاوانــــبارە؟
هــۆی ئــەسڵی کـێیە بـۆ ئـەم خـەسارە
بــاوکی دڵ نــەخۆش چــاوەڕوانێ کـەر؟
چیلکەی تەنووری حـیلکەی حـەیا بـەر؟
یــا دایکــی تــینووی قــەساس و تــۆڵە
بــە ڕایــێ پــێنجی وا کــرد بــە کـۆڵە

یـا بـێ سـەرنجی و کـەم تەرخـەمییە
قـــازی تـــاقەتی تـــاقیقی نـــییە
بـەڵگەی دەمـدەمی و هـەرزە وەردەگـرێ
تـــا لە ئـــاکـــاما پـێنجی پـێ دەمـرێ
یـــا مـــارە بـڕی بـۆپارە سـەرشۆڕ
(پـوڵ کـفن دەربـێ مـردوو گـۆڕبەگـۆڕ)
یـا خـۆ بـە چـەقۆی کـینەی بـاوەژن
ئـــەم بـێکەسانە کـراون جـن جـن
یـــا نـــە هـــەژاری لە بـاری بـیرۆ
کـردوونی بـە نـووک، پەیکان و تـیرۆ
وەیـــا ئـــەمانە هـــەمووی پـێکەوە
کـامەت قـوبووڵە، بـۆ خـۆت لێ کـەوە
مـن خـۆم هـەر دوو گـوێم دەزرنگـێتەوە
هـــاوارێ ســـەردی تـــیا دەتـلێتەوە
دەڵـێ تـۆ (کـۆلیل) شـاعیری خـەڵکی
شـــاعیر نـووسینە بـەرامـەو کـەڵکی
نـــەرمەلاوێنی خـــاوێنی ئـــەشعار
تـــۆڵە ئـــەستێنە، ئـــەڵێن لە . . . .
لە زوانـــی ئـــێمە، ئـەم پـێنج مـناڵە
بـنووسە سـەحنەی دوێشـەو لەو مـاڵە
بـــنووسە جـــووتێ پـەپوولەی دامـاو
. . . . بـۆی تـەنینۆ داو
(نـاسر) و (مـەنسوور) لفـە دوانـە بـوون
بـێ کـەسی نـەبێ لە کـەس دوا، نـەبوون

بـوون بـه خـۆراكـی . . . .
قــەوی بـــه بـــێ‌هێز لە مـێژه فـێره
بـــنووسه مـــانای شـــفا و لاڵـــەمان
لە ژێـــر چـــەپۆکـــی مـــەرگا نـــاڵەمان
دەم بــــه گـــــرینۆ لە پـــەسا پـــەسا
کـــەوتینه مـــل پـــای . . . .
داوێـــــنی پــــڕ پـــڕ دەخـــیل و ئـــامان
هـــێنااینه تکـــای بـــڕێ . . . .
دەرکـــی خـــەزێنەی ئـــەسرینمان شکـان
بــــۆ چـــاوەزارو دەفـــعی . . . . . .
بـــەڵام ئـــەو مشـــته . . . .
زەڕڕه نـــــوورێکیان نـــەدی لەو خـــۆره
بـــنووسه کـــاتێ دەس نـــرا بـــینمان
کـــاتێ کـــۆتایی درا بـــــه ژیـــنمان
کاتێ خەریک بـووین بـه شـین و شـەپۆڕ
. . . . . . دای لە ژێـر قـاقای تـریق و هـۆڕ
بـــنجی داکـــوتا زامـــی زوەی ســـەخت
لەسـەر ئـەنگوستی کـۆلێ کـوڵوڵ بـەخت
پێشەی شکـاندین ریشـەی مـووه و ریش
لەشـی سـووتاندین بـوین بـه خـۆڵەمێش
بـــنووسه جـــمگەو مـۆرەمان چـێ بـوون
دوێشەو بە جـارێ، لە گـرێجەنه چـوون
زامـــێکی لێـــدایـــن، ئـــەو شـەوه، شـەوه
هـــــەرگیز گـــۆشتەو زوون نـــاهێنێ‌تەوه

سکـــالأنامەی چـــەن ئـــاسکی پـــێشەل
بـــنێ مـــەحکەمەی بـــیرو بـــڕوای گـــەل
بـــپرسە بـــۆچی پـــۆلێ کـــۆیلە و دیـــل
لە ڕێـــــی هـــــەوەسا درانـــە بـــەر تـــیل
بـــە ســـەر هـــاتی مـــە، بـــڵێ ئـــاوا بـــوو
ئـــــاوا ژیـــــانمان لە کـــەل، ئـــاوا بـــوو
لێـــــرەدا (کـــــۆلیل) بـــــڕیامە جـــاڵی
تـــــەمی ڕەویـــــاوو هـــەوری خـــەیاڵی
عـــەقڵی ڕکـــەی کـــرد بـــڕناکـــا بـــیری
نـــــەچیر و هـــــەدەف نـــاپێکی تـــیری

❖ ❖ ❖

ئەم نامیلکەیە کە وەکوو چێشتی مجێور وایە، واتە تێکەڵە لە وشەی جۆرا و جۆر، لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٠ لە ئاوایی چۆڵاخ، یەکێ لە ئاواییەکانی ناوچەی دیواندەرە، نووسیوە لە یەکێ لە مامۆستاکانم لە شاری سنەدا.

میوانی چڵێس و چاوسوور

یــا رەب چــبوو لە بـەختم، لە نـێو شـەقامی شـارا
یـەکــێ نــەبوو بســووتێ دڵــی بــە حــاڵ مــارا
هــەڵە لێــی هــەڵە کــردم دیــداری ئــەو پیاوەی
دڵســۆزی ئـەم شـومایە و، هـەزار و یـەک شـومارا
چون بۆم نـەبوو مـویەسسەر گـوڵزاری رووی ببینم
بــــــهٰذِه الرِّســــــاله دردم کـــــــنم دوارا
بـــەر لەهــەموو ســلاوێ بــەبۆ وەکــوو پــلاوێ
دەس پــوختی کــیژە کـوردێ، لە نـەورۆز وبـەهارا
پێش‌کەش دەکەم، لە پاشان با عـرض کسب پـوزش
گــوێ راگــرە بــڵێم پـێت چـۆن چـەقیم لەبـوارا
(عومەر) شەوێ لە شەوان چـوو بـوو بـۆشەونشینی
نــابوویە ژێــری قــورسی، یکــی روشــن چـرا را
خــێزان نــەبوون لە مــالا، خـۆیشم نـەبوو لە بیرم
خــامۆشی کــەم هـەتا کـەس، نـەمباتە ژێـر چـرارا

حــــــينالرّجـــــوعِ الی البـــــيت البــــلاء ديــدم
آتش گشــــــوده آتش بــــه مـــــالّی بـــــەرد و دارا
لێــفەو بـەڕەو کـەواکـەم، لەگـەڵ جبەی مـەلاییم
دووکـــەڵ دەکـــەن دەسـووتن، وەک قـاوی کـابرارا
یەک دوو کتێو کە هـۆ بـوون بـۆ قـووتی لایـەمووتم
ئەوانـەش هـەڵدەقرچـان، لە کـوورەی گـەرمی نـارا
زدم بـر فـوق فـرقم کـوتم هـەی هـات هـەی هـات
ئـــەی مـــەردومان خـەبەردار مـن و لطـف شـما را
ئـــەشا ســەرما بـــە ســـەرما، چ بـــەزمێکی دەرێـنا
لهــــــيب آتش امشب مــــــەلا راشـــــد بــــلا را
مـــيوانـــێکی چـلێس و چـاوسوور وەکـوو دەبینن
خـــوراک خـــود نـمودە نـیسک و بـرویش و چـارا
پـــیاز و نـۆک و هـێرەڵ، برنج و مـاش و کـەشکم
ئـــــاڵەت و زەردەچـــــێوە، لەوێــــچێ بــــاقلا را
دوو کوولەکەی دیـاریو بـرێ چـەوەندەر و تـوور
مــەنێ تـــوو گــوڵە بــەڕۆژەو کــیلۆیێ موربیا را
هەڵووژەی وشک و قەیسی، کشمیشی زەردی بێناو
لە ســێ چـارەک زیـاتر، تـۆزێ لە خـواری چـوارا
قەن و بەن و کەل و پەل، دۆینە و شەلەم لەپەو تـرش
پــــەپانە قـــــیپە دێــــزە، مـــلیان نــاوە بـــە لارا

لۆکـــەی لێــفە شـــەماڵم، ئـــاگـــری بـەردا لە مـاڵم
چون چەورە خۆش دەسووتێ سادەی ئێوە و خدارا
زووتـــر بکـەن مـەهاری تـانەیسووتانـدە خـۆیشم
جـــا ســـاڵێتر وەرئـــەگـــرم ســـەرفیترەتان لە بـارا
چونکی لە من هەژار و بێ ئـەنوواتـر، ئـەوان بـوون
ایـــن مـــژدە تـــا شـنیدند، هـەڵچوونە سـەر دیـوارا
وەکـــوو هـەوری بـەهاری، دایـانە بـەر مـوسەلسەل
بـــە گـوللەی ئـاوی سـەردی خـەزەڵوەر لە شـەوارا
وا ئـــــێستێ رەمــــــەزانـــە. بـیستی لێ تـێپەڕیوە
خـــەڵکی فـــەقیری دێکـــەم، هـــەر وان لە ئـینتیزارا
لێرە و لەوێ دەپرسن ئـاخۆ بـۆ هـەر سـەرێ چـەن
مـــــەلا پـــــارەی ســـەرفیترە، دهـــێنێتن بـــەزارا؟!
مـــنیش بـــە وعـــدە گـــیرم وەڵـــی بـــۆ پـــارە پـیرم
فَـــــقَدْتُ عُشّ عَـــــقلی تـــــرانـــــي کـــــالحُبارا
لە لاێــیکۆ کـــە رووتــم لە ســـەرما هـەڵ ئـەتووتم
لە ســـــەرما کـــەی دەمـــێنێ چ قـــەولّمدا، لە پـــارا؟
کــــــوردێکی ئـــاوەڕووتی دڵ و دەروون پــــڕووزاو
کـــێ راستی کـرد لەگـەڵیا هـەتا راس بـێ لە کـارا؟
وەخـــتێ حـــەسیرە کـۆنی مـزگەوتم ژێـرە خـەربێ
وەعـــــــدە ئـــەنێمە چـــاڵێ، بـــا بـــمرێ لە پـــەژارا

لە لایــــیٚ‌تر ئــەوانــەش کــە قــەولّم داوە پــێیان
مـــــاڵیان پـــڕیە لە خـــاڵی، وان لە فــەقرە هــەوارا
تەلاش و رەنجی گـەنجی کـورِ و کـچی بـە جـارێ
قــوزولّقوردی تـەزوێحەو لفکـەو چـەتفە و کـەوارا
مــێژوو ئـەڵێ کـە کـوردان، لە رۆژێکـۆ پـەیا بـوون
کـــردەی ئــەوان و بـــردەی شـــەیتانی وا لە کـــارا
بــــە یک اشــــارە از تــو مگــر چــارە بــجویم
کــدامــین را رەهــا کــەم خــودم را؟ یــا فـلا را؟

بەشی سێهەم

گوڵی ئاخ

شیعرەکانم بەستەی شینن ئاراستەی دەستەی بیٚ‌تینن
گوڵی ئاخن لە سەرگۆڕی، کۆڕێ لیٚ‌قەوماوا، شینن
خونچە گوڵی زەرد و سوورن، عەینی خوێنن، خودی دەردن
ئاوی چاوی ئافرەتێکی بێکەس، لە زستانی سەردن
مەتەرێزێکی رووخاوی، کوردێکی ئەژنۆ شکاون
سووارەی فرمێسکن
لە لێژی روومەتمدا هەڵگلاون
چاوی خوێنینی شەوەقن، لرخەی قوڕگی «اناالحق»ن
دوایین ترپەی، سینگی تەنگی
بیٚ‌ئاکامی رەق و تەقن
تەقەڵی درووومانی جلی هەتیوی گیان بوو بە ملن
کفنی کۆن و کەم و کووڕی،
تەرمی لاویٚ نەرم و شلن
جۆگەی بیٚ‌ئاوی پڕۆ بووی، پڕ لە خۆڵ و خیز و خاکن
چاوەڕوانی هێزی
پاچ و بێڵی جۆماڵکەرێکی چالاکن
بریا و خۆزگەی جیٚ نەهاتوون، تاسەی تاساوی ساردۆ بوون
شاخەوانی سەرنجێکی
بە لووتکەی بەردۆ گیر خواردوون

له سەر کولمی هەست و هیوا خەت و خاڵێکی سڕاوەن
لە مل کیژی مژۆڵمدا
ئاقیق و مووروی چراوەن
کەژاوەی خالی له بووکن
هەرچەن بەختی رەشی خەیاڵ،
زاواییکی بەتەما بوو
هەرگیز بووکی نەهاتە ماڵ
پەری جوانی دەقی سەرگۆنا شکاون، بە لێوانیّ
کە بۆ درنی دەخنکێنیّ گەرووی کووژاڵکە کێوانیّ
دەمی دووراوی گڕوگاڵی منالّی شیرە خۆرن
باڵە تەپێی کۆتر و کەوی
دیلی داوی جۆراو جۆرن
لە سەرەرێی بای زمەنا
قنگلاشکی بیّمەوتەنن
دەربە دەری ولاتیکی هەرە دوور و بیّکەوشەنن
چاو قرتاندنی دواجاری
ئەستێرەی ژینی پیاوێکن
لە ئاخرین ئاویلکەشا، تینووی سەرنجی چاوێکن
بولبولێکی کز هەڵنیشتوون، لە قەفەزی سینەی خەما
بەنەوشەی لارە مل و بیّ ئاون،
لە قەراخی جۆگە و چەما
بەژنی بەرز و رێک و پێکی گەنجێکن،

سەر بە دارۆیە
ئەوەی قەبری لە دڵمایە، مایەی وشەم بە زارۆیە

تاڵەی رەش و دەنگی ناڵەی دڵی ئاوارەی شەکەتن
هاواری خاوو خێزانی لە ژێر ئاوارا لەت لەتن
لە هەڵەبجەی وێرانەدا، لێوی ئاڵن، قژی کاڵن
پێکەنینی دەمی برینی، شەهیدی بێ هەواڵن
مانای وردی، نووکە نووکی،
کیژە کوردی بێ گوناحن
ئەوانەی وا لە سەردەمی سەدەی بیستا خوێن مەباحن
قیژەی مناڵی شارانن شیعری بێکەس وەبیر دێنن
(من مناڵم دەرم بێنن، تۆ خوا ئەگەر بم سووتێنن)
هەڵمی خوێنن،
زاری زامی بە ناسۆری بێهەتوانن
بارمتەی خەمی بەرهەقی، ناهەق دەرهەق، بە نەتوانن
قرچەی دڵی دایک و بابی، تاقانە کوڕ لە دەس دەرچوون
یا دایک و باوکە رۆی کچە نازدارێکی بێناز کەوتوون
بەڵام هێشتا بەم حاڵەوە،
شیعرەکانم، بەڵێن دارن
چقڵی چاوی راست و چەپی، سپی و سووری، ئیستعمارن
هەتیوێکی قیت و زیت و هار و هاج و چەقاوە سوون
ئاوڕووبەری هەر کەسێکن، بێحورمەتە و چەتوو چەتوون

وەجاخی رۆشنی مێژوون، بۆ نەتەوەی گەلەکەمان
بەمان هیوادەرن بەمان
بەوان دەگرن رێگەی ئەمان
بەڵێ تاقەداری دەشت وکەویرێکی چۆل و هۆڵن
بەلاّم بە تاقەت و زبری و سفت و سۆڵی گۆیژەکۆڵن
گیرفانی پڕفڕو فێڵی چڵکاو خۆرەکان دەبڕن
جەرگی درۆی زلی خێڵی چاو شینەکان هەڵئەدڕن
رۆڵەی نەترسن دەپرسن،
لە نەتەوە یەکگرتووەکان
ئەرێ مافی بەشەر چییە؟ وتووتانە بە مەومانان
شەرم مەکەن
سوێن و ئەدەم بە گیانی دۆلار و فرانک
بەوەی ئەقڵ دەکاتە خەو
شەرەف دەخاتە شانکەشانک
بلێن تەڵەیە
کەڵەکە، هەڵەکردن لە هەرگەلە
تۆپە، گوللەیە، تفەنگە، بۆمبایە، گازی خەردەلە،
تاقیکردنەوەی مووشەکە،
وەڕەی سەگی فڕۆکەیە،
قڕکردنی ژن و پیاووکوڕ وکچی هەڵەبجەیە،
ئادەی سادەی بادە، سادەی
هەر چەن نابێ بۆ ژینی من،

له مافی مافیا لادەی
شەرم مەکە
مافی بەشەر بڵێ چییە؟
قانوونیە ـ یا فڕو فێل و فیفیە؟
یاخۆ گەڕە؟ شەڕە؟ ئەشکەنجەیە؟
سووتانی هیرۆشیمایە؟
مردن بردن بۆ سەبرایە؟
یا نە قەلاچۆکەی شەتیلایە؟
شەرم مەکە بڵێ
مافی بەشەر بایەو کایە
بۆ (کان)ی زێڕ و زێوەکەی رەشەکانی ئافریقایە
مافی بەشەر لە قوڕنانی بەهەشتێکی وەک لوبنانە
شالاو بۆ خلیجی فارسە هێرش بۆ خەڵکی ئەفغانە
مافی بەشەر
حەققی «ویتۆ» دانە، بە زۆر بە زەڕ
لە عاسمان، لە سەر زەوی لە کەم، لە زۆر لە وشک و تەڕ
وکوو ئەوەی بەشەر نەبین مافی بەشەر بۆ ئێمە نین
بۆ «رووس»ە، بۆ «ئامریکا»یە
بۆ «فەرەنگ»ەو «ئینگلیس» و «چین»
مافی بەشەر
لایەنگری بەشەر کوژ و چەک بە دەسە
نێوی پەیمانی ژنێوو منێو مەبەن

جنێو بەسە
ئادەی خەڵکی دنیا ئێوە بڵێن
مافی بەشەر ئەگەر ئەمانە نین
ئەی بەس چییە؟
ئازادییە؟
بە ناو نیشانی فەلەستین !
شیعرەکانم پشوو نادەن لە هەر مەرج و چەل و هەلا
تاخۆر دەس لە ملی گەلم نەکا
لە ئاسۆی ئەمەلا
شیعرەکانم
پاڕانەوەی (کۆلیل)ێکن لای خودادا
شمشێری تۆڵەئەستێنن لە دیوانی عەدڵ و دادا.

سەقز ١٣٦٧ای هەتاوی

بە بۆنەی شەهید بوونی حەڵەبجەوە.

باوانەکەم! با، وانەکەم

لەکورۆکی خوێن و ڕەگما
خرمەی بارانی فەڕوپیت دێتە بەرگوێم
لەسەر فەرشی باڵی فریشتەی پاکیدا
دێم و دەچم و بۆ یار دەدوێم
پەڕەسیلکە تازە پەڕەوازەکانم
بە سەوزە پەڕ،
تیمار دەکەن زامی بە سوێم.
ئەمشەو تاسە بە تاشای دڵ
خاڵی لاڵی لێوی خەیاڵ
بەگوڵی ماچی ئارەزو دەکەن بە بووک
باڵ دەخشێنن، بەسەر هێلکەی تۆقلەکانی دەروونمدا
کۆترە باریکەی ئێسک سووک
ئەمشەو وەکوو پەری خەونی کوژرا و
گیانی ژیانی دەزێتە لەش
دەگەشێتۆ وەک گوڵی گەش
شاگەشکەی شەپۆلی خۆزگا
گلێنەی دڵی تەماشا
بۆ بەژنی فەسڵی بەهاری ئازیز

دەگرێتەوە باوەش .
ئەمشەو ئەستێرەی بەربەیان
پرپرە و پوولەکەی ئاسمان
لە پۆپەی داری تووبادا،
چاو لە شەوبۆی لووتکەی ئەمەل دەقرتێنن
قەناری و قومری وتووێژ
لە هێلانەی قوولّی هەولّی هاولّەی هەناسەکانما
زریوەی شادی بەگوێی سروە ئەسرتێنن .
ئەمشەو ملی دژایەتی
لە رەشماڵی دڵلاّریما دەخنکێنم
دەیکەم بە پەتی هەڵبەستا
شووشەی پڕ لە عەتری شەوبۆی، زەماوەنی برایەتی
دەرژێنمە دەستی هەستا .
ئەمشەو بە ئاوی یادگار
روومەتی مۆنی نامۆیی دەشۆمەوە.
لەو خالاّنەی وا ناحەزن
دەسوتێنم دەمی ئەوەی بڵێ :
مەلەک
بۆ تەماشای بەژنی ئەوین
لە سەر عەرش‌دا، نابەزن، دانا بەزن .
تاکوو ئەو شەو، وتووێژی وشکی

لێوی نیگای شان کزو مل کەچم
نوقمی زەریای تارمایی بوو
هاواری دەردی ترنجاو، لە ناخی تەنگی مێژوودا
دۆعا و نزای نەزاو، تووشی نازایی بوو.
بەڵام ئەمشەو، رۆحی مەعدوومێکی زیندوو
ئاوی ژینی ئاژین کرد لە باخچەی هونەر.
ملوانکەی خەرمانەی لە مل مانگ دەرهێناو
گێڕای بە جەغزی نەفەسی سیحری سەحەر
بۆیە منیش سامم شکا، زوانم بەربوو
لەگەڵ شۆڕە سوواری شەقڵی شەو شکێنا
بە شەرمۆکەوتمە گفتوگۆ
پێم وت:ئەی هاوشانی شکۆ!
ساچونکە لەناو باڵەخانەکەی چەما،
واتە جێ دیوانەکەی تۆ
بەرزە لە باڵی پەپوولەی شابەیتەکانت، بۆی بۆسۆ
وە لە تۆ تۆی زێڕی باڵیان نییە تۆوی بۆ من، تۆ بۆ؟!
بەڵێن ئەدەم هەتا ماوم وەکوو دەڵێن
هۆنراوە نەکەم بە ناڵی ئەسپی سوڵتان
یا بۆ سوێلەکەی بە قەیتان
دەبم بە شاگردی ئێوەو
دەیکەم بە ئایەتی قورئان

دەیکەم بە چەکی گیان کێشان
مێش دەگرم لە نیشانەی سەر تەپڵی دڵی دێوی شەیتان
ناڵە ناڵی شەوانەتم، لە واژەکانت بیستووە
بۆیەکانێ بە ئەو پەڕی ئاواتەوە
حەزم دەکرد نەی ببوایەم
تۆمارگەی حەی حەی ببوایەم
گۆرانی وەی وەی ببوایەم
نەشئەی نۆشی ئۆخەی ئۆخەی
لە بەر نێشی، حەی ببوایەم
حەزم ئەکرد هەموو گیانم هەر گوێ بووایە
ڕێژنەی بارانە پاکەکەی
موناجاتی شەوانەتی چەشنی لمی لێوی کەویر
هەڵلووشایە
حەزم دەکرد لەم دونیادا وەکوو تۆ بم
دەس بە ئەژنۆی سەر گلکۆ بم
دڵ بنێژم لەگەڵ لەیلاو، کە چی هێشتا دەم بەگۆ بم
حەزم دەکرد دڵم ماڵە ڕەشایی بێ و
کرێنشینی گوڵ نەکاو
هەرگیز چاو نەبڕێ لە ئاوەنگ
لە سەر حەسیری پەراسووی خۆی بخەوێ
با ژیانی بە منەتی گوڵ، نەبێ تەنگ

چون چاوەڕوانی سەرچاوەن شەت و رووبار،
پێم خۆش نییە جۆگە و چەم بم.
دەمێ مووچە خۆری شین و
کاتێ سوورو
بەینێ ڕەش و
ساتێ ئەوو جارێ ئەم بم
حەدم نەبێ خۆتاسایی
پێم خۆش نییە قرت و چەو بم
سەرەڕەو بم
نۆکەری خواردن و خەو بم
قەڵەمەکەم بەم بە سەلەم،
خۆمیش لەرەهن و گرەو بم
دەمەوێ کانی و ئاوێکی پڕ لە هیوای زۆر و کەم بم
لانیکەم چەشنی زەمزەم بم
بمکەنە نێو شووشەی نەجات
لە سەر کلی دڵی عەشقا،
چاتر لە عەتر و بۆی بەهار، تازە دەم بم
لەگەڵ خۆما زۆران بگرم،
هەر چنگاوشی خۆم و، پێخەم بم
پشتی نەوسم بدەم لە خاک
یەک خەم کەمە،

پێم خۆشە بۆ خەم دوو خەم بم
پێم خۆش نییە کوشتەی خاڵی لێوی ئاڵی زینی مەم بم
یا عەوداڵی ئاوی ژینی
چاڵی چەنەی شیرینێکی شەکەر دەم بم
وە یا ناڵە ناڵی بێژەن
لە نێو چای تاریک و قووڵا
بۆ سێوی لێوی مەنیژە و
بۆ زەبری دەستی رۆستەم بم
تەنانەت نامەوێ مانگی یەک شەوە بم،
لە حاستی خۆر کڕنووش بەرم و
کەوان ئاسا کۆم و چەم بم
قەت ئاواتم نەخواستووە ببمە شەونم
گوڵ بم کاتە عەینەکی چاو،
لە سەر چەم بم، لە بەر چەم بم
من کە دڵم عەرشی خوا بێ
قەدرم دەشکێ،
گەر حەز بکەم جامی جەم بم
لە رۆژێکۆ راست و چەپی خۆم دەناسم
حەز دەکەم دەستی عیسابم. پێم خۆشە گوڵی مەریەم بم

✧ ✧ ✧

ئەی کۆڵەکە زێڕینەکەی

بارانی خەستی ئاسمانی سەوزەڵە
ئەی عەقیدەی مەرزیەکەت
شانەی پرچی کیژی کازیوەی حەوسەڵە
بێتو دڵم ساڵێ، مانگێ، یا حەفتەیی، ڕۆژێ،
شەوێ دەقیقەیی، سانیەیی، کەمتر لەوەش
خەیاڵاوی، لە شوێنت شوێنی نەکەوێ
چەقۆی قاری لێ تیژ دەکەم،
سەری دەبڕم، وەک چۆلەکەو، زرەکەوێ
بێتو لە تۆ جیابینەوە شیعرەکانم
وشک و زڕو، گێژ و وڕو، شەق و شڕو، مات و کڕن
بۆ بووکی بیر نابن بەگوڵ و گوارە و مێخەک
ناشیرینن، ڕوویان نییە سەر هەڵبڕن
ناشیرینی هەڵنابڕن
ئەگەر بێتو دەستم نەگری و،
نەڕژیتە ناو دارستانی باوەڕ و زەین و خەیاڵم،
نەتکیتە ناو گەرووی تامەزرۆی تەشبیهم،
لەگردنی ئاسکی ناسکی
باسکی جوانی ڕاو بەتاڵم
خەم وە ئەبرۆ ناخەم
ئەگەرچی لە دنیای چارەنووسما قات و قڕبێ
لە نێو سینەم هەور و هەڵای برین

تەمی نەڕەویتۆ و، گوڵی گرین دڵی پڕ بێ
جا بە تاو هەڵچۆڕیتە سەر مەزراو
مەزرەعەی مەزاری گوڵە عەنبەر و خاتوونا
راکێشن رەگی حەیاتم، وەشوێن هەتیتەی حەسرەتا
ملی دڵم کەنە پەتا
تا وێنەی تۆ خۆم پەیاکەم
لە تووناوتوونی نەبوونا
باکم نییە غەریبێ بم لە هەندەران
هیچ ماڵێ شەو رێم پێ نەداو،
بنوم لە مزگەوتی دێدا
بەو مەرجەی بۆی کزەی جەرگی
پیرێکی پەسەک لە بەری ببێ تێدا
بە درێژایی مێژوو، وەکوو دارگوێزەکانی هەورامان
رابوەستم ببمە کێشکچی تا هەرمان،
بێ پشودان
هەر وەک خەڵات کرابێتم وایە،
ئەگەر بشنێمەوە
بۆ سڕینی عارەقی سەرگۆناکانت
گەڵاکانم حاڵیان لێ بێ
بە چریکەی سیاچەمانەکەی
باخی ناخی پڕ لە عەتر و بۆی عیرفانت

تۆ ئەو گەنجەی وا لە سەردەمی گەنجی دا
دەچووی بە گژ داری سەروا
سووکتر لە رۆح بە ئاسانی،
بۆچی؟!
بۆ دەرهێنانی هێلانەی مەلی هەتاو
بۆ گرتنی بێچووە نوور و گرشەکانی
پۆل پۆل لەو بێچوانەت ئەوەن دەستەڵێن کرد
لە بەرۆکو باخەڵەتا
هەتا، هەتاو، خۆیشی لە سەر سینگت رووا،
لە ئاسۆی لێوتەوە هەڵات
بەرق بۆ بابا خەڵەتا

✧ ✧ ✧

ئەی هەر لە دین درووس کراو
گیانم گراوی گرینە چەشنی کەواو،
کاتێ ئاگرپێکەنێ بۆی
بە فرمێسک کڵوکۆم دائەمرکێنم،
رازی بەینی خۆمو خەفەت نادرکێنم
قافڵە سالاری، ئەم کاروانە چونکا تۆی
لەو کاتەوە مەحرەمەکەی موحەررەمت
لە حەرەمو، خەڵوەتخانەی، تەنیایی دا، ون کردووە
لەو کاتەوە

ئەڵقەی خولامی، پەژارە و مەرارەتت
لە گەردنی من کردووە
بۆیە کانێ لە ژێر چاوەدێری خەمام و،
کەس ناتوانێ هاتووچووی ئازارم لێ قەدەغەن کا.
ئاخر بازاڕی ئازاریش هەر ئەوەیە،
عاشقی شینی شاعیرانە و
پێی خۆشە بۆ خۆی شیوەن کا
لێم ئاییێنە،
تا مانگ و ڕۆژ هەڵدووراون بە سەر سوخمەی عاسمانانا
تا دڵۆپێ شیر بمێنێ لە ناو گوانی کاکێشانا
تا گوارەی ئەستێرە شۆڕە
لە گوێچکەی حەوتەوانانا
تا ڕۆژێ پەرچەمی پەخشو پەرێشانە
بە سەر شانا، ریشە و مانا
تا شیعرێ چاوی دادەگرێ،
لە بەژنی زامێکی بە سوێ،
سەرۆکایی بە ئازارە، لە جەرگەی ئێمە و مانانا.
بۆیە کانێ هەر شاعیرێ
پەیکەرەسازی ئازارە لە وشەی جوان
چونکا کەسێکی تر وەکو ئازار و غەم شیعری نەدوان
لە هەندەرانیشا هەر ئەو بۆی هاتە ژووان،

له بۆ هەمووان، نەک یەک و دووان
بۆیە دووگوێی ئیتاعەتم
گرمەگرمی هەوری ئازار ئەخواتەوە
چون هەر ئەو لە بەر ئاوێنەی ئەسرینمدا
خۆی دەق ئەداو
سەر و زوڵفی ئەشواتەوە
بۆیەکانێ بە برژانگی چاوەکانم،
پرچی ئازار شانە ئەکەم،
باوانەکەم!
ئاخر کەسێکی تر نییە لە سەر سینگم هێلانەکات،
با،وانەکەم.
ئاخر کەسێکی تر نییە
دەرکی دڵی بۆ شاعیرێ بکاتەوە،
لانی کەم شیعرەکانی شارەودەر نەکا
تەقەی کینە و خەتەر نەکا،
ئاورِی وسکوت نەداتەوە و
پەیکوڵ لە بەر پای هەڵبەستا، لە مەر نەکا

✧ ✧ ✧

ئەی قامووسی پڕ لە وشەی بە نامووسی حەیا و شەرم
پەڵە هەوری رەستەکانت،
تا دائەکەن بە سەر بێسانی بیرما، نەرم نەرم

دەستی دەشتی مێشک و سەرم
پڕ لە لیمۆی زەرد و
شەمامەی خەت خەتیو، بۆن دار ئەبێ
لیمۆیێ کە بۆ پێشکەشی دڵدار ئەبێ،
شەمامەیێ کە بۆ سەر خەرمانو جەژنی بڕیار ئەبێ
وەلێ تا لە بڕکەکانی دەیکەنێمۆ
تاقمی مونتاژگەرەکان،
لێمی دەکەن بە گڕکەی بڵ
لێمی دەکەن بە کاڵەکەمارانە، پێستی شڵ،
لێمی دەکەن بە تەماتەی سەرمابردوو،
بە کەلای گڵ
وەلحاسڵ، لێمی دەکەنە، ژانەزکو دەردی سپڵ
لێمی دەکەن بە چڵەی چاوی شەواری شەوارەکردووی ئێشو چڵ
منیش تەمرینی تۆڵەکردنەوەم نەکردووە
سەرم هەوای تێدا نییە بۆ قین و قار، بۆگیر و دار
ئەینا دڵ شکاوان دەڵێن
دڵێ کە بوو بە دوولەتۆ
بۆ دەرهاوردنی دەمار،
تیژترێکە لە زڵفەقار

✧ ✧ ✧

ئەی ئەستێرە رووناکەکەی

بەر بەیانانی سنووری دین و ئیمان
ئاشناکانی ئەم دەمە بۆنی غەریبەیان لێ دێ،
ناشناتر لە ناشنان
بوو بە هەرێز بنجی کوتا لە خوێنما،
داخی عاشقەکانی ئەم دەمە
قاژە رەشە دمەلاسکێی کۆتری حەرەم دەکاتەوە
بەرزە هەرای گمەگمی گاڵتە و گەمە
ئەوین ئەمڕۆ چاوە چاوی
بۆ پارەیە، بۆ ماشێنە، بۆ تالارە،
بۆ کچێکی مۆدپەرستی خۆ لە رەنگا هەڵژەندووە،
بۆ نەیارە، بۆ لاسارە
لە لاییێکۆ لە نێوانی ئەو دوو عەشقە درۆیەدا
وشەی جوان جوان پێشێل ئەبن
ئەلۆ ئەلۆکانی، پشتی تەلەیفونی هەوەس
پاکیان چاو خێل ئەبن
باش‌تر بڵێم دیدەی مەستی هۆنراوەکان
پڕ لە خۆڵی گریان ئەبێ
بریا نەبێ
زوانی پاڕانەوەی دەشکێ
قسەی ناخی چۆڕاوی دێ،
مەگەر خۆزگە و بریا، نەبێ

له لایێکی تریشەوە ئێستە کانێ کەسانێ هەن،
رێ بە کاروانی هەڵبەست و شیعر دەگرن
باج ئەسێنن
زۆرێکیان لێ شەهید ئەکەن
ئیتر مۆری خۆیان بە زۆر
بە ناسنامەی ماباقی‌دا ئەچەسپێنن
مانگە شەوی کرچوکاڵی قەسیدەیێ یا غەزەڵێ
بێتو هەڵێ
دەمبە دەمێ، لە قەڵەمێ
یا لە کەلی دەمێ چەلێ
گەلێ بە فێڵ و فەرەزۆ، لێی دەچنە حەلێ حەلێ
ئەیانەوێ کە پەریە سپیلکەکەی مانگ
لە نێو دەریای شین و مەنگا وەدەربێنن
رەنگی هەش و بەرگی رەشی، کافر بوونی کەنە بەرداو
لە حەوزی لیخنی کوفرا بی‌خنکێنن
ئەمانە بەم خەیالانە، پڕ و پووچ و بەتالانە
ماسی فێرە مەلە دەکەن
دەیانەوێ شیعر ژوورو نووری نەبێ
بەلام دیارە کوێر کوێرانە، لە پەکوتێ و پەلە دەکەن
ئەیانەوێ وەک چۆلەکە
رۆژێ ملی هەزار هەزار مەلی هۆنراوەی بەرزە فڕ

هەڵبکێشن
چرای هەڵبووی چاوەکانی هەڵبکۆڵن
بە شایێنی خۆیان هەرچەن سەریش بکا
وەزن و کێشی بۆ بکێشن
ئەوا ئێستا چەشنی دەستی چەوساوەکان
چەوساوە نەحەساوەکان
دەستی دڵم قڵیشاوە
ژانی قینی لێ دەچۆڕێ
لە داخی ئەم رێگرانە
ئەم چەتانەی دەخڵ و دانەو
ئەم چەتانە لە سەد لاوە
بەم بۆنەوە، بەڵێن ئەدەم
عومر ئەگەر مۆڵەت بداو، بەهارێکی دی بێتەوە
بەفر لە سەر دڵی گوڵی دەشت و دەمەن،
بتوێتەوەو بچێتەوە
کەند و لەند و، دەشت و چیای وڵاتەکەم،
هەموو لایێ دەپشکنم
چی وەردی بێ گەردی لێ بێ
بۆ خەڵکی شارەکەم سەقز هەڵئەچنم
هاتو گوڵم دەس نەکەوێ،
ئیتر لە تەپۆڵکەی سەرما

با جێ نەمێنم لە خێرا،
خێرا دوو چاوم دەردێنم
ئاخر من شاعرێکی بێناو نیشانم
بەم کارە ناوم دەردێنم
ئەمجارە مێژوو دەنووسێ
لە کونگەرەی مەولەویدا
شاعیرێ بوو کز و کۆلیل
چرای چاوی لەسەر دەستی راگرتبوو
بۆ رێزی خەڵکی شارەکەی
نەبۆ بەرتیل

سەقز ـ خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی

بە بۆنەی گۆنگەرەی مەولەوی کوردەوە.

قیر و بیر

خۆزگا لە دایک نەدەبووم، یا کە دەبووم سەرم دیدەی تیا نەبوواییێ
با شەقامی گۆڕینەوەی تەماشا، بۆ نێو دەروونم نەکێشراییێ

یا خۆ بەر لە دایک بوونم، دوو گزمووڵەی چاوەکانیان هەڵکوڵایەم
تووشی چەرمە سەرەی ئەوین، گێرەو کێشەی بێ‌بڕانەوە، نەهاتایەم

شەڵڵا پوورەی شەنگە سوورەی دڵداری، لێم نەشڵەژاییێ بۆ بێ حاڵێ
چوار مێخەی دڵیان دەکێشام، بەر لەوەی خورپە و سۆزی دڵ پێما ئاڵێ

دەزانی بۆ؟! چونکو هەرچی سەری هەوڵمدا بە هەزار دار و بەردا
دەستی ئاخر داڵدەی نەدام خۆرەتاوێ، تاوێ لە زستانی سەردا

باڕێزی تەشەر و تانە بە دارستانی لەشمەوە گەڵای نەهێشت
ماسییە سوور و سپیەکانی خوێنم، سەرما کولانیانی، کردنی بە چێشت

جارێ نەبوو سەرم بنێم بە سەر سینگی مێخەکبەنی بەهارێکا
بوو بە قوڵپەی هەناراوم، خەوێ خۆشم ئەگەر دیبێ لە جارێکا

گیانی تینووی ئاوی ئاوری خۆشەویستیم کەوتە بیری چارەی نەجات
بۆیە دەمی تاسەی خەیاڵم نایە ناو دەمی، فێنکی بووکی حەیات

کاتێ بینم لێدا، زارم پڕ بوو لە لم، تازە زانیم تراویلکە بوو
پێی لێ ئەنێم خەیاڵیشم، بە چاویلکەی دڵم روانی و ساویلکە بوو

وەک عەرزی عەزرەتی وشکە بەهارێکی بێبارانم لێبەسەر هات
هاژەی رەشە بای تون بێتە وێزەی پەڵەهەورەکانیو راماڵی دات

کوێرە رێگاری رژد و لێژم، دەڵێێ رەشمارێکە پڕ لە قۆرت و گرێ
لەهەر هەڵبڵووتیانێکیا، سەد بێچووە ژاری لە لەشما پێ دەگرێ

دەموت کەروێشکێ رەوەکم، خێپ ناخەوم راوم بکەن خلیچک و خاو
نەم دەزانی خەو دەبارێ، لە عاسمانی شەکەتی دڵ بۆ گیانی چاو

رمووزنێ رۆتاڵم لێ بوو بە ئاڵ و بەستی باڵی هێز و تینم
دەرمانی گیان دەرهێنانی دادەرخواردی چون بۆ ژوانی، جوانی ژینم

کە بەم جۆرە شەو نخوونیم پیا هەڵشاخاو بووم بە چاوی مۆتەی ژانۆ
ئیتر مەرگی کامەرانیم بە تاشای دڵی دەرد و غەم دەلاوانۆ

وەختێ تەنگی پێهەڵچنیم، سەنگ و شەوەی سوخورمەی شەو، گیانم نەوی
دەرەختی غەم، لە بەر بەروگوپکەو چرۆ ، لق و پۆپی نایە زەوی

هیچکەم نەدی بێ بەلاما، تاقە کەسێ دۆزیمیەوە تەنیایی بوو
شیوەن دەستی بۆ هەڵبڕیم، شادمانی لە حاستمدا کوێرایی بوو

تۆش ئەوکەسەی سپەلکی دژم دادابۆت، بۆم بە دەرکەو، کەوێ شاشی
بۆ گیردانی دانەوێڵەی عیشقی پاکی ئەمن ناشی، دەم هەراشی

هەڵدێری تەماشام هەرچەن ملی قەترەکانی شکاو شی کرانۆ
وەکوو پۆدری زێوی سپی، هەمووم کردە زەرەوشان و شاواشی تۆ

لە بێ خەوشی نیگاکانم، هاتبوونە سەیر، فریشتەکان، حۆری و پەری
وەلێ تۆ هەر ئەڵێی لە سەر سنووری سەیری چاوەکانم کۆچەری

گەلێ جاران سواری ئەسپی کازیوەی پاڕانەوە بووم، بە تاو، بە غار
چووم چاوەزاری قەندیلی نوورت، لە ژوور عەرشی خودا بۆ بێنمە خوار

بەڵام کارێکی واتە کرد، بوو بە تەڵەی تەقی، دەمی دۆعاکانم
دریانە بەر تیری شەهاب، ئەسپ گلاو زوانی شکا، سواری زوانم

قەڵەم سەد ژان ئەبژێرێتۆ، تا کۆرپەی وشەیێ ئەزێ ڕەوان و سڵ
هەزار هەزار لەو کۆرپانەم لە بەر پێتا سەر بڕیوە بە گیان و دڵ

ئەمما تۆی سەر سەری ڕۆحی پاکی ئەو کۆرپانەت نەدیم، لەبەر غوروور
فبتُ کالّذی اَعْطیٰ اللّئیمَ الشَمسْ والْقَمَرْ بلا تقصیر وکسور

لە کێبەرکـێی کێ لە سەرکێ، من و تۆ بوینە سەردەستە، من وتم قیر
تۆ پێڵوی چاوت قونجان و وتت، خۆم و تەفرە و وادەی درۆم لەبیر

من وتم تا ڕۆژی مردن پەیمانو بەڵێنم لە بیر، تا وتت قیر
تۆ لە نۆبەی خۆتا وتت لە لای من قیر و سیایە بیری فەقیر

وا لرفەی لافاوی درۆ ڕای مالیوم، مەڵێ بۆ کوێ؟! چون نازانم
بە دەم گوڕمی شەپۆلی حۆلی تەفرەوە، تەفر و توونا و سەرگەردانم

گەرای گەرووم هەتا دەبوونە یەک وشەی زیت و بزێو، لە لێوی لێو
لێوی رقیان لێم دەکورۆشت، نێر و مێوی دێوەزمە و جنۆکە و خێو

مەگەر ئەوەی نەبێ دەبوون بە چەپکە گوڵە سڵاوێ، پێشکەش بە تۆ
تاوانێکم نەبوو تاوا، بیمە باجی بەر سمێڵی خێڵی درۆ

چرای دڵمم گرت بە دەستۆ، ناخی پێکەنینی درۆم بۆ خنکانی
پەنجەی شیعرم، لە سەر نۆتی کام مۆسیقا رەوانتر بوو بۆ بزوانی

وەک ئاوازە بە سۆزەکەی سەی عەلیەسغەر، گۆلاوی سافی گۆرانیم
هەڵڕژاندە بەحری رەشی نەشڵەقاوی چاوەکانت، هەتا توانیم

کەچی کەفی دەستی لالآنەوەم، پڕ بوو لە کەفی سابوونێکی لووس
ماسی خزی پووڵەکاوی بەزەییتی بۆ نەگیرا، بە چارەنووس

لە لای لیئۆناردۆی دڵم، بزەی سیحراوی ژیگۆندی ئەوینم بووی
دەست و پەنجەی هونەرمەند و پڕ لە پیتی خەیاڵی هەڵفڕینم بووی

کوێرایيم بوو، نەم دەناسیت موونالیزای ناپاکەکان خەویان بەستووی
ئەشکی نەهەنگ قووتی داوی، بێ لوتفێکی گەڕ و بەدفەڕ کوڵمی گەستووی

بێتوو میکلانژم بێتەسەر جەزی خەرمانی بەسەری، حەزی دڵم
دەڵێ لە عەرزی وێنووسا وەک عیشقی تۆ، بەرِێژە و نەبووە حاسڵم

بۆیە ئێستەش هەر پێم خۆشە بسووتم بۆت، لە گوێنی گڕ. دووکەڵ نەکەم
کیژی بەلێن لەبەر چاوی نامەحرەما، وەک تۆ رووت و قووتەڵ نەکەم

بۆیە تا بای هاوارێ سووک، دێنە ژوورۆ لە پەنجێرەی دوو گوێمەوە
خەیاڵ بەرەو پیری خەمت سەڵتە قەمچی دەمباو، کەم کەم دەتوێمەوە

پەیتا پەیتا داری دڵەکوتێم دەلەرزێنیو، بەم لاو لادا دەیچەمێنێ
میوەی گەییو کاڵی ئەگەر تاکوو تووکێ، پێوەمابێ دەیتەکێنێ

بۆیە ئێستاکەش حازرم هەر پەیکانێ، هەر نەشتەرێ، بڕوێ لە رێت
بە لێوی خوێنینی دڵم هەڵی چنم، ماچی بکەم لەباتی پێت

ئێستەش ئاشێ بنیتەوە، دەستەئەژنۆ دابنیشی وەک رۆژی رەش
بۆ مۆرە سەنگی ژێر بڵوسکەکەی، گفتت ئەدەم بێ غەلل و غەش

دوو گلێنەی چاوەکانم پێشکەش بکەم بێماتڵی تا پەیمانم
سەر بە مۆر و دەس نەخوردە، هەر بمێنێ بۆ رووسووری لای گەلانم

هەتاو دەرگام لەسەر داخا، مردن سفرەی بانگێشتنم لە بۆ راخا
هەناسە سیم، هەڵماسینێو قەتیس کرێ لە قەفەسەی سینگی ئاخا

هێشتا بە نەرمە بارانی عاسمانی شیعری ئاودێرم تۆ هەر سەوزی
تۆ نەزەرکەردەی هەڵبەستی، سورمەی سەرنجی چاوێکی بێ وەنەوزی

سەقز ـ خەرمانانی ١٣٧٢ی هەتاوی

☆ ☆ ☆

من و شای پەرییان

ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم
چاوی چڵکن شۆڕە سوواری وەرزی گوڵی گرمۆڵە کرد،
جا کەوا بوو هەروا چاکە
کولەی سپی
چوڕی شیری هۆدەی هەڵبەستم دابەمۆ
با لە تەرەی سینگا بڕزێن
شەتڵی ئاوات چپە چپی
لە سەردەمی گیان کەنشتام
ژێر چەپۆکەی ئاویلکەی بێ دەسەڵاتیم
وام لە شکا
بە پیپلکەی خەوێ خۆشا کە دەمبینی بەرەو بەهار
سەرکەوتم یا کەوتم هەردوو ئەژنۆم شکا؟
ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم
چونکا لە ژێر پای پاییزا پێ شێل ئەبێ
تاوی هەتاو تاوەتەوە
گەرمای ئەوین سەرما ئەیبا
بەیاخی سوور بە سەر لووتکەی رمی زبەرجەدینەوە
شیتاڵ، شیتاڵ

بای بێ‌وادە هەروا ئەیبا
مانگی نیسانی جوامێری، بەهاری پیتۆڵەکانی کوردستانم
ئەگەر گوڵاو نەبارێنێ
ڕەشەباکانی خەزەڵوەر بێتە ویزەی هەورەکانی و
تاسەی دڵی کچی خنجیلانەی، خونچەم بۆ نەشکێنێ
ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم
هەوڵی چی بەم هەڵەداوان
بۆ گوڵ وشەی پاراوو جوان
رستەی نەزۆک نەبێ نازێ
زەوقی تێکچووم
بە چنگی غەم روومەتی شیعرم رنیووە
بۆ پڕپۆڵەی پەڕەسیلکەی کۆسپی کەوتووم
لە باغچەی بەهەشتی عەشقا
شای پەرییان ئەیوت، بە هەنیسک و گریانەوە
لەسەر لێوی حەمدی هەژار، مانگ و ئەستێرەی بێ‌ژمار
بەرەو مەغرب بریانەوە
ئەیوت هۆ هۆ سووارە عەودالەکە،
سەرتاپا باڵا پێوانەی پەیامی نوور
مەجدی کەلامت رێک‌تر و جوان‌تر
لە نەمامی وەجدو سروور
بۆ خوار و ژوور
چونکا هەزار هەزار مەلی هیوا

لە هێلانەی بیر و راتا کەوتە تەنوور
ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم
ئەیوت ئەی سیروانە پاک و رووناکەکەم
ئەی چۆڵەمەی قەفەسی سینگ
سووتاوەکەی بەژنی گزینگ
ئەی ئاوێنەی تەواو نوێن
ئەی شارەزای رێباز و شوێن
لەبەر ئەوەی کۆچی دوایی هەڵی لووشای
بەهەشتی خوا عاشقت بوو، قەشمەرانە دەسی گووشای
وەخەنجەری بەجێمانی نەشمیلەکەت چوو بە لەشما
پەردە کێشیا بە سەر خەڵکی دیەی گەشما
ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم
ئەیوت کاتێ مێرگوڵانی سرتەی خۆزگەدیلەکانم
قژ بە مەچەکی کەنیشکی حەزی ئەوین شانە نەکەن
مێشەنگوێنە تەراکانی هەنگانی سینگم
لە شیلەی گوڵی باغی میکائیلا ئیتر زەڕین شانە نەکەن
پۆلەکچی گرشەی هەتاو
لەگەڵ شانۆگەریەکانی کوڕی تۆفی دەروون برژاو
بە مانگی سەر پەنجەکانیان
روومەتی چلەی زستانی کۆچی دڵدارم بڕنن
لەسەر سەحنی برینی بەرینا
چەپک چەپک گوڵی گرین

لە رۆخی جۆگەلەی دەمارم بچنن
لەسەر ژێتاری تاری شەوەزەنگ، هەوای شیوەن سەما بکەن
زێوی سەهۆڵ بە بەرۆک‌و پێخەی هەناسەما بکەن
ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم
ئەیوت ئەوین چەشنی لەولاو
دەگەڕا لە دەور و بەری، دارەبەرێ
پۆپەی لقە سەوزەکانی دابووی لە سەرمیچی عەرش
بۆ عەرش ببوە سێبەرێ
وەلێ کوێربم بە تەنافی رەگەکانی بە بەرچاوی چوار چراوە
ئەوین لە نێو ماڵی دڵیا درا لە دار
وەرزی بەهار وەکوو پێرار و پار پێرار
شەرا بردی‌و ئاگر بەربووە خەرمان و دەغڵی هەژار
وەختێ گوڵجاڕی هەڵبەستم رەشی رەش و
بۆ کفنی تەرمی خۆر نەبێ
لە شیعری چارە رەش پتر هیچێکی دیم بۆ جۆر نەبێ
منیش ئەڵێم وەکوو ئەو شاعیرەی ئەڵێ:
وەختێ پاییزی لێواولێو لە رووتەڵی و
بیرەوەری گەڵای زەردی بە جێ‌ماوبم
لە پۆلی پەریەسەوزە باڵەکانی مێرغوزار لێ‌سووتابم
وەختێ شنەی هەوای بەهار، بە شەو بارانی ئاوەنگی لێ نەچۆڕێ
زوڵف و خەتو خاڵی گوڵ و گیایی کەژو چیام بۆ نەشۆرێ
ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم

کاتێ دیوانی هەڵبەستم
لەو رۆژەیدا بناوانەی چەمی چاوی لێ هەڵبەستم
هەر لەوێوە
سەر دێڕی قەسیدەکانی، کانی شیوەن بێت و ماتەم
رەش‌تر لە شیوەنی شەوی شایی لێ شێواوی
دڵی سووتاوی گەلەکەم
کاتێ دیانە ریکەی رق و کینە
شاگەشکەی ساوا منالی بێ‌دەغێڵەم کاتە گریان
بەحری شکۆم بێ بە سەهۆڵ
بە هەناسەی سەردی زستان و بای زریان
کاتێ تەم و مژی کەسەر،
لە عاسمانی لەجەری چارەنووسمدا نەرەوێتۆ
پەڵە هەورێ لە نەتەوەی ناڵە و هانا
قورس وەکوو تەرمی رۆسەم
لەسەر سینەم بحەوێتۆ
کاتێ دەرکی شارەکەمان لە تیشکی نوور داخرابێ
بلوێری زەردی تەلایی لە لێوی خۆرا شکا بێ
ماچی کچی قسەی جوان و نەرم و نۆڵ
ببێ بە بەردی سەخت و سڕ چەشنی سەهۆڵ
ئەڵێم ئیتر شیعری بەهار و گوڵ نەڵێم

* * *

لێرەدا بوو ئیتر خۆمم بۆ نەگیرا

چپانمه گوێ شای پەریانا
کە شیعر کتێوی ژینه
نووسەر خوێنی رەگی گەله
لە نەمان و دوایی هاتن، تەلەسمە و دەوری پەرژینه
بلیمەتێ تۆفانی شیعر و پەخشانی هەڵساندووه
بەرلە هەموو شتێ، مەرگی بە سێدارەی
ئەوین و باوەڕ و هیوا خنکاندووه
کەوا بوو من هەتا ماوم شیعری بەهار و گوڵ ئەڵێم
ئەبوو عەلی سینام بینی
میداڵی زێڕینی پێ بوو لەگەڵ تەبەقێکی نوورا
بەسەرنجێ دووپاتەوه
بە ناو گەلی تورک و تات و فارس و کوردا رادەبوورا
لە کوتوپڕا دڵدارەکەی پەیدا کردی
بەر لە هەموو شت هاوردی
دەسی گرد و بردی بردی
بردی بۆ شوێن و مەڵبەندێ کوردی
جا نوورەکەی کردە سەریا و میداڵەکەی دا لە شانی
ئیتر ئەویش وەک بوو عەلی گڕی تێچوو
بوو بە مەشخەڵێکی نوورین هەموو گیانی
کاتێ کیژۆڵەیێ کراس کرێشە و هەورێشم، بێتە وتار
بڵێ کە چەند فریشتەی سپی پۆش
دەریان هێنا دڵی پیاوێ خاوەنی بەڵێن و بڕیار

ئەمجا بردیان بۆ موزەی بەهەشت و تالاری هەمیشە بەهار
تا لەگەڵ رۆحی دارەناجیلەکانی گەردەن بە خوێن
ببن بە تەزوێحێکی هۆنراوە
بە تای زۆڵفی کچە بەفرینەکانی سەر بە گوێن
با بەهەشتیان لەسەر بەر ماڵی مانگەشەو
هەر سوبحانەڵلای ئازادی پێ بژمێرن
بە ئازادیش تەڕکردنی دەمی وشکی زەریاکانی
ئەم سەردەمەیە بسپێرن
زووانی شیعرم ئا بەم جۆرە هەواڵانە
هەرگیز لاڵ و پەکەر نابێ،
جا کەوا بێ
هەتا ماوم شیعری بەهار و گوڵ ئەڵێم
کەسێ بۆ مەم شەمێ وەک خاتووزینی مارە بڕیبێ
هەر بە شیعر، جل و بەرگ و گوڵ و گووارەو
مێخەکبەنی بۆ کڕیبێ
کە تا ئێستاش بە لێزمەی بارانی نووری سەوز و کاڵا
بەڕینگاڵی پرچی زەرد و گەش و ئاڵا
لەبەر شنەی بای شەماڵا
ئەوین ئەو مارەنامە پیرۆزەی
لە بەر حەوش و دەرکی ماڵا، کردبێتە درۆشم و ئاڵا
لە ژێر شانی چەپی بەکرە شۆفارێکا
دەرەی کینەی خستبێتە ژێر چاوەدێری شیعرو

هەپروون هەپرروونی گۆپالاً
تا نەسیمی بزەی هەورێشمین بخشێ
بەسەر خەدد و خەت و خالاً
منیش بۆ جۆر بوونی مەتا و نەخشی کالاً
هەتا ماوم شیعری بەهار و گوڵ ئەڵێم
شوانێ هەوانەکەی پڕ بێ لە رسق و نان
وەک سفرەی حەزرەت سولەیمان
پڕ بێ لە ژین، پڕ بێ لە مان
پڕ لە دین و پڕ لە ئیمان،
پڕ لە وشەی رەسەن و جوان
لە چەشنی ناموسی پاکی مەستوورەخانی ئەردەلاًن
بەرز وەک شاخی هەورامان،
چوارباغی پێنجوێنی قانع
وەکوو تەعریفی ئەبووبەکری موسەننیف
بێعەیب و جامع و مانع
چەشنی وتاری بای سەبا بێبژار و ساف و خاوێن
تێپەڕ بووی رێگەی رۆشنی
بۆ ژوانی پەیمان و بەڵێن
وەک ناڵەی جودایی هێمن، پڕ لە تاسەی کوردەواری
بەهارێ پڕ پڕ لە کانی،
پڕ لە عەتر و هەوای بێخەوش،
دەشت و چیا و مێرغوزاری

تریفە تریفی واژەکانی هەرچی هەواتاریک‌تر بێ
سپی‌تر وەکوو شەونما
شۆراو بە ئاوی زەمزەم‌و، دەم لە ناو دەمی شەونما
چما جامی بەربووکی گردوون هەڵگرن
ئەم وشانە و خاوەنی ئەم بەرهەمانە قەت نامرن
پەس تۆش لەگەڵ مندا رابێ
چۆنکە وابێ هەتا ماوم شیعری بەهار و گوڵ ئەڵێم
کەسێ تەفسیری قورئانی پیرۆزی خوا و پێغەمبەری
بە سەر مەزرای هیوامانا
داکا بە تاو بارەو بەری
بزە بخاتە سەر لێوی چزی تەفسیری خەم کردوو
نهێنی‌تر لە چاودێری ساواییێکی دایک مردوو
ماندوو دەرکەر بێ،
لە جەستەی فەلای خەرمان لافاو بردوو
چەشنی تەرانەی هەزاران، لەسەر باڵی مەلی باران
برژێتە سەر مەزرای چڵو
گڵی ملو گوڵو دڵی، کوردو گۆران
بکا تەفسیری نوور و نوون،
«والقلم و ما یسطرون»
«انما امره اذا اراد شیئاً فیکون،
فسبحان الذی بیده ملکوت کلّ شیء و الیه ترجعون»
بە ئەمری ئەو بوو هەر شتێ نەبوون و بوون

وەیا ئەوانەی بوون و چوون
جا با هەوری رەشی دژمن، بچەکێنێ مەمکەی تۆفان
تۆفان هەرگیز بۆی قووت ناچێ قەڵەم و بەرهەمی ئیمان
جا با تاریکی پەنجەی نوور
هەر بکرۆژێ بە کەیفی خۆی
دووکەڵ هەر چەن تێبکۆشێ،
کوڵمی خۆر، قەت رەش نابێ بۆی
جا با شەیتانی زەڕپەرست لە رەش خەیاڵی باوەڕا
بە پەیڕەوی لە سامری
سوژدە بەرێ لە حاستی گوێرەکەی زەڕا .
ئەمەش بڵێم لە دواییدا بە شای پەریان ؛
ئەگەر هەوەڵ رۆژی ژیان
خوڕڕەی فرمێسکی ئاڵم
بە سەرهاتی دەروونی بۆ ئەدرکاندم
بە ئاوی گیاکەکرەی سەبر، بە هیوای بەرهەمێ شیرین
زامە بە تیراوێکانی نەیاری دائەمرکاندم
ئەگەر سروودی کۆچی خۆم لە سۆزی شیوەنی نەیا
لە شمشاڵی غەریبیا گوێ نەدەگرد
لەگەڵ نقارە عاقێقیە باڵ سوورەکانم
کە بە حاڵێکوو دووبەڵا، لە سیمەوە نەفەس ئەدەن هەڵم ئەکرد
ئیتر هۆنراوەی زامدارم بە خشڵی خوێ نەدەخەملاّن
سفرەی دڵی برینانم بۆ هەموو کەس نەدەکردۆ هەتا هەرمان

من نامەوێ دوژمن شایەکامی بیا
لەسەر گۆڕی گیانی نوورا بڵێ ئۆخەی لێرە و لەوێ
تا ئەوانەی تانەی چاکی و پاکی ئەدەن
بە ماتەمی فەزڵ و هونەر شادی ئەکەن
چەشنی دمەڵ
با هەر لە ڕێی جەحانما، بێن و بچن
بە ئەسرینم نەگرێ شەمیان
پەس بۆ جەماوەر و گشتی زۆر و کەمیان
هەتا ماوم شیعری بەهار و گوڵ ئەڵێم شیعری بەهار و گوڵ ئەڵێم.

سەقز خەرمانانی ١٣٧٥ای هەتاوی

بە بۆنەی کۆنگرەی فەرزانەکانی کوردەوە کە لە شاری سنەدا بەرێوە برا.

راوی وشە

هەر چەن وشە شاخە مارەو دەڕوێ لە نێو گۆمی ژارا
هێشتا دیلی داوی راوچی زەوقی منە لە ئەشعارا

تۆپی ئەستێرە بێ‌وشە، لە بێشکەی ئاسمانی شینا
بۆ هۆنراوەم دەشنێتەوە لەسەر مەوجی پێکەنینا

یا خۆ وشە ژوورتریش بێ لە کاکێشان، لە موشتەری
پاپۆڕی دەسکاری شیعری جوان، دەنێرمە سەری

وەک مسقاڵە زەرە، وشە وردیلە بێ، پەیکی هەواڵ
پەیدای نەکا، زەڕڕەبینی دیدەی ئەوین تیا دەکا ماڵ

هەرچەن وشە، تاقانە ماسی‌یێکی بەحری بێ بن بێ
پەیتا پەیتا خۆی وەشارێ، باوەگەورەی سەغری جن بێ

هەر پوولەکەیەکی رەمزێ، بۆ قایم بوون لە تۆ و من بێ
دەبێ بۆ چەشەی قوللابی هەڵبەستەکانم نەوسن بێ

لە نێو دڵی تاڵە موویێ، سەد را ناسک‌تر لە خەیاڵ
قایم ببێ وشە، هێشتا دەیدۆزێتۆ سێحری حەڵاڵ

بەڵام هەموو وشەیێ نە، وشەی بە بایەخ و تەواو
تەڵای دەسەو شار بێ چمان، لە باسکی زێڕینی هەتاو

شەپۆل شـەپۆل، تـیشکی زەردو سـووری تـازە زاخـاودراو
بـخاتە رێ، بـات لە پـەڕەی دڵ و بسـێنێ ئـاو لە چـاو

رووبارێ بـێ خـورِ و رەوان، ئـاو هـەڵدێرێ کـەوان کـەوان
نەک راوەستاو چەشنی زناو، گەرِ خۆی تیا بشـواتـۆ شـەوان

گـەوهەری شـەو چـرا چـۆنە، ئـاوا پـرشنگ بـدا لە دوور
ورشە ورشی بە جـۆرێ بـێ، وەک تـەقی بـێتۆ کـێوی نـوور

تـیشکی خـۆر بـێ، بـزێتە نـاو دەمـی شـەونم لە پـاکـیدا
دەشتی عـەتری بـەهار تـۆزی پـای نـەشکێنێ لە چـاکـیدا

ملوانکەیێک بێ هۆنراوە، پرِ لە مـوورووی سـەوزی نـەجات
بکـرێتە مـل کـیژی هـیوا، ئـەویندارى کـوڕی خـەبات

پەڕی پەری لە ژوور سەر بـێ، خـێو دەسـتی لێ نـەوەشێنێ
پـەنگاوی بـزەی شـیرین بـێ، فـەرهادی دڵ دمـی لێـنێ

لەنـجە و لاری بـای بـەیانی نـاوەڕاس مـانگی بـەهار بـێ
گوڵ دەمـی بـۆ ئـاوەڵا کـا، ئـاڵای زەردو سـووری یـار بـێ

بـەلاّم هـەموو وشـەیێ نـە، وشـەی رەسـەن وەکـوو بـاوەڕ
حوباب نەبێ بمرێ بە فوو، کۆشکێ بێ لە بـەردی مـەر مـەر

هاوەڵی نـیوە ڕێ نـەبێ، هـەتا ئـاکـام هـەر لەگـەڵ بـێ
هەتاو چۆنە هـەر وا هـەڵبێ، تـا تـاریکی لە بـەر هـەڵبێ

تەمبەڵ و دەم هەراش نەبێ، هێواش هێواش هێواش دەبێ
وەک شەم بسووتێ بۆ هەژار، (کۆلیل)ێکی تاقانە بێ

راوی کۆتری شەرەف نەکا بۆ خوێنخۆرانی بێقامووس
پەردەی حەیا نەدڕێ تەواو، چارەی بکا بە چارەنووس

بەڵام هەموو وشەیی نە، وشەی خوێنینی نەرمە بڕ
پشتی شمشێر بە بێدەنگێ بشکێنێ، نەک سمڕ سمڕ

خوێنێکی وا لە بەر دەرکی عیشقا قڵمۆ بوو بێ لە دڵ
خوێن ڕێژەکانی حیرفەیی و گەڵ کوژەکان لێی بکەن سڵ

بینیتە مل تەوقی زاڵم دووکەرتی کا، پۆلا بڕ بێ
مەرەک مەرەک بەرەک بگرێ بە شەڕ، لە گەر دڵی پڕ بێ

شەلاقێ بێ لە دارە مێو، لە دارە توو، دارە بناو
ئاگری کسپە بخاتە ناو لەشی پوواوی ناحەساو

چەپلاخەی بای سەرد و توندی ڕێبەندان بێلە نیوە شەو
خوێن بزێتە جێ پەنجەکان، سوورۆ بێ وەک دەنووکی کەو

بۆ ڕاپەڕاندنی شۆڕش پڕ بێ لە واتەی هەست و تین
دەس بنێتە بینە قاقای وسکوت و کوڕنووش و چەمین

لە نێو دەستی ئیبراهیمی حەقا تەورێکی دەم ڕەق بێ
خودای چێوی لەت و پار کا، یاسای نەمروودیان لەق بێ

رووباری نیلی ڕێدەر بێ بە هاروون و مووسای کەلیم
بە سەر فیرعەونی ناپاکا بخرۆشێ؛ (کالطود العظیم)

بــەلاّ بــێ (روخ) بــدا لە نــێو نــووکی بـاڵندەی ئـەبابیل
قـەلاچۆ ببڕێ لە (شـاە)و (وەزیـر)و (سـووارە)و (ئـەسپ)و (فـیل)

کــوورەی رقـی دڵـی کـاوەی ئـاسنگەر بـێ، بـە هـێزی گـڕ
بــتاوێنێتۆ هــەر ســەرێ، پــڕ بـێ لە مـێشکی قـات و قـڕ

تا رادەیی حەق بە دەس بێ، ئەگەر کوژرا هەر وەک (میتیس)
پەیکەرەی تــۆڵە ئــەستێن بــێ لە قـاتڵی دەس و دڵ پـیس

ئــەمجا ئــەم وشـانە هـەموو، لەسـەر گـۆڕی دژمـنی نـوور
هەڵـپەڕکێ کەن، کێ بەر کێ کەن، بۆ ئازادی تا نەفخی سـوور

سەقز ڕێبەندانی ١٣٦٧ی هەتاوی

ئەم بەرهە مانە لە نووسەری ئەم کتێبە چاپ وبڵاو کراوەتەوە

١)لە هەرچیمەنێ،دیمەنێ

٢)دوو بەیتییەکانی(کۆلیل)

٣)ئەسرینی ئاڵ

٤)بەهاری شەستوشەش

٥)چاوی خوێنینی شەوەق

ئەم بەرهەمانەش چاپ نەکراون

١)ئاوایە بەزمی عاشقان وەرگیراولە(یۆسف وزلێخای جامی)

٢)وەرگێڕانی قەسیدە عارەبییەکانی سەعدی

٣)فەرهەنگی گژ وگیا

٤)خاک وخۆڵ ،یانوختە ،خەتیکی تر

٥)کۆکردنەوەی هەندێ چیرۆکی کوردی،بە لێکۆڵینە وە **(نێوم نەناوە)**

٦)بیرە وەرییە کانی (کۆلیل)

Poem:

Omar Salehi Saheb (Kolil)

The bloody eyes of aurora

1998